# باغی ئەزموونو گوڵی فێربوون
# دیداری نووسەرانی بیانی


**ئامادەکردنو وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)**



**چاپی یەکەم**
2013



www.dengekan.com





**لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما**
**زنجیرەی**(145)

**سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب**
**ئیسماعیل کوردە**

**ناوی کتێب: باغی ئەزموونو گوڵی فێربوون**
**بابەت:دیدار**
**دیدارساز: عەبدوڵڵا سلێمان( مەشخەڵ)**
**بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس**
**دیزاین: نما**
**چاپی یەکەم: هەولێر/ کوردستان** 2013
**تیراژ:** 500
**نرخ:**3000**دینار**
**چاپخانە: شەهاب**



**مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە**



لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی"    "ی 2013ی پێدراوە

## پێشکەشە

بەو کچەی کە یەکەمجار لەهاوینی ساڵی 1983 گڕی لەدڵم بەردا و جگە لە گوڵێک لەسوتماک هیچی تری پێشکەش نەکردم...
بەو کچەی کەلە پایزی ساڵی 2000 ئاسمانی خۆلەمێشیی دڵمی ڕەواندەوە و لەجێی ئەو گوڵە سوتماکە چەپکێک گوڵی خۆشەویستی پێدام.

www.dengekan.com



## وتەیەکی زۆر کورت

ڕەنگە وەرگێرانی ئەم دیدارانە بەپێی پلان و بەرنامەیەک نەبووبێت، بەڵام کۆکردنەوەیان لەم کتێبە پلان و بەرنامەیەکی لەپشتەوەیە ئەویش ئەوەیە کە خوێنەری کورد شارەزایی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی نووسەران بێت. گرنگە خوێنەران لەزاری نووسەران خۆیانەوە لەو کۆشش و دۆخە تایبەتییانە تێبگەن کە نووسەران لەپرۆسەی نووسیندا ئەزموونی دەکەن. خوێنەران لەم کتێبەدا ڕووبەڕووی چەندین نووسەر دەبنەوە کە هەندێکیان تازەن لەدونیای نووسیندا و هەندێکیشیان ناودارن و مێژوویەک لەپشتیانەوە وەستاوە. وەرگێرانی ئەم ئەزموونانە و خستنە بەرچاویان لەم کتێبەدا ئەو بوارە بۆ خوێنەران فەراهەم دەکات تا لەو ئەزموونانە ورد ببنەوە و بزانن نووسەران لەکلاوڕۆژنەی ئەم دیدارانەوە دەیانەوێت چی بڵێن.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
کەنەدا، کانوونی یەکەمی 2012

**نووسەر و ڕۆماننووسی ئینگلیزی**

## ئیان مەکئیوان
## لەبەردەم دە پرسیاری خوێنەرانیدا



ئیـان مـەکئیوانی ڕۆمـاننووس و سیناریست لـە بیست و یـەکی مـانگی حوزەیرانی 1948 لە "ئەڵدەرشۆت" لە بەریتانیا لەدایک بووە.
بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی "سەسێکس"لە 1970 دا وەرگرتووە و بڕوانامەی ماجستێریشی هەر لە ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی "ئیست ئەنجیلە"وەرگرتووە. پاشان کۆرسی داهێنانی نووسینی وەرگرت کە ڕۆماننووسان "ماڵکەم برادبێری" و " ئەنگس ویلسن"دەیان ووتەوە.
کارەکانی مەکئیوان لەئاستی جیهاندا بۆتە مایەی گەلێ ڕەخنەی ستایشکەرانەی بۆی. لە ساڵی 1976 دا خەلاتی "سەمرێست مۆگهام" ی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆک"یەکەمین خۆشەویستی، دوواهەمین نەریت" وەرگرت. هەروەها خەلاتی " وویتبرێد" بۆ ڕۆمان لە ساڵی 1987 و خەلاتی "پریکس فێرمینا ئیترەنگەر"لە ساڵی 1993 سەبارەت بە "منداڵێک لە ناو زەمەن"،خەلاتی ئەڵمانی شەکسپیر لە 1999 وەردەگرێ. مەکئیوان چەند جار هەڵبژێردراوە بۆ خەلاتی"مان برۆکەر" بۆ ڕۆمان. هەروەها

www.dengekan.com



خەلات بۆ ڕۆمانی "ئەمستردام" لە 1998 و ڕۆمانی "پاکبوونەوە لە گوناە"خەلاتی ئەدەبی "و.ە.سمیس" ی ساڵی 2002 ی وەرگرت. خەلاتی کتێبی ڕەخنە"- خەلاتی بازنەی ڕۆمان- لەساڵی 2003 و خەلاتی "لۆس ئەنجلس تایمس" بۆ ڕۆمان لە 2003 و خەلاتی "سانتیاگۆ"بۆ ڕۆمانی ئەوروپی لە ساڵی 2004 وەرگرتووە. لە ساڵی 2000 لەلایەن سی بی ئی" یەوە خەلات کراوە. لە ساڵی 2006 دا خەلاتی " جەیمس تایت بلاک مێمۆریاڵ" ی بۆ ڕۆمانی"شەممە" بەدەست هێنا. هەروەها ڕۆمانی "لە کەناری چێسیلدا"بە کتێبی گەردوونی ساڵی 2008 لەلایەن خەلاتی "کتێبی بەریتانی"ەوە ناوزەدکرا، هەر ئەو شوێنەی کە مەکئیوان لە لایەن "ڕیدەرس دایگێست"ەوە بە نووسەری ساڵ دیاریکرا.
مەکئیوان خاوەنی یانزە ڕۆمان و دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆک و دوو ڕۆمانی منداڵان و یەک شانۆگەری و چوار سیناریۆ و یەک ئۆراتۆریۆ و یەک کتێبی ترە بەناوی قسە.

### ئەمەش دەقی پرسیارەکانە.

**پرسیار : چۆن ناوونیشانی ڕۆمان هەڵدەبژێریت؟**
**ئێدوارد تێرنەر – کەنەدا**

وەڵام : ڕۆمانەکانم هەمیشە زۆر بە پەشێوی دەست پێدەکەن. هەرگیز وەک هەڵبژاردنی ناوونیشان ڕوون هەستیی نەبووە. من شێوازی خۆم لەناویاندا ئەنووسمەوە. بۆیە من وریام کە ڕۆمانەکەم شتێک نەبێت وەک ئەوانی ترم. ماوە نا ماوە لە شتە بەراییەکانمەوە گەشت دەکەم.

پرسیار : تۆ دەربارەی کێشەگەلێکی تاریک و نارۆشن دەنووسیت. بۆ بەم شێوەیە دەنووسیت؟

ماهتۆت تێکە - ئەدیس ئابابا

وەڵام : تۆ تەماشای لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ بکە، ئێمە زۆر بەگرفتین و ئەدەبیش بەم ئاڕاستەیە ڕەنگانەوەی ئەو گرفتانەیە. هەر ئەزموونێکیش لە کۆمەڵگای مرۆیی بەرەو بەشێک لەو تاریکستانەت دەبات.

پرسیار : لە کارە نوێکانتا مەزنییەتێک ئەبینم بۆ کارە بەراییەکانت. لەوانەیە نووسینە بەجۆشەکانت بێت. ئایا تۆ قەت نووسینە بەراییەکانی خۆت دەخوێنیتەوە؟ ئایا لەو بڕوایەدای دەبێت بەشێوەیەکی جیاوازتر لێی نزیک ببیتەوە؟

دەیڤد پار – ئەمریکا

وەڵام : ماوە نا ماوە پێیاندا دەچمەوە و هیچ هەست بە پێویستی گۆڕان ناکەم تیایاندا. من کۆکم لەگەڵتا کە کارە بەراییەکانم تاریکتر بوون لەوانەی کە ئەمڕۆ دەیاننووسم، بەڵام لەو بڕوایەدانیم سادەتر بن. من کتێبی "بێتاوان"م شەش مانگ بەر لە ئێستا خوێندەوەو بەڕاستی چێژم لێبینی.

پرسیار : لە ڕۆمانی " کەناری چێسیڵ"دا هاوخەمی ئێدوارد و فلۆرێنس بووم. بەڵام هاوسەرەکەم لەگەڵ فلۆرێنسدا هاوخەم بوو. ئایا دەتەوێت خوێنەر لایەنی یەکێکیان بگرێ یان نا؟

نەسانیاڵ ویین – ئەمریکا

www.dengekan.com



وەڵام : بەدڵنیاییەوە، نا. حیکایەتخوان بەڕاستی دەیەوێت هاوسۆزی هەردووکیان بێت و گلەیی لا هیچیشیان نەکات.

پرسیار : ئایا چەند لێکۆڵینەوەت پێدەوێت بۆ داهێنانی کارەکتەرێکی وەکو نیورۆ نەشتەرگەری هەستەدەمار لە ڕۆمانی "شەممە"دا؟

جارێت برایەن – ئەمریکا

وەڵام : ئەو کتێبە بڕێک لێکۆڵینەوەی لێ ویستم. من نەشتەرگەری هەستەدەمار بینی و لەژێر باڵەکانیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵی گرتم. لەڕاستیدا هەستم بەکارکردن و ڕێوشوێن گرتنەبەر کرد لەگەڵیا. یەکجار لەو کارکردنەدا سەبارەت بە نەشتەرگەری هەستەدەمار هەڵە بووم.

پرسیار : کارەکتەر لە ڕۆمانی "شەممە" دا سەبارەت بە داگیرکردنی عێراق بە هەستەکانی خەبات دەکات. ئەمە چەند جیاواز دەبێت کەئەگەر ئەمڕۆ بینووسیت، واتا دوو ساڵ پاشتر؟

دان مۆنتگۆمەری – ئەمریکا

وەڵام : لەو بڕوایەدام پاڵەوان ڕووی لەو هیوایەیە کە خۆزگە ڕووی نەدایە. داگیرکردنەکە لەیەکەم ڕۆژەوە کارەسات بوو و منیش وەکو یەکێک کەبەڕاستی بیەوێت - کەیەکجار دەستی پێکرد بەڕاستی سەربکەوێت- بۆیە وای دەبینم ئەبێتە ڕۆمانێکی تاریکتر چونکە هیچ شتێکی پاکی لە وتن یان لە هەڵاتنی تێدا نابینم.

پرسیار : تۆ کە کتێب دەنووسیت پێشبینی ئەوە دەکەیت کە بەشێوەیەک کاریگەری بەسەر خوێنەرانت بەجێبهێڵی؟

جو هوانگ – ئەمریکا

وەڵام : خوێنەر لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر زۆر جیاوازە. زۆر زەحمەتە جێگایەک لەنێو نووسینەکەت داگیر بکەن. من وای دەبینم کە خوێندنەوە وەکو نووسین وەکو سەفەر وایە. من لێیان دەگەڕێم چیان دەوێت بیبەن.

پرسیار : هەست بە چی دەکەیت سەبارەت بە کورتە دەستبەسەرییەکەت لەلایەن ئۆفیسەری کۆچ و کۆچباری ئەمریکی چەند ساڵ پێش ئێستا و تەنگوچەڵەمەی پەناهەندە لەمرۆدا؟

سەلوە گرایسی - سانتیاگۆ

وەڵام :شتەکانی خۆم (بیست و چوارسەعات لەگەڵ خستنە بەندیخانەوە) کێشەیەکی گەوجەی بیرۆکراتی بوو. نەمدەتوانی پەروەندەی خۆم لەگەڵ ئەو پەناهەندانەی کەلە باشوورەوە دێن بەراورد بکەم. کۆمەڵگا لە جووڵە و داهێنان دایە ئەگەر هاوڵاتییان لەزۆربەی ڕەگەزە جیاجیاکان هەڵبژێردرێن. بەڵام لەو بڕوایەدام نابێت خۆمان بە تاوانبارکردنی کەسەوە ببەستینەوە کە ژمارەیەک کێشە وەکو ڕەگەزپەرستێک دەوروژێنن.

پرسیار : چی دەڵێی سەبارەت بە کەمبوونەوەی ڕانانی ئەدەبی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان؟

جنیڤیف پاوەر – ئەمەریکا

www.dengekan.com



وەڵام : گرفتەکە لە ڕاستیدا بەشێکی بچووکە لە بەشێکی گەورەتر کەڕەتکردنەوەی ڕۆژنامەکانە. دەزگاکانی چاپ و پەخش پێدەچێت زۆر و تاڕادەی باوەشکردن وابەستەی ئینتەرنێت بن. بەڵام من هێندە کاتم نییە بۆ ماڵپەڕێکی باش کە خوێنەران سەرجەم ڕانان و لێکۆڵینەوەکانیان لێیدا ئەنجام دەدەن. ڕانان کارامەیی و زانیاری و هەڵسەنگاندنی دەوێت. من هێندە لە بیروڕای جیاوازدا ساویلکە نیم کە تێڕوانینی کەسێک وەکو کەسێکی تر ببینم.

پرسیار : تۆ وەکو ڕۆماننووسێک لەقەڵەم دراوی کە تێژبینییەکی قووڵت هەیە لە ڕەوشی مرۆڤ. پێشبینیت چییە لەم بارەیەوە؟

ئاردۆس ڕەسەرفۆرد – ئەمریکا

وەڵام : (پێکەنین) وا بزانم پوختەی سەرجەم ڕۆمانەکانم دەبێتە وەڵامی ئەم پرسیارە. زۆر قووڕسە ڕەوشی مرۆڤ لە دوو دێڕدا باش بکەی، بەڵام لەو بڕوایەدام بوار هەیە بۆ گەشبینی.

سەرچاوەکان :

1- http://www.time.com/time/magazine/article/0,9171,1630547,00.html
2- http://www.ianmcewan.com/
3- http://en.wikipedia.org/wiki/Ian_McEwan

## تێکشکان

### دواهەمین ڕۆمانی مایکڵ کرامی
### لەتێکشکانی جەنگ و خۆشەویستییەوە لەدایک بووە.

سازدانی چاوپێکەوتن: سکات سێڵەرس



لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی " دزەکانی دەریا "،مایکل کرامی وەکو یەکێک لە ڕۆشنبیرترین نووسەری کەنەدی بەرەو پێشیّ هەنگاوی نا. ڕۆمانەکە لەسەرتاسەری کەنەدا بەجۆشەوە ڕامانی لەسەر کراو خوێندرایەوە و چووە نێو ئەو لیستە کورت و بەشکۆیەی خەڵاتی گیللەر و هەروەها بوو بە پڕ فرۆشترین کتێب لەکەنەدا.
ئەم پایزە مایکڵ کرامی لەگەڵ "تێکشکان"دا گەڕایەوە، چیرۆکی خۆشەویستییەکی مەزنە کە بەچاونەپۆشین و هێزەکانی شەڕ وردوخاش ئەبیّ. مایکڵ لەو دواییانە دانیشت بۆ گفتوگۆیەکی بەرفراوان.

پرسیار : پاش تەواوکردنی نووسینی " دزەکانی دەریا " بەتەواوی پێتەوە دیار بوو بەوەی کە بیرت لەوە نەئەکردەوە هەوڵی نووسینی ڕۆمانێکی نویّ بدەی. چی ئەزموونی نووسینی یەکەم ڕۆمانتی قوورس کرد؟

مایکڵ کرامی : ئەوکات وام هەست ئەکرد بێجگە لە من هیچ کەسێکی تر کاتێکی ناخۆشی نەبووە لە نووسینی ڕۆماندا و هەروەها ئەوەشم گەڕاندەوە بۆ کەموکوڕی ڕۆشنبیری یان نا شارەزایی و پسپۆڕی خۆم. ئیتر لەوساوە لەلایەن نووسەرانی ترەوە هاندرام بەوەی کە نائومێدی بەشێکە لە پرۆسەی نووسین. تۆ ناچیت لەڕاکردنی ماراسۆندا بەشدار

بیت بێ نارەحەتییەکی زۆر و چرکەساتگەلێکی مەحاڵ بۆ تەواوکردن. ئەمە بۆ ڕۆمانیش دروستە. نووسینی ڕۆمان وەکو پرۆسەیەکی ناسروشتی زگماکی وایە - وەکو بڕیاردان بۆ بیست و شەش میل ڕاکردن — کە ئەو خۆ تێ هاویشتنەش ئازاربەخشە.

هەندێک ئەڵێن شتەکان بڕێک چاکتر لەجاران چوونەتە پێشێ. تۆ لەهەڵەوە فێر ئەبیت. ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێت. لەسەرەخۆ هەنگاو بنێ. خۆت ئامادە بکە. ئەتوانی زۆر شت بکەی بۆ کەمکردنەوەی نێگەتیڤەکان. من کاتێکی زۆرم بەخەرجدا بۆ بیرکردنەوە لەڕۆمانی "تێکشکان" پێش ئەوەی دەست بەنووسینی بکەم و هەروەها ئەبوایە زۆربەی خاڵەکانی گرێچنە و کارەکتەرەکانم ئامادە بکردایە. ئەمەش بەو مانایە بوو کە کەمترین کاتم هەبوو بۆ مێشک گووشین بۆ بیرکردنەوە لەوەی کەچۆن کاراکتەرێک لە خاڵی "ئەلیف"ەوە دەگوازمەوە بۆ خاڵی "بێ" . یان دۆزینەوەی جێگاوشوێنی دروستی خاڵی"بێ" .

پرسیار : ڕۆمانی "تێکشکان" زۆر لە ڕۆمانی "دزەکانی دەریا" جیاوازترە لە ڕووی شێواز و جۆری دەربڕینەوە. ئەو بەرەنگاربوونەوەیە لەکوێوە ڕووبەڕووت بۆوە کە دانیشتی دووەمین ڕۆمانی خۆت نووسی؟

مایکل کرامی : گەورەترین بەرەنگاربوونەوە لە مێشکی مندا ئەوە بوو کە خۆم دووبارە نەکەمەوە. نەمدەویست کتێبێکی تر وەکو "دزەکانی دەریا" بنووسمەوە. دەنگ و ئاوازی ئەو کتێبە و شێوازی قەدنەکراوی چیرۆکەکە زۆر زیندوو هاتنە بەرچاو. قسە لەسەر تاریکییە،هەموو ڕەنگەکان ئەڕژێنە نێو یەکترەوە. هیچکام لە کارەکتەرەکان پێناچێ بزانن کە چی ئەگوزەرێ، بەتایبەتیش گەر بیر لەوە بکەنەوە کە

www.dengekan.com



ئەیکەن. جۆرەکانی دەربڕینی پشتەوەی چیرۆک و ڕۆمان بەدەوری خۆیاندا ئەسوڕێنەوە. ئەمەش لەبێئاگاییەوە نەبووە،بەڵکو لەو شێوازەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێئەچێت ڕێک بەبەری پڕۆژەکە بوبێت. جا کەدەستم بە نووسینی کتێبەکە کرد سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ئەبێت ڕێک بەپێچەوانەی سەرەتاوە بم. من چیرۆکێکی سادەترم ئەویست. چیرۆکخوانی بزێوترم ئەویست. کتێبێکم ئەویست کە یەک دوو پێکەنینی تێدا بێت. ئەمەش لەو بڕوایەدام کە گرنگترین خاڵی جیاوازی نیوفاونڵاندییەکانە کە توانای دۆزینەوەی گاڵتەئامێزییان هەیە( لەوانەیە بیرکردنەوەکە ڕەشیش بێ) جا لەهەر بارودۆخێکدا بێت.

پرسیار : وەک ڕۆماننووسێک، شارەزایت لەبواری نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک چ یارمەتی دەرێکت بوو؟
مایکڵ کرامی : دەستنیشانکردنی ئەمە کارێکی ئاسان نییە. من لەسەرەتاوە بە شیعر دەستم پێکرد و لەوێشەوە زۆربەی ئازارەکان بالایان کرد و گەورەبوون.ساڵەهای ساڵی نووسینیش بەڕاستی شتێکی باش نییە. هەروەها لەمیانی ئەو پرۆسەیەدا پێموایە جۆرە دەنگێکی خۆمم گەشەپێداوە لەگەڵ ئەوەی کە چ کارێک بەکەڵکی ئەوە دێت بخرێتە سەر کاغەز یان نەکرێت. چیرۆک لەگەڵ سەرجەم کێشە و کایەکانی چیرۆکخوانی کۆمەکی کردووم، وەک ئەوەی چۆن چیرۆکەکان پێکەوە ئەلکێنی و چۆن لەسیاقی زەمەنیشدا پاش و پێشیان پێئەکەی. هەروەها سەرجەم شتگەلە میکانیکییەکانیش بەشدارن کە ڕاستەوخۆ توانای جێگۆڕکێیان هەیە، بۆ نموونە وەکو نووسینی دایەلۆگی گونجاو، یان نیشاندانی دیمەنی ئەو جەستە زەبەلاحەی کەکارەکتەرەکانی تێدا ئەژێت. لەبەر ئەمەشە ناتوانرێت بگوترێت کە شیعر و چیرۆک

پەیژەیەکی بەردینن بۆ نووسینی ڕۆمان. ڕووبەڕوو بوونەوە و یاداشتی هەر ژانرێک بەتەواوەتی جیاوازن. لەڕاستیدا هیچ شتێکم وەک شاعیر و چیرۆکنووسی نەکردووە کە تا بۆ نووسینی ڕۆمان ئامادەم بکات. ڕۆمان بەتەواوی گیاندارێکی جیاوازە.

پرسیار : "تێکشکان" ڕۆمانێکی مەزنە لە پیاهەڵدان لە نیوفاونلاندەوە بۆ باشووری پاسیفیک کەبەدرێژایی پەنجا ساڵ درێژ بۆتەوە. بیرۆکەی ڕۆمانەکە لەکوێوە هاتووە؟

مایکڵ کرامی : میکرۆبی ئەسڵی بیرۆکەکە چیرۆکێکی خێزانییە. مامێکم هەبوو کەلە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم ئەچێتە ئەودیوی زەریاکان. ئەو مامەیەم پێش ئەوەی بڕوات خۆشەویستێکی هەبوو لە شاری ساینت جۆنز، ئەو کچە دوای کوژرانی مامم لە کردەیەکی سەربازیدا، شتێکی ئەوتۆی پێنەگوترا. پەنجا ساڵ دواتر ڕاستییەکانی زانی کە چی بەسەر مامدا هاتووە. من هەمیشە پێموابوو کە ئەم چیرۆکە باشترین بیرۆکەیە بۆ ڕۆمان. بەڵام شتێک نەبوو بمبەستێتەوە پێوەی، هیچ شتێکی قووڵ نەبوو قایلم بکات بەوەی دوو ساڵ لەتەمەنی خۆم تەرخان بکەم بۆ نووسینی ئەو چیرۆکە.
سەرنووسیارەکەم "مارسا کانیا- فۆرستنەر لە " دەبڵدەی کەنەدا" ئەیزانی بیرم لە دەستەواژە نادیارەکانی جەنگی جیهانی دووەم ئەکردەوە و سێ ساڵ لەمەوبەر کتێبێکی بۆ ناردم بەناوی " بەڵگەکانی شانازی" لە نوسینی "بلەیک هیچکۆت" بوو. ئەم کتێبە کەنەدییە ڕزگاربووەکانی جەنگی جیهانی دووەمی بە ڕێژەیەکی زۆر لەخۆگرتبوو. من لەو کتێبە بە پیاوێکەوە گیرسامەوە کە وەکو دیلی جەنگ لەلایەن یابانییەکانەوە لە هۆنگ کۆنگ دەستبەسەر بوو. ئەو پیاوە باسی



سەربازێکی یابانی ئەکات کە ڕقی زۆر لە کەنەدییەکان ئەبێتەوە و بەتایبەتیش سادییە لەبەرامبەریان. هۆی ئەم ڕقلێبوونەوە ژەهراوییەش ئەوە بوو کەلە بریتیش کۆڵۆمبیا گەورە ببوو. بەهۆی ئەو ڕاسیزمەی کەلەوێدا هەبوو، ئەم کابرایە پشتیوانی بۆ پەیدا ببوو. من لەسەروبەندی وەئاگا هاتنەوەی یانزەی سپتەمبەرەوە زۆر بیرم لە تیرەگەری، ڕاسیزم، قین و ڕق، ئیمپریالیزم، کۆڵۆنیالیزم، و کۆمەڵێ "ئیزم"ی تر ئەکردەوە. چیرۆکی" مندالی کاملوپس" وەک کەنەدییەکان وای پێئەڵێن، پێئەچێت پەردەپۆشی کۆمەڵی گرفت بگات. یەکسەر زانیم من کاراکتەرێکی لەو چەشنەم ئەوێت.
سەرەکیترین کێشەیەک کە ڕووبەڕووی بوومەوە ئەو ڕاستییە بوو کە تا ئەو جێگەیەی من بزانم هیچ نیوفاونلاندەرییەک لە شانۆی پاسیفیک نەبووە. نەم ئەزانی چۆن لەگەڵ ئەم گرفتە بەرخورد بکەم. بەڵام هەمان هەفتە کتێبی "بەڵگەکانی شانازی" م پێگەیشت و لە تەلەفیزیۆنی CBC ش فیلمێکی دۆکیومێنتەریی لەلایەن "ڕێگ شێرن"ئامادەکراو لەژێر ناوی"گەڕانەوە بۆ ناگازاکی". کە دەربارەی دوایین ساتەکانی دیلە کەنەدییەکان بوو لەکاتی بۆردومانی ئەتۆمی، لەلایەن پیاوێکەوە کەناوی"جۆن فۆرد"بوو. لەهەمووی ناخۆشتریش جۆن فۆرد خەڵکی نیوفاونلاند بوو. جۆن لەبری پەیوەستبوون بە فەوجەکانی نیوفاونلاند، بە سوپای بەریتانیاوە پەیوەست ببوو، و لە سەنگافور برینداربوو و بە دیل گیرابوو. لەناکاودا زانیم لەدەرەوەی پێشبڕکێکەم.

پرسیار : ئەتوانی بڕێک زیاتر لەسەر کاراکتەری نیشینۆ قسان بکەی، وەرگێڕی ناپەسندی کەمپی زیندانی یابانی. ئەم کاراکتەرە چۆن وردە وردە گۆڕا؟

مایکڵ کرامی : نیشنۆ یەکێک بوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە ڕاستییەکانی ناو ئەو کتێبە، زۆر بە سادەیی هەر لەبەر ئەوەی شارەزایی لەدونیا، لە باکگراوند و کلتور،زۆر دوور لەدەرەوەی خودی خۆم هەبوو. وەک پێشتر باسم کرد بیرۆکەی نیشینۆ لە حیکایەتی کەنەدییە ڕزگاربووەکانی جەنگەوە وەرگیراوە کە سەبارەت بە سادیی بوونی پاسەوانێکی زیندانەکەیە کەلە کەنەدا گەورە بووە.
بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەین کە چی بە مێشکی ئەو کەسەدا گوزەراوە، هەندێک لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەو یابانی-کەنەدییانەی پێش و لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم ئەنجامدا، کەلەڕاستیدا زۆر سەرنجڕاکێش بوون لە دابەشبوونی سروشتی وەفاداری لەنێوانیاندا. زۆرێک لەو مێردمنداڵانەی کە زۆرجار خۆیان وەک کەنەدییەک ئەبینن تەنانەت کاتێک کە خودی کەنەدا بەڕەسمی نایانناسێ. لەسەر "دەیڤد سوزوکی" (1)گێرسامەوە کە گوێم لێبوو باسی ئەوەی ئەکرد کەچۆن لەکەمپی دەست بەسەریدا لەلایەن منداڵە یابانی- کەنەدییەکانەوە لێیدراوە هەر تەنها لەبەر ئەوەی هیوای ئەوەی خواستووە کە کەنەدا و هاوپەیمانەکانی بەسەر یاباندا زاڵ ببن. دەیڤد نەیئەتوانی خەیاڵی هیچ شتێکی تر بکات بێجگە لەوەی کە ببێتە هاوڵاتییەکی کەنەدی و هیچیتر.
کارەکتەرێکی زۆر لە کتێبەکە بەوە ئەگەن کە لەنێو خودی خۆیاندا ئەو شتانە بدۆزنەوە کە لەلای خەڵکانی تردا جێی قێزلێبوونەوەن. ئەوە بەو ڕاستییە ئەگەن کە دوژمن بەم شێوە یان بەو شێوە لەنێو سینەی خۆماندا هەیەو نیشینۆش کە بەتوندی هەموو شتێک ڕەت ئەکاتەوە سەبارەت بەو جێگایەی لێی گەورەبووە و بەئاشکرا ئەوەش ئەبینێ کە

www.dengekan.com



دژی هیواو خواستەکانیەتی و بە ئەندازەی کەنەدی بوونەکەشی ،یابانیشە.
پرسیار : یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە "تێکشکان"دا دەریئەهاوێژی سروشتی لێنەبووردەییە؛ یان وردتر بڵێین قەوارەی لێنەبووردەییە بۆ سەرکێشی هەلی لەیەکتر حاڵیبوون. ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕوانینی تۆیە بۆ جیهانی ئەمڕۆ؟

مایکل گرامی : بە دڵنیاییەوە. بەڕاستی من حەز بە نووسینەوەی مێژوو ناکەم. هەردوو ڕۆمانەکانم سەبارەت بە ڕابردوون، بەڵام تا ئەو شوێنە جێی ڕەزامەندی منن کە لێمئەگەڕێن هاوچەرخی و جێی بایەخی کەسەکان ببینمەوە. چیرۆکی "تێکشکان"وا دێتە بەرچاو وەک شوێنێکی خەیاڵی کەکاری تێدا بکەی لەمیانی خودی خۆمەوە بەوەی کە لە یانزەی سپتەمبەر بەدواوە چی لە جیهاندا ڕوو ئەدات. مەبەستم ئەوە نییە کە یەک بە یەکی پەیوەندییەکانی نێوان ڕابردوو و ئێستا چۆنن، یان ئەوەی کە چیرۆکی "تێکشکان" بەسادەیی چیرۆکێکی پەندئامێزە ئەخوازێ ڕاستەوخۆ ڕووی دەم لە بۆش و بن لادن بکات. چیرۆکێکە بوونی خۆی لەسەر کەوتن و هەڵسانەوەی خودی لێهاتوویی خۆی بەندە. بەڵام هەستم بەوە کرد کە هاوڕێکییەکی زۆر لەچیرۆکەکە دەست پێئەکا و شکڵگیر ئەبێ کاتێ دەستم بە نووسینی ڕۆمانەکە کرد یان لەکاتی ڕووداوەکانی جیهانی هاوچەرخدا، دیارە ئەمەش بەشێک بوو لەو بایەخەی من.
ژمارەیەکی زۆری کارەکتەرەکانی "تێکشکان" هەست ئەکەن خەریکی نواندنن یان لەلایەن ڕێنوێنیکەرێکەوە یان چاودێرێکی ئاسمانییەوە بەرەو چارەنووس ڕێنوێنی ئەکرێن. هەندێکیان بەوە ئەگەن کەبەتەواوەتی خۆشحاڵن کە ببنە بەشێک لە چاوشۆڕی و لەئاکامی

ئەمەش هەڵسوکەوتی نابەجێ ئەکەن. ئازاد بە لەبیرکردنەوە لە بۆش و بن لادن لەم نموونە تایبەتە. من ئەمویست شوێن پێی ئەو کارەکتەرە هەڵگرم کە پێیوایە دەرک کردنی ئەو بەو بەخشندە ئاسمانییەی کە ئەمی هەڵگرتووە، قسەی بەتاڵن.

پرسیار : هەردوو ڕۆمانی "دزەکانی دەریا" و " تێکشکان" ڕۆمانی مێژوویین. ئایا ڕۆمانووس بەرپرسیارە لە وردکردنەوەی مێژوو یان بەرپرسیارە لە وتنی چیرۆکێکی چاک؟

مایکل کرامی : ئەمە پرسیارێکی قورسە. یان وردتر بڵێم وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆزە. من لەڕاستیدا بڕوام بە " چیرۆکی باش هەموو شتێکە" هەبوو، بەڵام کتێبێک دەبارەی نیوفاونڵاند لەلایەن نووسەرێکی ئەمەریکییەوە ئەم هەڵوێستەی لاگۆڕیم. مەبەستم "هەواڵە نێردراوەکان" نییە. زۆرێک لە نیوفاونڵاندەکان( بەدایکیشمەوە) ئەو کتێبەیان پێخۆش نەبوو چونکە هەستیان بە شێواندنی ڕاستییەکانی نیوفاونڵاند ئەکرد، لێرەشەوە شوێن بەهەڵە بەکارهێنراوە. بەڵام من بەجۆرێکی تر بۆی ئەچم. من بیرم لە پرۆلکس ئەکردەوە وەک نووسەرێکی گۆتی و " هەواڵە نێردراوەکان"یش وەک گۆتی نیوفاونڵاندە.(2) وێنای ئەو بۆ ئەمریکا لەم کتێبەدا وەکو گۆتییەک شێواوە. خوێنەر ناتوانێ هیچ شوێنێک لەسەر دونیای واقیعدا بدۆزێتەوە. هەرچەندە هەندێ ڕەگەز لە نیوفاونڵاند و ئەمریکادا هەن کە وێنای هەستکردن بەرەو ڕەسەنایەتییان ئەبات. تەواوی هەڵبژاردنەکان وەک نووسەرێک بەرەو ڕەسەنایەتی بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکی باشە و من هیچ گرفتێکم لەگەڵیدا نییە.

www.dengekan.com



بەڵام سەبارەت بەم پرۆسیسە ئەوەش هەیە کە بەنیسبەت خۆمەوە بێڕێزییەکی پێوە دیارە. کتێبەکە جێوشوێنی منی لەو پرسیارەدا گۆڕی کەلە گوندێکی بچووکی نیوفاونڵاند لەسەدەی بیستەمدا ئەدوێت. زۆربەی خەڵکی ئێرە ئێواران لە چێشتخانەیەکدا بەسەر ئەبەن. کەئەمەش بێمانایە. لەم گوندە بچووکە هیچ چێشتخانەیەکی لێ نییە. خەڵک هێندە پارەیان هەبووە کەهەر بەشی خۆیان بکات. نووسەرەکە نەیتوانیوە پەیوەندییەکی چیرۆکەکە بە واقیعەوە دەستنیشان بکات. ڕۆمانەکە هەندێ قسەی تێدایە سەبارەت بە نەیتیڤەکانی"بیۆسوک"(3) کە بازرگانی لە دوکانە ناوخۆییەکان ئەکەن. لەڕێی خوا کتێبەکە نینۆکی لێ ڕوانم.
جا جیاوازییەکان چی بوون؟ ناتوانم هیچ بڵێم. بەڵام ئەبوایە شتێک لەگەڵ پاقژی و ڕێز ،لەگەڵ ڕەسەنیدا بکرێت. بەپەیامکردنی ڕاستییەکانی مێژوو و کلتور و شوێن و جێکردنەوەیان لە چیرۆک ڕێگای خۆی هەیە لە پاداشتی ئەو مەتریاڵانەیە کەبەکار هاتوون. هەروەها ڕێگەی تایبەتیش هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم مەتریاڵەش کە ناوزڕاندن و بێڕێزی لێئەبێتەوە.
لەهەردوو ڕۆمانەکەم کۆششی زۆرم کردووە بۆ دەستگرتن بە میسۆدی یەکەمەوە.

## دەربارەی مایکڵ کرامی

مایکڵ کرامی ڕۆماننوس و شاعیر و نووسەری کەنەدی لە هەژدەی تشرینی دووەمی 1965 لە بوچانس لە نیوفاونڵاند لەدایک بووە. مایکڵ کوڕی دووەمین کوڕی خێزانەکەیەتی. مایکڵ ئەو کاتەی قوتابی بوو لە زانکۆی مێمۆریاڵ لە ساین جۆنز دەستی بە شیعر نوسین کردووە

و بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە 1987 دا هەر لەو زانکۆیە بەدەست هێنا. لە ساڵی 1988 ماستەریشی لە زانکۆی کوین لە کینگستۆن لە ئۆنتاریۆ وەرگرتووە. دواتریش لە ساڵی 1989 واز لە دکتۆراکەی ئەهێنێ و وەک کار دەست ئەکات بە نووسین. وە لە ساڵی 2001 وە ئەگەڕێتەوە بۆ ساین جۆنز.
مایکڵ کرامی گەلێ کاری جیاجیای کردووە وەکو وتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە چین بۆ ماوەی شەش مانگ لە 1991 و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و ئاشپەزی و بوتڵ شوشتن بۆ ڕۆژی جیهانی بۆ پاڵپشتی لەخەڵکی گواتیمالا و لەم دواییانەش خزمەتی بەرژەوەندی گشتی گروپ- کینگستۆنی ئۆنتاریۆ کردووە..
مایکڵ لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی " ج گریگۆری" بۆ شیعر لە زانکۆی مێمۆریاڵ لە 1986، بەردەوام ئەبێت لە نووسینی شیعر و پەخشان تا لە ساڵی 1994 ئەبێتە وەرگری یەکەمین خەڵاتی بڕۆنوێن وەیڵس مێمۆریاڵ بۆ نووسەرە لاوەکان. یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی "مشتومڕ لەگەڵ مەترسی" لە 1996 دا بڵاو کردەوە کە خەڵاتی ڕایتەر ئەلایەنسی نیوفاونڵاند و لابرەدۆر بۆ کتێبی شیعر پێبەخشرا. دووەمین کۆمەڵە شیعریشی بەناوی ڕووناکی تێر لە 1988 بڵاوکردەوە کە ئەم دیوانەشی لەساڵی 1999 هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "میڵتۆن ئەکۆرن" بۆ شیعر. لەساڵی 1998 دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی " گۆشت و خوێن" بڵاوکردەوە و هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتی جۆرنی.
ڕۆمانی دزەکانی دەریا کەلە ساڵی 2001 دا بڵاو کرایەوە بووە پڕفرۆشترین کتێبی کەنەدی و خەڵاتی " تۆماس هێد ڕەدەڵ"، کەخەڵاتێکە بۆ چاکترین نووسەری نیوفاونڵاند و هەروەها خەڵاتی هەڵبژاردنی کتێب فرۆشی ئەتڵەنتیک ئیندیپێندێنت"ی وەرگرت. بێجگە لەمانەش هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتەکانی گیللەر و کۆمۆن وێڵس ڕایتەر و

www.dengekan.com



یەکەمین کتێبە ڕۆمانی کەنەدی و ئیمپاک. دووەمین ڕۆمانیشی " تێکشکان" کەلە ساڵی 2005 دا بڵاوکرایەوە، بۆ خەڵاتی ئیمپاک هەڵبژێردرا.
نووسینەکانی کرامی زۆرتر لەسەر مێژوو و سروشتی نیوفاونڵاند و لابرەدۆرە. شیعر و پەخشانەکانی مایکڵ لە کتێبی " ڕووناکی تێر" ئیلهامیان لە چیرۆکەکانی باوکی و کەسە نزیکەکانی وەرگرتووە. کورتە چیرۆکەکانیشی لە کتێبی "گۆشت و خوێن" دەربارەی زێدی لەدایک بوونین و ڕۆمانەکانیشی ئەتوانرێ وەکو ڕۆمانی مێژوویی چاو لێبکرێن.
مایکڵ دەست کورترین کەسی خێزانەکەیەتی و بە پێچەوانەی براکانی کە گوزەرانیان باشە، ئەم لە هەژاریدا ژیان بەسەر ئەبات. مایکڵ خاوەنی پێنج کۆمەڵە شیعر و یەک کۆمەڵە چیرۆک و سێ ڕۆمان و کتێبێکی نووسینە لەسەر نیوفاونڵاند(4)

**تێبینیەکانی وەرگێڕ :**

(1) دەیڤد سوزوکی : دکتۆر دەیڤد تاکایوشی سوزوکی ئەکادیمستی یابانی – کەنەدییە لە ساڵی 1936 لەدایک بووە و
ژینگە ناسێکی بلیمەت و زانایەکی لێهاتووە و لە بیست و سێ زانکۆی کەنەدی و ئەمریکی و ئوسترالی بڕوانامەی فەخری پێبەخشراوە و خاوەنی ژمارەیەک کتێبی بەدانسقەیە. دەیڤد سوزوکی ئێستاش لە ڤانکۆڤەر لە کەنەدا ئەژێت.

(2) ئێدنە ئانی پرۆلکس ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە ساڵی 1935 لە ئەمریکا لەدایک بووە. دووەم ڕۆمانی"هەواڵە نێردراوەکان" ی لە 1993 نووسیوە، کەخەڵاتی پۆلیتزەر و خەڵاتی کتێبی میللی لە 1994 وەرگرتووە و هەروەها لە ساڵی 2001 یش کراوەتە فیلم.

(3) بیۆسۆک : نەیتیڤەکانی نیوفاونڵاندن لە سەدەی پانزەهەم و شانزەهەم کاتێ ئەوروپییەکان هاتنە سەر خاکی کەنەدا  ئەم نەیتیڤانە لەو سەرخاکە دەژیان.

(4) ژیاننامەی مایکڵ کرامی  لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەدا نییە و خۆم وەرمگێڕان و خستمە پاڵ چاوپێکەوتنەکە تا خوێنەری کورد باشتر مایکڵ کرامی بناسن

سەرچاوەکان :


1- Read magazine  Volume 6 issue 1 pages 6,7,and8
2- http://en.wikipedia.org/wiki/Michael_Crummey
3- http://www.library.utoronto.ca/canpoetry/crummey/index.htm


تێبینی : ئەم نووسینە لە گۆڤاری "نەوشەفەق" ژمارە 76ی ساڵی 2010 بڵاو کراوەتەوە و لێرەش دەستکاریم کردۆتەوە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ "ئیما دۆنۆهیو"ی ڕۆماننووسی مۆدێرنی ئێرلەندی – کەنەدی

سازدانی : سارا ئۆلێری

www.dengekan.com





ئیما دۆنۆهیو لە بیست و چواری تشرینی یەکەمی 1969 لە دوبلن لە ئێرلەندە لەدایک بووە. ئیما هەشتەمین منداڵی خێزانەکەیەتی. ئیما دۆنۆهیو شانۆنووس و مێژوونووسی ئەدەبی و ڕۆمانووسە. باوکی ڕەخنەگری ئەدەبی بووە. ئیما بەکالۆریۆسی لە هونەر لە ساڵی 1990 لە زانکۆی کۆلیژی دوبلن لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگرتووە و دکتۆراشی لە ساڵی 1997دا لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی کامبریج بەدەست هێناوە کەلەسەر تێگەیشتنی هاوڕێیەتی نێوان ژن و پیاوە لە ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەهەم. ئیما لە ساڵی 1998 دێتە کەنەدا و لە ساڵی 2004 ئەبێتە هاوڵاتی کەنەدی و ئێستاش لە شاری لەندەن لە هەرێمی ئۆنتاریۆ لەگەڵ هاودەمەکەی و هەردوو منداڵەکەی دەژێت.

بەرهەمەکانی ئیما بریتین لە حەوت ڕۆمان و چوار کۆمەڵە کورتە چیرۆک و چوار درامای شانۆیی و پێنج درامای ڕادیۆیی و سیناریۆیەک و سێ کتێبی ئەدەبی مێژوویی لەگەڵ ئامادەکردن و سەرپەرشتکردنی دوو

کتێب . شایانی باسە ئیما دۆنۆهیو تا ئێستا یانزە خەڵاتی ئەدەبی جیاجیای پێبەخشراوە. ڕۆمانەکانی ئیما بۆ زمانەکانی هۆڵەندی و ئەڵمانی و سویدی و ئیسپانی و عیبری و یۆنانی و فەرەنسی و ئیتاڵی و پورتوگی و کەتەلانی وەرگێڕدراون. ئیما لەتەمەنی بیست و سێ ساڵییەوە نووسین بۆتە پیشەی و لەسەر نووسین دەژێت. ئیما ئەندامی کۆمەڵەی دانەرانی کەنەدی و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کەنەدایە.
ئیما لەساڵی 2004 بەشداری فیستیڤاڵی ساڵانەی خوێنەران و نووسەرانی کرد لە شاری ڤانکۆڤەر و سارا ئۆلێری ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز داوە .

سارا ئۆلیری : کارەکتەرە سەرەکییەکان و وە لەڕاستیدا زۆربەی کارەکتەرە ناسەرەکییەکانیش لەڕۆمانی "ماسکی ژیان" فیگەرێکی مێژووییان هەیە. چ شتێک سەرنجتی بۆ لای ئانا دەیمەر، ماری بێری، و ئلیزا فارن ڕاکێشا؟

ئیما دۆنۆهیو : لە حاڵەتی ئانا دەیمەر پێموایە نارۆشنییەک لە کەسایەتییەکەیدا هەبوو لەسەروبەندی ئەوەی کە ئافرەتێکی ئینگلیزی خۆی وەکو خۆشەویستێکی ئافرەت لەسەردەمی خۆیدا دەرخست. هەلومەرجی ئلیزا فارن وەک کچێکی ناوداری عازەب لەتەمەنێکدا کاتێ ئەکتەربوون تەقریبەن هاو واتا بوو لەگەڵ لەشفرۆشی، سەرنجی ڕاکێشام. لۆرد دێبریش ڕایکێشام بەرەو تێکەڵاوی ناکۆکی باوەڕ بەخۆبوون ( هەروەک ملیۆنێرێکی ئەرستۆکرات) و لاوازی (وەکو دەزگیرانی ئلیزا). بانگ و تکای ماری بێری بۆ من خۆ ڕۆشنبیرکردن و سەرسەختی و ئەڤیندارییە کە نایەوێ لە تەنکاودا بژێت، بەدوای ژیانی بەرزەوەیە.

www.dengekan.com



سارا ئۆلیری : چ شتێک سەبارەت بە سەدەی هەژدەهەم شوێنی بایەخی ئێوەیە؟

ئیما دۆناهو : ئەڵقەی سەرەتایی ئەو ڕووداوە سەختە کارنامەی تەواوکردنی قوتابخانەم بوو سەبارەت بە ڕۆمانی سەدەی هەژدەهەم، بەڵام ئەو سەدەیەم لە دوو ڕۆماندا دۆزییەوە چونکە بەردەوام دەیان تاساندم وەکو حەوجۆشی مۆدێرنێتە. ئەوە سەرەتایەکی بەهێز بوو لە شار و سکۆلار و کۆمەڵگای دیموکراتی. هەروەها لەوەشەوە دەستی پێکرد مشتومڕکردن لەسەر ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ڕادەربڕین کە تا ئەمرۆش خولیایەکە و ماوە.
سارا ئۆلیری : تۆ ڕۆمانی مێژوویی، دراما، ڕۆمانی هاوچەرخ و مێژوو ئەنووسی. خۆت لەکامیاندا زیاتر ئەبینیتەوە؟

ئیما دۆنۆهیو : ژانری دڵخوازم بەدڵنیاییەوە ڕۆمانە. بەڵام ئەو چیرۆکانەی لەمڕۆدا ڕوو ئەدەن و ئەوانەشی لەڕابردوودا ڕوویانداوە بەیەکسانی سەرنجیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. ڤینم دەهاتەوە لەوەی هەستەکانم لە یەک کاتدا چڕبکەمەوە زیاتر لە یەک شوێن یان لە شوێنکاتی کۆمەڵایەتی.
سارا ئۆلیری : کاری بڕوانامەی دکتۆراکەت لەسەر پەیوەندی هاوڕێیەتییە. ئەو مەغزایەی کە بەماسکی ژیاندا تێئەپەڕێ. تۆ وەک ڕۆماننووسێک چۆن مەشقی ئەکادیمیت گاریگەری بەسەرتەوە هەیە؟ ئایا قەت هەستێکی سنووردارت هەبووە بە هۆی ڕاستییە دەرهاوێشتەکانی ناو لێکۆڵینەوەکانت؟

ئیما دۆنۆهیو : له بەرفراوانترین ئاستدا بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا فێری کردم له کتێبخانه بەتەواوەتی هەست به ئازادی بکەم. بۆیه کاتێ ویستم دەربارەی بابڵێین شەڕە کەڵەشێر بۆ ڕۆمانی ماسکی ژیان فێر ببم، زانیم ناتوانم ئەو کارە بکەم. بەڵێ هەروەها هاوڕێیەتی – یان باشتر سەرجەم ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و هەستکردنی ئیرۆتیکی- مەغزای ڕۆمانەکەم بەڕێوە ئەبات. من زۆرجار چیرۆک ئەنووسم به پشت بەستن به مشتێ ڕاستییەوە. من لەلایەن هەندێ ڕاستی پتەووە قۆرخکراوم، بەڵام سەربەست بەو زۆری لێ بخەرە ڕوو. ماسکی ژیان یەکێکە لەو ڕۆمانە واقیعیانەی کەتا ئێستا نووسیبمن و کارێکی زۆر زەحمەت بوو. هەروەها لەقوڵایی دڵەوە ئەو خۆشییەی پێبەخشیم کە هەستم ئەکرد شتێک ئەنووسم ڕاستی ئەدرکێنێ سەبارەت بە خەڵکانێکی لەیادچووی ڕابردوو، وەکو بەشێک له مێژوو و هەروەها وەکو چیرۆکێکی باشیش.

سارا ئۆلیری : پرۆژەی داهاتووی نووسینت چییە؟

ئیما دۆنۆهیو : من کار لەسەر ڕۆمانێکی هاوچەرخ ئەکەم کەسەبارەت بە پەنابەر و مەودای دووری پەیوەندییە. شتێکی چاکە گەڕانەوە بەرەو ڕۆمانی هاوچەرخ کە ئێستا منداڵی ساوام هەیە، چونکە ئەشێ لاپەڕەیەک بنووسی بێ خۆبەکێشکردن بەرەو کتێبخانەوە.

سارا ئۆلیری : ڤیستڤاڵی ساڵانەی نووسەران لە ڤانکۆڤەر تۆ وەکو نووسەرێکی ئێرلەندی لەقەڵەم داو خۆیشت لەکەنەدا دەژیت. بۆ ئەمە هەست بەچی ئەکەیت؟

ئیما دۆنۆهیو : لەوانەیە وای چاکبکەمەوە" ئێرلەندیم و ئێستاش لەکەنەدا ئەژیم. من هەمیشە ئێرلەندیم لەو ڕۆژەوەی ئەو بیست ساڵەی چوارچێوەی ژیانی نەخشاندم، بەڵام دوای شەش ساڵ بەلامەوە گرنگ



نییە پێشم بگووترێ کەنەدی. لەوبڕوایەدا نیم کارەکانم بەخاوێنییەکی تایبەتەوە نەرژێنە نێو یەکێک لەو دوو تراديسیۆنە ئەدەبییە.

سەرچاوەکان:


1- The Vancouver Sun
   Saturday October 16, 2004 page D19
2- http://en.wikipedia.org/wiki/Emma_Donoghue
3- http://www.emmadonoghue.com/emmadonoghue.htm



تێبینی : ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ڕووبەری داهێنان ژمارە 65 ی ساڵی 2011 بڵاو بۆتەوە.


## ڕۆماننووس و فەیلەسوف و ڕەخنەگری ئەدەبی
## ئەمبێرتۆ ئێکۆ
## لەبەردەم دە پرسیاری خوێنەرانیدا



**"ئەمبێرتۆ ئەکۆ" ئەم فەیلەسوفە ئیتاڵییەی کلتوری پۆپی هەڵوەشاندەوە، زمانی ڕەمز و هێما "سەمیۆتیکس "ی برەو پێدا و لای خەڵکی خۆشەویست کرد، قەڵەمەکەی بە بڕشتی خستۆتە گەڕ لە بوارەکانی نووسینی ڕۆمان و وتار و ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفە و ....تاد. ئێکۆی نووسەر لە پێنجی کانوونی دووەمی 1932 لەشاری ئەلیسێندرا لە هەرێمی پیدمۆنت لە باکوری ئیتالیا لەدایک بووە. ئەم فەیلەسوف و ڕۆماننووس و ڕەخنەگرە ئەدەبییە ئەچێتە زانکۆی تۆرین بۆ خوێندنی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەدەب. لەساڵی 1954 بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفە لەزانکۆی تۆرین بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی 1956 تا 1964 لەزانکۆی تۆرین وانە دەڵێتەوە. گروپێک لە هونەرمەندان و شێوەکاران و مۆسیقار و نووسەرانی پێشەنگ کە بە گروپی 63 ناسراون کاریگەری زۆر لەسەر داهاتووی نووسینی ئەمبێرتۆ دائەنێن. لەکۆتایی دەیەی پەنجاکان تا کۆتایی سەدەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەمبێرتۆ دەست دەکات بەخوێندنی ماس میدیا و ماس کلتوور و دواتر ژمارەیەک وتار لەوبارەوە دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. ساڵی 1962 هاوسەرگیری دەکات و کچێک و کوڕێکی هەیە. ساڵانی 1992 و 1993 وەک پرۆفیسۆر لەزانکۆی هارڤەرد کاری کردووە. ئەمبێرتۆ خاوەنی شەش ڕۆمان و سیوپێنج کتێبی لێکۆڵینەوە و سێ کتێبی منداڵانە. ئەمبێرتۆ ئێکۆ بیست و سێ بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە و نۆجاریش خەڵات کراوە. ئەمبێرتۆ ئێکۆ لەڕێگەی گۆڤاری (Time) ی ئەمریکییەوە دەکەوێتە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوێنەرانی و لایەنگرانی.**

www.dengekan.com



**پرسیار : کاتێک دەنووسیت چۆن بابەت هەڵدەبژێریت؟**

**جۆی ئۆ دۆناڵ - ئەمریکا**

**ئەمبێرتۆ ئێکۆ : بە نسبەت ڕۆمانەوە لە وێنەی ئەندێشەییەوە دەست پێدەکەم وەختێک دەمپێکێت بە بێئەوەی بزانم چی لەدەوروبەری وێنەکە ڕوو دەدات. هەر ڕۆمانێک شەش تا هەشت ساڵی خایاندووە تا وەڵامم چنگ کەوتۆتەوە. لە ڕۆمانی" ناوی گوڵەکە" وێنە ئەندێشەییەکە دەرمانخوارد کردنی کەشیشەکەیە کاتێک کتێب دەخوێنێتەوە. من شەیدای بیرۆکەکە بووم.**

**پرسیار : ئایا کە وەختێک دەنووسیت خۆت بینیوەتەوە بە ئاگا بیت لە خوێنەر؟ ئەشێ نووسەر کاتێک کە دەنووسێت بەتەواوەتی خوێنەر فەرامۆش بکات؟**

**ماهکۆت تێکە- ئەدیس ئابابا – ئەفریقای باشوور**

**ئەمبێرتۆ ئێکۆ : هەموو ئەو دانەرانەی کە دەڵێن بۆ خۆیان دەنووسن درۆ دەکەن. نووسین کردەیەکی گەیاندنە، کردەیەکی خۆشەویستییە، شتێکە دەیکەیت تا لێت تێبگەن.**

**پرسیار : تۆ چۆن یەکەمجار کەوتیتە سەوداسەری سەمیۆتیکس(لێکۆڵینەوە لە زمانی ڕەمز و هێما)؟**

**ڕامیرۆ گۆمەز – بەرلین - ئەڵمانیا**

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : بۆ ئەوەی پێیەکانم لەسەر دوو ئاستدا بن. پێیەکم لەسەر کلتورێکی باڵا و پێیەکەی ترم لەسەر کلتورێکی نزم، لە هەوڵی گەڕان بە شوێن نزیکبوونەوە دابووم کە بتوانم بگەمە نێو حیساباتی ڕوخسارەکانی کلتوری ژیان. بۆ من ئەمە سەمیۆتیکسە.

پرسیار : بۆچی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری ترادیسیۆیانە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێزی هەیە بۆ بە جەماوەریکردنەوەی کلتور؟
جین- باپدیست دی بۆرمان — برۆکسل - بەلجیکا

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : ئەوە دیاردەیەک بوو لە دەیەکانی پەنجاکان و سەرەتای دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. پاشان هەلومەرجیش زۆر گۆڕا. نەوەی ئێمە(من) یەکەمین نەوە بوو کە کلتوری پۆپ بەرێتە نێو تێڕامانی جیدییەوە. ئێستا من هەندێک جار لە ژێر فشاری ئەو ڕۆشنبیرییە زۆرتر لە کلتور ڕادەمێنم. هەر وەختێک لە کلتوری نزم بگەی ئەوا شەیدای دەبیی و دەبیتە ئەندامێک لەو تیرەیە(میللەتە). تۆ لەو کتێبە گاڵتەئامێزانە وردبەرەوە کە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە وتەنانەت ئەگەر تۆ پێشتریش ڕۆشنبیر بوویێتی ، ئەوا ئەو کتێبە گاڵتەئامێزانە دەپەرستیت.

پرسیار : چ فەیلەسوفێک بە زۆری کاری تێکردوویت؟
لوسیللە بەوە - سەنغافوور

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : نامەی دکتۆراکەم لەسەر "تۆماس ئەکویناس"ە کە وەک مۆدێلێکی مەزنی هۆکاری سەرراستی ئەمێنێتەوە. لەم دەیانەی دواییدا من زۆر و زۆرتریش لەژێر کاریگەری پراگماتیستی ئەمریکی "چارڵس

www.dengekan.com



سەندراس پیریس" بووم، کە بلیمەتێکی مەزن و یەکێک بوو لە داهێنەرانی "سەمیۆتیکسی مۆدێرن".

پرسیار : ئەوە بۆ شەست ساڵ دەچێت کە پیلانی ئابووری ئەوروپای وێرانی بوژاندەوە. ئایا کاتی ئەوە نییە بۆ ئەمریکا جارێکی تر کە نازناوی ڕابەری ئەخلاقی هەڵگرتووە، بکەوێتە پیادەکردنی پیلانێکی هاوشێوە بۆ ئەفریقا؟
بیڵ بۆس تێرەیس - کەنەدا

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : بەڵێ دەشێ تاکە ڕێگای پۆزەتیڤ بێت. کە لەوانەیە زۆر کێشەش چارەسەر بکات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە چارەسەرکردنی کێشەکانی دەوروبەری.

پرسیار : ئێوە هەڵەی سەرەکی ئەمریکا لە چیدا دەبینن؟
درووو ڕێنەر - ئەمریکا

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : برادەرانی ئێستای حوکومڕانی ئەمریکا بە پێی پێویست ئاگاداری مێژوو نین. خوویەک هەیە تەنانەت لە زانکۆکانیش جەغد دەکەنە سەر ئەوەی کە مێژوو شتێکە بۆ بەڕێوەبردن و سوودی نییە.
پرسیار : ئایا دەکرێت هاوسەنگییەک لە نێوان هونەر و زانستدا بەدی بێت؟
نەهوم گێرشۆن - ئەمریکا
ئەمبێرتۆ ئێکۆ : با خۆمان زۆر بە فەلاکەت نەبەین. زۆر زانا بیرۆکەی ڕوونی فەلسەفیان هەیە و زۆر مرۆڤ پەروەر و نووسەر و فەیلەسوفیش کێشە و گرفتەکانی زانستیان لا جێی بایەخە. ئەم دابەشکردنەی نێوان

هونەر و زانست وەک ئەوەی کە خەڵک بڕوای پێیەتی زۆر بە هێز نییە.

پرسیار : ئایا ئێمە  لە هەوڵی داگرتنی بەهای شارەزایی ڕا و سەرنجین لە میانەی پشت بەستن بە ناوەڕۆکی "بەکاربەر - داهێنەر"ی وەک ویکیپیدیا یان بلۆگس؟   لوکا زانزی – ئەمریکا

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : بە شێوەیەک لە شێوەکان،بەڵێ. ئینتەرنێت ئێستاش چەکێکی زۆر مەترسیدارە. دەتوانرێت بۆ پارێزگاریکردن لەخۆ بەکاربهێنرێت، یان لەنێو دەستەکانتدا بتەقێتەوە و کارەسات بخوڵقێت.

پرسیار : جارێکیان تۆ نووسیبووت کە گاڵتەکردن تەنها ڕێیەکە بۆ دەرخستنی ڕاستی، ئەمە لەمڕۆدا چەند ورد و دروستە؟ د.و.یۆنکەر - ئەمریکا

ئەمبێرتۆ ئێکۆ : گاڵتە (تەنز) ڕێگایەکە بۆ دەرباز بوون. دەشێ چەکێک بێت، پارێزگەریش بێت لە فەندەمەنتاڵیزم و دەمارگیری و هەروەها دەتوانێت مونازەرەیەکی(دیبەیتێکی) ڕۆشنبیری دامەزرێنێت، بەڵام ناتوانێت گرفتەکانی ژیان چارەسەر بکات.

سەرچاوە :


1- Time Magazine
   Vol.170 ،NO.23 Page 4
   December 10 ،2007
2- http://www.themodernword.com/eco/eco_biography.html


www.dengekan.com



**دوو گفتوگۆ لەگەڵ "نۆرا ڕۆبەرتس" ی ڕۆماننووسی ئەمریکی**



نۆرا ڕۆبەرتس لە دەی تشرینی یەکەمی 1950 لە مەریلاند لە ئەمریکا لەدایک بووە. نۆرا پڕفرۆشترین نووسەری ئەمریکییە کەخاوەنی زیاتر لە 210 ڕۆمانە. هەندێکجار بەنازناوی ج.د.ڕۆبەوە بەرهەمەکانی بڵاو ئەکاتەوە. نۆرا لەدایک و باوکێکی ئێرلەندییە و کتێب جێگایەکی زۆر گرنگی لەژیان داگیر کردووە. نۆرا بەپێچەوانەی خواستی دایک و باوکی لەساڵی 1968 هاوسەرگیری ئەکات لە 1983 جیا دەبێتەوە. جارێکی تر لە ساڵی 1985 شوو ئەکاتەوە و

بەخاوەن کتێبفرۆشی" تێتن زی پەیج بووک" و نۆرا خۆشی خاوەن مێوانخانەیەکی گەورەیە. نۆرا نووسەرێکی رۆمانسییە و 24 خەڵاتی وەرگرتووە. نۆرا لەساڵی 1979 ەوە دەستی بەنووسین کردووە و لەسەر رۆمانسییەت و خەیاڵ و گومان ئیشی کردووە و لەساڵی 1981 یەکەمین رۆمانی بڵاو کردەوە. نۆرا لەبەر زۆری بەرهەمەکانی نەک هەر بەتەنها بەناوی خۆیەوە بەڵکو بەناوەکانی ج.د.رۆب و جیم مارچ و سارا هاردێستیش بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە. لەنێوان ساڵانی 1982 تا 1984 نۆرا رۆبەرتس بیست و سێ رۆمانی نووسی. نۆرا لەو ماوەیە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت تا ساڵی 1985 کە رۆمانی " گەمەکردن لەگەڵ ناوازەکاندا" ی بڵاو کردەوە کە بووە هۆی ناوبانگی گەورە بۆی. زۆربەی رۆمانەکانی لەسەر خانەوادە و گرفتەکانی خێزانن. تا ساڵی 1996 نۆرا نزیک بە سەد رۆمانی نووسی و سەرکەوتنی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. لە نێوان ساڵانی 1999 تا 2000 پێنج رۆمانی نووسی. نۆرا لەساڵی 1991 تا 2001 نزیک بە 68 رۆمانی پڕ فرۆشی هەبووە. نۆرا لەساڵی 1999 وەختێ تەمەنی تەنها چل و نۆ ساڵ بوو خاوەنی 124 رۆمان بوو. رێکخراوی نووسەرانی رۆمانسی ئەمریکی پشتگیری زۆریان لە نۆرا رۆبەرتس کردووە و ئەکەن. نۆرای پڕ بەرهەم بەتەنها خەریکی چنینەوەی سەرکەوتنەکانی نەبوو لە بواری نووسینی رۆماندا بەڵکو بووە قوربانی دزینی ئەدەبی و سێبەری بەرهەمەکانی بەبەرهەمی نووسەرانی ترەوە ئەبینرا.
نۆرا دە رۆمانی کراوەتە فلیم.

## گفتوگۆی یەکەم

www.dengekan.com



## گفتوگۆ لەگەڵ رۆماننووسی ئەمریکی
## نۆرا رۆبەرتس

**پرسیار :** سەبارەت بەو باهۆزی بەفرەی ساڵی 1979 ، پێمان بڵێ چۆن لەوێوە دەستت بە نووسین کرد؟

**نۆرا رۆبەرتس :** باهۆزەکەی ساڵی 1979 لە مانگی شوباتدا هەڵی کرد، منیش لە خانوویەکدا لەگەڵ دوو منداڵدا گیرم خواردبوو. هەر دایکێک لەوێدا دەزانێ کە چ پەشێوحاڵییەک بوو وەختێک رادیۆ رایگەیاند کە ئیتر باخچەی ساوایانی سەرلەبەیانیان نامێنێت. من لە گوندی (مەریلاند) دەژیام و ئۆتۆمبێلیشم نەبوو. دوو کوڕی چالاکم هەبوو رۆژ بە رۆژیش چۆکلێتەکانی ماڵەوە لە کەمبوونەوەدا بوون وسێ پێ بەفریش کەوتبوو. من هەرگیز بیرم لە نووسین نەکردبووەوە وەکو پیشە. بیرم کردەوە هەموو کەس چیرۆک بە دەستی خۆیان دروست دەکەن. بەڵام پاش چەند رۆژ بوون بە تەڵەی باهۆزی بەفر، هەوڵم دەدا گەمەی ( کاندیلاند) بکەم و کەچی بە شێوەیەک لە شێوەکان نائومێد دەبووم لە جۆرێک لە ئازادبوون. یەکێک لەو چیرۆکانەی ناو مێشکم هێنا و نووسیمەوە. ئەو ساتەی کەدەستم بە پرۆسەی نووسین کرد کەوتمە داوا خۆشەویستی لەگەڵیدا. دەبوایە لەم خاڵەوە دەست پێبکەم بۆ گەڕان بە کۆڵانەکانی چالاکی نواندن لە هەموو پیشە ناسراوەکانی پیاوان وەکو سیرامیک و چنین و خەیاتی و (تەنانەت فایلێکم لەسەری دادەنا و وێنەی کوڕەکەم دەنەخشاند) و لە قوتوکردن و نەخشاندن بە دەرزی و نانەوایی. ئەمە سەرباری ئەو ترس و نیگەرانییەی کە هەمبوو. خۆشبەختانە نووسین منی بۆ خۆی برد و کەوتمە سەر رێگای راست.

**پرسیار : کاتێک بۆ یەکەمجار بوویتە دووەمین قەڵەم بۆ سپرایەڵ نۆت بووک ، ئایا هەستت بەوە کرد کە تۆ لەسەر ڕێگایەکی دەبیتە پڕ فرۆشترین نووسەر؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : نووسینی چیرۆک لەو هەفتە درێژەی مانگی شوبات زیاتر پاراستنی ژیرییەیتم بوو نەوەک نووسین وەک پیشە.**
**پرسیار :چەندی خایاند تا یەکەمین ڕۆمانت بڵاوکردەوە؟**
**نۆرا ڕۆبەرتس : ئەو کاتەی کە یەکەمین ڕۆمانم بە ناوی "ئەسپی ڕەسەنی ئێرلەندی "لە 1981 دا بڵاوکرایەوە من سێ ساڵ کارکردنم لەپشتەوە بوو لەگەڵ چەندین دەستنووسی ڕەتکراوە کە لە نێو چەکمەجەی مێزەکەمدا بوون.**

**پرسیار : ئایا قەت بیرت نەکردۆتەوە لە بڵاوکردنەوەی کارە بەراییەکانت؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : یەکەمین چیرۆکم نەخێر...هەرگیز. بەڵام کارەکانی دواترم هەموو دەستکاریم کردن و بڵاوکرانەوە و چەند ساڵ بەرلە ئێستا فرۆشران. بۆیە هیچ شتێکی بەراییم نەماوە.**

**پرسیار :چ کارێکت دەکرد بەر لەوەی ببی بە نووسەر؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : بەڕاستی (ڕازگر)سکرتێرەیەکی یاسایی زۆر خراپ بووم.**

www.dengekan.com



**پرسیار : تۆ وەکو کەسێکی گەنج کێ یارمەتی فراوانکردنەوەی ئاسۆی ڕۆشنبیریی دای؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : من وای دادەنێم هەموو مامۆستاکان یارمەتیدەر بوون. من نووکتە سەبارەت بەڕاهیبە(یان قەیرە) دەڵێم، بەڵام لە ڕاستیدا بانگێشەی دیسیپلین دەکەن لە داری مەعریفە. تۆ دەتوانی هەموو مەعریفەی دونیا بەدەستبهێنی ، بەڵام ئەگەر دیسیپلسنی ئەوەت نەبێ چۆن دابنیشی و بە ڕێکی و بەردەوامی بنووسیت ئەوا نەدەتوانی بنووسیت و نە هیچ کتێبێکیش بڵاو دەکەیتەوە.**

**پرسیار : خێزانەکەت چ کاریگەرییەکی بەسەر پیشەی نووسینتەوە هەیە؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : من لەناو خێزانێک گەورە بووم کەبەردەوام دەیانخوێندەوە. هەمیشە کتێب و چیرۆک بەشێک بوونە لەژیانم. بەردەوام حەزم لەخویندنەوە بووە.**

**پرسیار : تۆ وەک نووسەرێک و ژنێکی خاوەن بڕوانامە دەستکەوتی زۆرت هەبووە. هەست ئەکەی هیچ ئامانجێک هەیە پێی نەگەیشتبێتی؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : باوەڕ ناکەم هیچ ئامانجێک هەبێ. من هەوڵئەدەم تا بتوانم قورسایی بیرکردنەوەم بخەمە سەر نووسینی باشترین کتێب.**
**پرسیار : پیشەی نووسین چ زەحمەتییەکی تێدا دەبینی؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : پیشەی نووسین – هەموو ئەو شتانەی کەلەڕاستیدا نووسین نین – ئەشێ بەو پەڕی سادەییەوە زەحمەت بن لەبەر ئەوەی زۆربەمان کەئەنووسین، حەز ئەکەین دابنیشین بنووسین و هەر ئەو کارەش بکەین. سەفەرکردن لەوانەیە فشار بۆ هێنان و نائاسوودەیی و ماندووبوونی تێدا بێت، بەڵام نووسین چێژە تەنانەت ئەگەر باشیش دەرنەچێ. هۆکارێکی سادەش ئەوەیە کە بەختەوەریت کە کارێکت هەیە خۆشت ئەوێت و کەس ناتوانێت لێتی بسەنێت. ئەو ڕۆژانەی کەناتوانی چاوەڕێی کیبۆردەکەت بکەیت باشترین ڕۆژن. چی لەوە باشترە بتوانی هەر بە بیجامەوە لەوێ دابنیشی و کاری خۆت بکەیت.**

**پرسیار : پیشەکەت چۆن پەرە دەستینێ؟ پێنج ساڵی تر خۆی لەکوێدا دەبینییەوە؟ ئەی دە ساڵی تر؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : نەشتی وام کردووە و نەئەیکەم. بۆ ئەبێ تەماشای پێنج ساڵی داهاتوو بکەم لەکاتێکدا ئێستا ئەو شتەیە کەئەگوزەرێت. من پێمباشترە چەقی بیرکردنەوەم لەسەر ئێستا بێت – لەسەر ئەم کتێبە بێت کەئێستا خەریکی نووسینیم – لەوەی هەوڵبدەم بزانم چی لەداهاتوودا دێتە ڕێم. هەمیشە ئامانجم نووسینی باشترین کتێب بووە کەلەتوانامدا بێت.**

**پرسیار:  چەند زەحمەت بوو تاناوی خۆتت دروست کرد؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : ئەوە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ بوو. فرۆشتنی یەکەمین کتێب وەکو موعجیزە وابوو. دەزگای سیلهاوتی دەرگایەکی زۆر چاکی بەڕوودا کردمەوە و ئەو دەرفەتەی پێبەخشیم تا بنووسم و بڵاو**

www.dengekan.com



**بکەمەوە و پەیوەندی لەگەڵ خوێنەراندا پێک بهێنم. هیچ کام لەمانە لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕوویان نەداوە. چاکترین ئامۆژگاری کە تا ئێستا بریکارەکەم کردبێتمی ئەوەیە بناغە دامەزرێنە. منیش هەوڵم داوە ئەوە بکەم، بناغەیەکی پتەو دابمەزرێنم و چیرۆکی خۆش بنووسم کە خوێنەران بتوانن پشتی پێ ببەستن.**

**پرسیار : پێمان ناڵێی ڕۆژی تایبەتی نۆرا ڕۆبەرتس چۆنە؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : بۆ کەسێکی دەرەوەی دونیای نووسین شتێکی لەئەندازە بەدەر وەڕسکەرە. ڕۆژ تا ئێوارە لەبەردەم کیبۆردی کۆمپیتەرەکەم دائەنیشم. لە ڕۆژێکی خۆشدا هەڵئەسم و بۆ ماوەی نزیکەی چل خوولەک وەرزش ئەکەم چونکە باقی ڕۆژەکە هەر دائەنیشم. من بەیانیان وەک هەمیشە کاتژمێر نۆ هەڵئەستم و ئەچمە نووسینگەکەم و شەش تا هەشت سەعات کار ئەکەم. ئەنووسم و ئیمەیڵەکانم تەماشا ئەکەم و دیسانەوە دەست ئەکەمەوە بە نووسین. دوای نانی شێوانیش یان واز دەهێنم وەیان دەچمەوە و بۆ ماوەیەکی تر دەست بە نووسین ئەکەمەوە.**

**پرسیار : چۆن لەڕووی زیهنی و عەقلییەوە خۆت بۆ نووسینی ڕۆمان ئامادە ئەکەی؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : ڕاستیت ئەوێ هیچ ناکەم. بیرۆکەیەکی سادەم لە خەیاڵدایە و هەر لێکۆڵینەوەیەک کە پێویست بێت بە بەئەنجام گەیاندنی، ئەیکەم – وە لەلێکۆڵینەوە بەردەوام ئەبم تا کتێبەکە تەواو ئەبێ – پاشان دائەنیشم و دەست پێئەکەم. لەوە زیاتر هیچی**

تر ناکەم. ئا هاتەوە بیرم ئەبێ لەوەش دڵنیا بم کە بیبسی بێ شەکر و پرێتزڵ(مەزەی شوێر) یان هەندێ شتی شوێری تر و چوکلێت هەبن لەماڵەوە.

پرسیار : تۆ چۆن ئەتوانی پڕ بەرهەم بیت لەکاتێکدا مولتەزمی بە خێزان و دەرەوە؟ چۆن ئەتوانی هاوسەنگی لەنێوان ماڵ و ئیشکردن ڕابگریت؟

نۆرا ڕۆبەرتس : ژیان یاسای ئاز و گوێز پێکردنی هەیە. مەشقی باش بکە ئەتوانی تۆپەکە بەردەوام لە هەوادا بهێڵیتەوە. ئەمە ئیشی منە. ئەگەر دکتۆرێک یان ژنە بازرگانێک بوومایە هەر ئەو یارییە سەیرەم ئەکرد. من زۆر خێرا دەنووسم کەئەوەش یارمەتیدەرە بەڵام هەموو ڕۆژێک و ڕۆژی نزیک بەهەشت سەعات کار ئەکەم.

پرسیار : وەختێ لێکۆڵینەوە لە کتێبێک ئەکەی چاکترین سەرچاوەت کامەیە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : پێش ئەوەی ڕابکشێم و پەل بهاوێم و هاوار بکەم بەڕووی جیهانی کۆمپیتەردا، لەکتێبخانەی گشتی هەموو لێکۆڵینەوەکانم تەواو ئەکرد. لەبەشی منداڵانەوە دەستم پێئەکرد – ڕێگایەکی مەزن بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و لەوێوە بەرەو بەشی گەورەکان ئەچووم و بۆ ڕۆچوون و قووڵبوونەوە. ئێستا تەنها ئەنتەرنێت بەکار ئەهێنم . مرۆڤ ئەتوانێ هەموو شتێک لە ئەنتەرنێت بەدەست بهێنێت. من سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی خۆم ئەکەم، چونکە پرۆسەکە بیرۆکەی گۆشەکانی گرێچنەم پێئەبەخشێت.

www.dengekan.com



پرسیار : چۆن بەرخورد لەگەڵ فشاری بێئەملاو ئەولای دوا کات(Due) ئەکەیت؟

نۆرا ڕۆبەرتس : بیریان لێناکەمەوە. بەجیددیمە من چیتر وابەستەی دوا کاتی دەزگای چاپ نابم. ناتوانن لەگەڵم بەردەوام بن. من خۆم وادار بە دواکاتی شەخسی ئەکەم کە ئەمەش ئەشێ لەبار بێت، بەڵام ئاساییە کە من توندترم لەسەر خۆم وەک لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆیە فشاری پێویست بۆ خۆم ئەهێنم. ئەچم دوا کات بەخۆم ئەدەم بۆ ئەوەی بزانم کەچۆن لەنێو گەشت و سەفەر و کۆنفرانس و پرۆژەکانی تر جێگای ئەبێتەوە...ژیانیشم وەک ئەوەیە پێمخۆش بێت بیناسم.

پرسیار : چەند کات ئەخایێنێ بۆ تەواوبوونی کتێبێک لە هاتنی بیرۆکەی کتێبەکەوە تا ناردنی بۆ بڵاوکەرەوەکەت؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەر کتێبێک بۆ خۆی جیاوازە. چەندی بوێت ئەیخایێنێت. هەوڵ ئەدەم بیر لەوە نەکەمەوە کتێبێکی تایبەت چەند ئەخایێنێت.

پرسیار : چەند جار کتێبەکە ئەینووسیتەوە پێش ئەوەی ئامادە بێ؟

نۆرا ڕۆبەرتس : لەگشتیدا یەکەم دەستنووس زۆر بەخێرایی ئەنووسم. هەر تەنها چیرۆکەکە ئەنووسم بێئەوەی ئاوڕ لەدواوە بدەمەوە. من سەبارەت بە چاککردن و کات بەفیڕۆدانەوە نیگەران نیم. کە

**دەستنووسێکی سەرەتاییم هەبوو، من کارەکتەرەکانی خۆم لەنزیکەوە ئەناسم، هێڵی گرێچنەی پێکەوە لکاویش چاکتر ئەناسم، بۆیە ئەتوانم بگەڕێمەوە لاپەڕەی یەکەم و پێیاندا بچمەوە، دەستی پێدا بهێنم و گرفتە بچوکەکان چاک بکەمەوە و بزانم لەکوێدا هەڵەم کردووە ڕێکیان بخەمەوە. یان هەر شوێنێک لە چیرۆکەکە زیادی بکەم و دەقەکە بچنم و نووسینەکە تیژتر بکەمەوە. پاشان جارێکیتر ئەچمەوە لاپەڕەی یەکەم و بۆ سێیەم دەست پیاهێنان. جوانکردن و دڵنیابوون لەوەی کە تێبینی دروستم داوە. ئەگەر دوای ئەوە باش بوو ئەینێرم بۆ بریکارەکەم یان بڵاوکەرەوەکەم. ئەگەریش نا ئەوا پیایدا ئەچمەوە و هەوڵ ئەدەم بزانم لەکوێدا ناتەواوە. هیچ کتێبێک بێ کەموکوڕی نییە. هەوڵئەدەم باشترین کتێب کە توانیبێتم بینووسم بینێرم بۆ بڵاوکردنەوە. وە متمانەم بە بڵاوکەرەوەکەشم هەیە گەر پێمبڵێ کە هێشتا بواری باشترکردنی تێدایە.**

**پرسیار : کات لەکوێ دەدۆزیتەوە کەئاوا بەخێرایی دەنووسیت؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : تۆ کات نادۆزیتەوە، کات دروست ئەکەی. من هەنگاوی خێرا دەنێم - ئەمەش وەکو بەختی ڕاکێشان وایە ، چەشنی ڕەنگی چاو، لەهەمان کاتیشدا بەرخوردێکی مەزن لەگەڵ دیسیپلین ئەکەم — ئەو دیارییەی ژنە پەرستگانشینێک کە لە نۆ ساڵی یەکەمی قوتابخانەم وانەی پێ گووتوومەتەوە - پێی بەخشیم. هیچ کەسێک وەکو ژنی پەرستگانشین نەریتی دیسیپلین و سێبەری گوناە ناخاتە مێشکەوە( کە دوو ئامڕازی پێویستی نووسەرن) ئەوەی ئەیکەم پێمخۆشە و بەجیددیش پرۆسەی نووسینم زۆر پێخۆشە.**

www.dengekan.com



**پرسیار : چی ئیلهامت پێدەبەخشێت؟**
**نۆرا ڕۆبەرتس : بڕوام بەچاوەڕوانی کردنی ئیلهام نییە. ئیتر ئەوە ئیشی منە دابنیشم و بزانم چی ئەنووسم.**

**پرسیار : چۆن کتێبەکانت بە تازەیی ئەهێڵیتەوە؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : هیچ فێڵێکم نییە. بۆ من هەر کتێبێکم یەکەمین کتێبمە، هەر جارێک بۆ من تازەن. گەلێ خەڵکی جیاواز هەن لەم جیهانە پاڵەوانی وەکو خەڵک ئەخولقێنن. ئەو خەڵکە تێکەڵ بەیەکتر ئەکەن و هەر جارێکیش ململانێی تازە دروست ئەکەن. پیانۆ هەشتاوهەشت کلیلی هەیە بیری لێبکەرەوە چەند ئاوازیان لێ دروست ئەکرێ.**
**پرسیار : ئەتوانی باسێکی کەشوهەوای ئیشکردنتانمان بۆ بکەی؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : من لەنووسینگەکەم ئەنووسم. هاوسەرەکەم کەدارتاشە نهۆمی سێیەمی بۆ خانووەکەمان زیاد کرد. لەنێو دار ئەژین و نووسینگەکەشم پەنجەرەیەکی گەورەی لەبەردەم شوێنی نووسینم هەیە ئەمە جگە لەتاقی ڕۆژ. کەسەیری دەرەوە ئەکەم جگە لە دار هیچیتر نابینم. زۆر ڕووناک و زۆر گەورەیە. شوێنێکی زۆر باش و ئیستراحەتە بۆ ئیشکردن.**
**پرسیار : چ ئامۆژگارییەکی ئەو نووسەرانە ئەکەی کە ئەمڕۆ دەست پێئەکەن؟**

**نۆرا ڕۆبەرتس : بنووسە هەروەک چۆن بۆ چێژ ئەخوێنیتەوە. جەغت بکەرە سەر ئیشکردن و چیرۆکەکەت باشتر بکە. بازاڕ گرنگ نییە.**

زۆربەی کات خۆشی لێ ببینە. ئەمە چاکترین ئیشە لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەگەر چێژی لێنەبینی ئەوا خاڵیت لە گەورەترین زەوق ئەمە جگە لەوەی پانتیهۆست لەپێ نییە.

پرسیار : لەکوێدا ئەتوانین نووسەران هانبدەین بۆ فێربوونی ئەم پیشەیە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : ببن بە ئەندامی گروپە لۆکاڵەکانی نووسەران. ئەوانەی نووسینی ڕۆمانسییان پێخۆشە با پەیوەست بن بە کۆمەڵەی نووسەرانی ڕۆمانسی ئەمریکاوە. لقیان لەسەرتاسەری وڵاتدا هەیە کە زانیاری و پشتیوانی زۆریان لا چنگ دەکەوێت.

پرسیار : تا چەند گرنگە بەشداریکردن لە کۆنفرانسی نووسەران؟

نۆرا ڕۆبەرتس : پێموایە کۆنفرانسی نووسەران زۆر بەبەهایە. گەر تەنها بۆ پەیوەندی گرتنیش بێت ئەو ئارەزووە ئەتوانێ لەگەڵ کەسانێ بدوێت کەهەمان ئیشی تۆ ئەکەن. بۆ سەرەتا و هاندانی نووسەران گەلێ وۆرکشۆپ هەیە کە سوودمەندن و یارمەتیدەرن لەپێدانی نەخشەی ڕێگای پەڕینەوە لەتەمومژی بڵاوکردنەوە. هاوڕێیەتی لە کۆنفرانسەکانەوە دروست ئەبێ و بواری ئیشکردنی مرۆڤیش فەراهم دێت. لەبەشی ئیشکردندا ئەو بوارە ئەڕەخسێت خەڵک بدوێنی و قسە لەگەڵ بریکارەکان و بڵاوکەرەوەکان بکەیت.

پرسیار : ئەو شتە چییە وا لەنووسەران ئەکات هەڵوەدا بن دەربارەی نۆرا ڕۆبەرتس بزانن؟

www.dengekan.com



نۆرا ڕۆبەرتس : نۆراش وەکو نووسەرێک کە هەڵوەدایە دەستی پێکرد. ئێمەی نووسەران هەموو بەهاری یەک خەونین.

پرسیار : بۆچی بەناوی ج.د. ڕۆنەوە دەستت کرد بە نووسینی کتێب؟

نۆرا ڕۆبەرتس : من خێرا ئەنووسم. ئەمە تەنها هەنگاوی سروشتیمە. بەو هۆیەوە بڵاوکەرەوەکەم بیری لە بەرنامەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم ئەکردەوە. بریکارەکەم و بڵاوکەرەوەکەم پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم کە بەناوی جیاوازەوە بنووسم. من ئەو بیرۆکەیەم پێخۆش نەبوو، پێکانم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشا، دووساڵی برد تا ئەو ئەزموونەم تاقیکردەوە. بریکارەکەم بەم شێوەیە شیکردەوە... گووتی بیبسی هەیە، بیبسی بێ شەکر هەیە و بیبسی بێ کافینیش هەیە. ئینجا مێشکم ڕووناکی تێکەوت و حاڵی بووم و ڕازی بووم کە شتێکی برێک جیاوازتر بکەم. ئێستاش ئەو خاڵە لەنووسین نابینم کە ڕۆمانسی ڕاستەوخۆ یان ڕۆمانسی نامسۆگەری لەژێر ناوێکی جیاوازدا بنووسم. ئەمەش ئەو کاتە بوو کە ئیڤا دالاس و ڕۆرک هاتنە سەر لاپەڕە.
پرسیار : بۆچی پێتخۆشە بەناوی ج.د. ڕۆب بنووسیت و سەردانی هەمان کارەکتەرەکان بکەیتەوە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : من چێژ لەنووسینی ڕۆمانسی ( دڵداری) دڵەخورتە ئەبینم کەبەنهێنی دڵداری ئەکەن و بەهۆی بیرۆکەی زیادکردنی خەیاڵی زانستییەوە بۆ تێکەڵییەکە. من ئەتوانم جیهانی خۆم دابهێنم من وام هەست کرد وەختی یاریکۆڵە ئەگۆڕێ خەڵک وەک خۆی ئەمێنیتەوە. هەروەها حەزم لەنووسینی زنجیرەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی

کارەکتەرەکان کەئەتوانم پەیوەندییەکان گەشە پێبدەم- ڕۆمانس (دڵداری) لەنێو کارەکتەرە سەرەکییەکان لەچەند کتێبێکدا، هەر کتێبێکیش چارەسەری تاوانێک یان نهێنییەک ئەکات ، کتێبەکە بەڕێوە ئەبات. بەڵام گەشەی کارەکتەر - گۆڕان و پەرەسەندن - شێوازی پەیوەندییەکان زۆر لەسەرەخۆ ئەڕۆن. من چێژ لەو ترسناکییەیە وەرئەگرم.

پرسیار : چۆن ناوی ج.د.ڕۆبت هەڵبژارد؟

نۆرا ڕۆبەرتس : واژووی ناوی یەکەمی کوڕەکانم هێنا کە جەیسن و دانن وە ڕۆبیش وەکو کورتکراوەی ڕۆبەرتس دامنان.

پرسیار : چەند کتێبی تری "ئیڤا و ڕۆرک" ت لێ چاوەروان بکەین؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هیچ نەخشەیەکم لەم کاتەدا بەدەستەوە نییە کە لەنووسینی ئیڤا و ڕۆرک بوەستم. بۆ ساڵی داهاتوو کتێبی زیاتر لە بەرنامەم دایە.

پرسیار : چەند کتێب وەکو زنجیرەی درێژ ئەنووسی. نووسینی کتێب بەزنجیرە قورس نییە بەلاتەوە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : نەخێر. هەر کتێبێک ڕێکخستنی بەرەنگاربوونەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. هەر کتێبێک ئەبێ لەسەر قاچی خۆی بوەستیت و تەواو بکرێت. من حەزم لەنووسینی ئەو کتێبانەیە کەپەیوەندییان

www.dengekan.com



بەیەکەوە هەیە بەڵام وەکو کتێبەکانی تر بەرەنگاربوونەوەیان تێدا بەرجەستە نییە.

پرسیار : لە کتێبەکاندا مەغزای خێزان بەهێزەوە ئامادەیی هەیە، هیچ هۆیەک هەیە بۆ ئەمە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : پەیوەندییەکان هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی ئەگێڕن لە کتێبەکانمدا. من بە جموجۆڵ و چالاکی خێزان سڕ کراوم، هەم مێژوویەکی هاوبەش وهەم ڕێگای گەشەکردنی هەر تاکێکیش.

پرسیار : هیچ خێزانێکی دڵخوازت هەیە لە کتێبەکانت؟
نۆرا ڕۆبەرتس : خێزانی دڵخوازم ئەوەیە کە ئێستا خەریکی نووسینیم.
پرسیار : تۆ تاکە ناو و نیشانێکی هاوچەرخی ڕۆمانسی یان ڕۆمانسی دڵەخرتێی نهێنی / تاوان وەک ج،د. ڕۆب ئەنووسی. تۆ کامەت بەلاوە باشترە؟ ئایا یەک جۆر کتێب ئاسانترە لە جۆرێکی تر؟

نۆرا ڕۆبەرتس : من حەز لەنووسینی کتێبی جیاجیا ئەکەم، ئەوە نییە جۆرێکیان ئاسانتر یان قورستر بێت لەوەی تریان. بەڵکو تەنها جیاوازن.

پرسیار : چ کارەکتەرێکت وەک هاوڕێیەکی باش بۆ خۆت هەڵئەبژێریٚ؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەموویان هاوڕێی دڵسۆزمن. ناتوانم دڵی کەسیان بڕەنجێنم.

پرسیار : چ کتێبێکت بەلاوە زۆر خۆش بووە و بۆچی؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەمیشە کتێبی دڵخوازم ئەوەیە کەتازە تەواوم کردووە. وەکو لەدایکبوون ژانەکە تەقریبەن یەکسەر لەبیر ئەچێتەوە بەڵام ئەوەی ئەمێنێتەوە تەنها خۆشییەکەیەتی.

پرسیار : چ ڕۆمانێکی وەک باشترین ڕۆمانت چاولێئەکەی؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەمیشە باشترین ڕۆمانم ئەو ڕۆمانەیە کە لەبازاڕدایە.

پرسیار : هیچ کتێبێکت کراوەتە فلیم؟

نۆرا ڕۆبەرتس : تەلەفیزیۆنی CBS وەکو فلیمێکی تەلەڤیزیۆنی " پەرستگا"ی نیشاندا لەنواندنی مەلیسا گیلبێرت لە شوباتی 2001 . ئێستاش لەسەر دەستنووسێکم کار ئەکەن " بایەوانی پێچراو". چەند ساڵ بەر لەئێستاش ساتی تەردەست کرا بە فلیم کەلە کەناڵی شۆتایمەوە پەخشکرا.

پرسیار : هیچ خوێنەرێکی پیاوت هەیە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : بەڵێ خوێنەری هەمەچەشن و سەرنجڕاکێشی پیاوم هەیە. لەو کاتەوەی کتێبەکانی ج.د. ڕۆب بڵاو بوونەتەوە ژمارەیان لەهەڵکشاندایە.لەم ماوانە نامەیەکم لە کوڕێکەوە پێگەیشت کە لۆری بیر هەڵکەندن لێئەخوڕێت کە هەمیشە گوێ لە دەنگم ئەگرێ وەختێ

www.dengekan.com



لۆرییەکەی لێئەخوڕێت. دڵنیای کردم کە پیاوێکی ڕاستەقینەیە بەڵام ئەو بەشەی - پێموابێ خشڵ و هەتاو بوو – فرمێسکی لەچاوان هێنابووەوە خوار و لۆرییەکەی وەستاندبوو. من ئەمەم زۆر پێخۆشە. هەروەها بینیومە زیادبوونی واژووی خوێنەرانی باوک – کچ و دایک – کچ . من حەزم لە ناسینی کتێبە و کتێبەکانم پێکەوە بەستنەوەی نەوەکانە بەیەکترەوە.

پرسیار : چۆن وەسفی خوێنەرە تایبەتییەکانت ئەکەی؟

نۆرا ڕۆبەرتس : تایبەتی نین. لەتەمەنی سیانزەساڵییەوە تێیاندایە تا باپیرە و باوکی باپیرەش. پێشەوەری جیاجیان، ئاستی داراییان جیاوازە، خاوەن پاشینە و بەرژەوەندی جیاوازن. زۆر بەوەفان، چاویان لێمە و ئاگاداریم ئەکەن. وەختێ گەشت ئەکەم پەتاتەی سوورەوەکراو و چۆکلێت و کۆکای بێ شەکرم بۆ ئەهێنن و هەندێکیشیان ناهێڵن بێ خوڵق بم وەختێ لەناو ئۆتۆمبێلین.

پرسیار : وا لێکدەدرێتەوە کە هاموشۆ بۆ ماڵپەڕەکەت 1500% زیادی کردووە. بۆچی ئەو هەموو هەوادارە سەردانی ماڵپەڕەکەت ئەکەن؟

نۆرا ڕۆبەرتس : پێموایە بەشێکی زۆریان نزیکایەتییان لەگەڵم پەیدا کردووە. من خۆم لەسەر ماڵپەرەکەمم، پرسیارەکانی هاموشۆکەران ئەخوێنمەوە و وەڵامیان ئەدەمەوە، من چالاکم لەو مێزی کۆبوونەوانە. لەم ڕێگایەوە هەندێ هاوڕێی زۆر چاکم پەیدا کردوون. زۆربەی

خوێنەرانم هاوڕێیەتیم لەگەڵ پەیدا کردن دوای کۆبوونەوەمان لەسەر هێڵی چاتکردن. نۆراهۆلیک بەو جۆرە هاتە مەیدان.

پرسیار : نۆراهۆلیکەکان کێن؟

نۆرا ڕۆبەرتس : گروپێکی نایاب لە خوێنەرانن کەلەسەر هێڵی ئەنتەرنێت لە شوباتی 1997 وەختێ کۆمپانیای AOL کۆڕێکی ڕێکخست بۆ هەواداران بۆ چاتکردن لەسەر ڕۆمانی"پەرستگا". لەوێدابوو کە نۆرەهۆلیک گروپێک لە هەوادارانی دڵسۆز و وەفادار لەدایک بوو. زۆر کەس کەبەشداری ئەو چاتکردنەیان کرد بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن و ئیمێڵ ناردن. کاتێ دوکانی کتێبفرۆشی هاوسەرەکەم کرایەوە و بڕیاری واژوو کردنی کتێبی تازە درا، زۆر کەس بڕیاری هاتنیاندا ڕوو بەڕوو بۆ یەکتر بینین. ئەم هاوڕێ تازانە زوو زوو ڕێگای دوور ئەبڕن و پارە کۆئەکەنەوە و سەفەرەکەیان ئەکەن بۆ ئێرە. ئەم هاوڕێیانە لەسەرتاسەری وڵاتەوە، لەوسەری ساندیاگۆوە هاتبوون. هاوینی ڕابردوو لە دوکانی کتێبفرۆشی هاوسەرەکەم کۆبووینەوە بەبۆنەی پێنجەمین گەشتی ساڵانەی دوکانەکە، یەکێک لەخوێنەرە دڵسۆزەکان لە ئوستڕالیاوە هاتبوو.

پرسیار : تۆ ئێوارە ڕۆمانسییەک لەچیدا دەبینیتەوە؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەر ئێوارەیەک کە هاوسەرەکەم چێشت لێبنێت و ماڵ پاک بکاتەوە و وەڵامی تەلەفۆن بداتەوە و خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی هەندێ کارم بۆ ئەنجام بدات و من ئەو کارانە نەکەم.

پرسیار : چ کتێبێک حەز ئەکەی بخوێنیتەوە؟ نووسەری دڵخوازت کێیە؟



نۆرا ڕۆبەرتس : حەزم لەخوێندنەوەی سەرجەم ژانرەکانە. لەدڵخوازەکانیشم کارڵ هیاسن، جۆن سانفۆرد، سو گرافتۆن، ئیلیزابێس بێرگ، ستیڤن کینگ و پەتریشیا گافنی. ماری ستیوۆرد هەمیشە و بەبەردەوام یەکێکە لەنووسەرە دڵخوازەکانم.

پرسیار : چی دەکەی بۆ حەوانەوەت لە کاتی دەست بەتاڵیتدا؟

نۆرا ڕۆبەرتس : شتی ساکار و ئاسایی ئەکەم. حەزم لە ئیشکردنە لەناو باخچە. چێژ لە خوێندنەوە ئەبینم لە کتێبخانە تازەکەم کە هاوسەرەکەم بۆی دروست کردووم و هەروەها چێژ لە تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن و چوونە سینەماش ئەبینم.

تێبینی : ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری گزنگ ژمارە 88 ی ساڵی 2011 بڵاو کراوەتەوە.

## گفتوگۆی دووەم

### نۆرا ڕۆبەرتس
### لەبەردەم ده پرسیاری خوێنەرانیدا



پرسیار : تۆ نووسەرێکی پڕ بەرهەمی، چۆن بیرۆکەی نوێت بەبەردەوامی بۆ دێت؟

**کارۆڵ ڕەمسەی – ئەمریکا**

نۆرا ڕۆبەرتس : بیرۆکە بێکۆتاییە و نووسەرانیش زۆر بە توندی ڕایەڵکراون تا بەو شێوەیە بیربکەنەوە. ئێمەش بەهۆی بەکارهێنانی خەڵکی نوێوە بە تازەیی ئەیهێڵینەوە. تێکەڵکردنی کاراکتەرە جیاوازەکان و دانانیان لە شوێنکاتی جیاوازدا. ئەمە هەمیشە جارێکی دی یەکەمین کتێبە. یەک بیرۆکە دەتوانرێ بە هەزاران شێوە بوترێت. پیانۆ 88 کلیلی هەیە، بەڵام دەتوانرێ ژمارەیەکی بێکۆتایی مۆسیقا لەو کلیلانەوە دروست بکرێت.

پرسیار : بۆچی خەڵک دەبێت ڕۆمانی ڕۆمانسی بخوێننەوە؟

**مەهتۆت تێکا – ئەدیس ئەبابا**



تۆرا ڕۆبەرتس : لەبەر ئەوەی ڕۆمانی ڕۆمانسی ئاهەنگی پەیوەندی و دۆزینەوەی خۆشەویستی و زاڵبوونە بەسەر بەربەستەکان ودانانە بە ڕاستییەکان. وا بیر دەکەمەوە ئەمە شتێکی بەهادارە بۆ ڕێزلێنان. ئەم ڕۆمانانە تەنها سەبارەت بە ڕووتی نین، هەرچەندە باس کردن لە ڕووتی نە ئێستا و نە لەداهاتوو هیچی تێدا نییە.

پرسیار :پەرچەکردارت چی دەبێت لەبەرامبەر ئەو ڕەخنەگرەی کە دەڵێت ڕۆمانی ڕۆمانسی بێبەهایە؟

**ڕیچەڵ مەلەکویت – فیلیپین**

نۆرا ڕۆبەرتس : ئەوە مێشک وشکییە بۆ هەر کەسێک بڵێت کە سەرتاپای ژانرێکی ئەدەبی بێبەهایە. لەهەر ژانرێکدا شتی بێبەها هەیە. ناکرێ بڵێم هەموو ڕۆمانێکی ڕۆمانسییش کە بڵاوکراوەتەوە ڕۆمانی بە دانسقەن. بۆ من زۆر ساویلکەییە گەر وابڵێم. دەشێ هەندێ لەو ڕۆمانانە لە کەناری بێبەهایی بن، بەڵام لە چاوی تاکی خوێنەرەوە .

پرسیار : ئایا تۆ ڕۆمانسیت؟

**لەوری کرەیت – بەڵتیمۆر**

نۆرا ڕۆبەرتس : دەوەستێتە سەر پێناسەی تۆ بۆ ڕۆمانسییەت. باوەڕ ناکەم من ڕۆمانسییەکی ترادیسیۆنی بم کە بیر لە مۆمی سەر نانخواردنی ئێوارە و هێنانی گوڵ بکەم لەلایەن مێردەکەمەوە، دیارە خۆشحاڵ ئەبم گەر ئەو کارە بکات. من زیاتر خاوەن بیرکردنەوەیەکی

پراكتیكیم. من قەشەنگترین ڕۆمانسیەت لەوەدا دەبینمەوە وەختێ مێردەكەم دەبینم قاپ دەشوات.

پرسیار : ژمارەیەكی زۆر لە كتێبەكانت بە وەسفێكی زۆر جوانی شوێنكات وەكو ئێرلەندە بیناكراوە. ئایا تۆ هەمیشە بەر لە نووسین گەشتی ئەو شوێنانە دەكەی ؟

نۆرا ڕۆبەرتس : هەندێک جار، بەڵێ. من هەمیشە دەچمە ناو مێشكی خۆم. بەهۆ ئینتەرنێتەوە دەتوانێت بچیتە هەموو شوێنێک و بەدوای هەموو شتێكدا بگەڕێی. كەدەستم بە نووسین كرد دوو كوڕی سێ ساڵان و شەش ساڵانم هەبوو. تۆزێک زەحمەت بوو پێیان بڵێم "منداڵەكان ببورن من ئیشم هەیە دەبێ بڕۆم ،ئەوە"سپەگەتییە" بیخەنە نێو مایكرۆوەیڤەوە و ئیتر هەمووشتێک ئاسایی دەبێت".

پرسیار : ئایا پاڵەوانە ژنەكانت ڕەنگدانەوەی ئەزموون وشارەزایی خۆتن یان كەسانێكن كە دەیانناسی؟

جولی لاڤۆیی - كەنەدا

نۆرا ڕۆبەرتس : بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی من نین چونكە گەر وابێ ئەوا بێتام ئەبێ. من ئەو نزیكایەتیم نییە لە سەركەشی و ئازایەتی و بەخشندەیی هەروەک ژنە پاڵەوانەكانم هەیانە. نازانم كەسێكی تر ئەوئارەزووەی هەیە یان نا. كاری من ئەوەیە كە ئەوپاڵەوانانە بخوڵقێنم.

www.dengekan.com



پرسیار :تۆ ڕۆمانی ڕۆمانسی دڵەخورپێ لەژێر ناوی ج.د.ڕۆب ئەنووسی . بۆچی؟ ئایا نهێنییەكی ورووژاو لە پشت ئەم كارەتەوە هەیە؟

كڵانت هییوز - ئەمریكا

نۆرا ڕۆبەرتس : ئەمە پەیوەندی بە بازاڕی چاپەمەنییەوە هەیە. من زۆرخێرا ئەنووسم، دەزگاكانی چاپیش هەر بەرهەمی من بڵاوناكەنەوە بەرهەمی نووسەرانی تریش بڵاودەكەنەوە. جامنیش ڕازیبووم كە هەوڵ بدەم شتێكی جیاواز بكەم. ئەو كتێبانە زۆر نیگەرانتر و جیاوازترن لەو كتێبانەی كە من بە ناوی خۆم بڵاویان دەكەمەوە. جا بڵاوكردنەوەیان لە ژێر ئەو نازناوە تایبەتییەتێک بەخوێنەر دەبەخشێ.

پرسیار : منداڵان بە دەگمەن بۆ خۆشی دەخوێننەوە، چۆن هانیان بدەین بۆ حەزكردن لە كات بەسەربردن لەڕێگەی خوێندنەوەوە؟

تریسیا مانسۆن - ئەمریكا

نۆرا ڕۆبەرتس : ئەوە دەوەستێتە سەر دایک و باوكان نەک هەر لێبگەڕێن ، بەڵكو دەبێت هانیشیان بدەن بۆ لەزەت بردن لە خوێندنەوە. خەڵک ئەوكتێبانەی كە بۆت باشن دەیخەنە بەردەست، وەک بڕۆكۆلی لە بری ئایس كرێم. بەڵام ئەگەر لێیان بگەڕێی "سپایدەرمان"بخوێننەوە-كە دڵنیام خوێندویانەتەوە- ئەوا دواتر دەچنە سەر "ڕەی برادبێری" و " ستیفن كینگ".

پرسیار : بۆچی ڕۆماننووسی ڕۆمانسی سەركەوتووی پیاو كەمن؟

ج.ڕ.ڕێبیج - ئەمریكا

نۆرا رۆبەرتس : ئەم کتێبانە(ڕۆمانانە) پشت بە سۆز دەبەستن، کە زیاتر لای ژنان بەرجەستە دەبێتەوە هەرچەندە پیاوانێکی زۆر دەیخوێننەوە ئەگەر لەسەر مێزی قاوەی ماڵەوە دانراین. هەر شتێک لەزەتی لێیکەی دەگەڕێیتەوە سەری. ژنانیش زۆر لە پیاوان زیاتر چێژ لە ڕۆمانسییەت وەردەگرن .

پرسیار :ئایا ڕاستە لە ڕێنووسی نووسیندا (spelling ) زۆر خراپی؟

ئاندی چوو - ئەمریکا

نۆرا رۆبەرتس : زۆر وێرانم!(پێدەکەنێ). ئێستا باشترم لەو کاتەی کە دەستم پێکرد. بەڵام سوپاس بۆ خوا کە ڕێنووس ڕاستکەرەوە لە کۆمپیتەردا هەیە!

پرسیار : ئایا تا ئێستا هیچ وەڵامێکی نێگەتیڤت لەلایەن سەرنووسیاران و بڵاوکەرەوەکانەوە پێگەیشتووە پێش ئەوەی کارەکەت لەدەست بچێت؟

کلاودیا نێڵسن – کالیفۆرنیا، ئەمریکا

نۆرا رۆبەرتس : من ناڵێم نێگەتیڤ، بەڵام ژمارەیەک ڕەتکردنەوەم هەبووە. هەروەها هەروا ئاسان نییە فرۆشتنی یەکەمین کتێبت .

پرسیار: ئایا قەت وا بووە لە نووسین بێزار بوویێتی و ویستبێتت شتێکی تر بکەی؟

ئیبان کەچیمۆڤ

نۆرا رۆبەرتس : من نازانم ئەگەر نووسەر نەبوومایە چیم دەکرد. نووسەری کارێکی زۆر باشە ، هەرگیز لێی بێزار نابم. ئەشێ ماندوو



ببیت –ئەزانم ماندوو ئەبم – بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی پەیوەندن بە نووسینەوە بەڵام نەک ئەو پرۆسەیەی کە بەدیار کیبۆردێکەوە دابنیشیت. ئەگەر حەزت لێ نەبێت بۆچی ئەوکارە دەکەی چونکە بەڕاستی کارێکی قورسە. هەروەها کارێکی تەنهایە و ڕۆژانە بۆ چەند سەعات لەسەر کورسییەک دادەنیشی. کەچی بۆ من ئەمە ڕێک هەر ئەو کارەیە کە دەمەوێت بیکەم.

پرسیار : چاکترین ئامۆژگاریت بۆ ئەو کەسانە چییە کە دەیانەوێت ببن بە ڕۆماننووس؟

دان مەنۆوز _ ئەمریکا

نۆرا رۆبەرتس : بخوێننەوە تۆ ئەگەر پێویستیت بە سەروبۆری، بە شارەزایی ڕەوانی، بونیاد و خاڵبەندی و ڕێزمان هەیە بخوێنەوە. هەروەها ئەوەی ئەیخوێنیتەوە بینووسەوە. ئەگەر بۆ چێژ نەخوێنیتەوە ناشتوانی بنووسیت. ئەگەر خۆشیی بە خۆت نەبەخشێت ئەوا خۆشیی بە کەسی تر نابەخشێت. پەیوەندی بکە بە نووسەرە ڕۆمانسییەکانی ئەمریکاوە. مەڵێ " من کەی کاتم پەیدا کرد ئەوسا دەنووسم" ئەمە بێزارترین شتە کە گوێم لێدەبێت. کەس کات پەیدا ناکات دەبێت خۆت کات بۆ خۆت دروست بکەیت.

تێبینییەکان :

1- سپەگەتی : جۆرە خواردنێکی ئیتاڵییە و لە هەویر دروست دەکرێت و بە گەلێ شێوەی جیاجیا لێدەنرێت.
2- برۆکلی : خواردنێکی سەوزە.
3- مایکرۆوەیڤ : ئامێرێکە بە تیشک کار ئەکات بۆ گەرمکردنەوەی خواردن بەکار دێت.

4- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی نۆرا ڕۆبەرتس و بەرهەمەکانی خوێنەر دەتوانێ لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بەدەستیان بخات.

**سەرچاوەکان :**


1- http://www.bookbrowse.com/author_interviews/full/index.cfm?author_number=296

2- Time Magazine
November 27, 2007

3- http://en.wikipedia.org/wiki/Nora_Roberts


تێبینی : ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری گزنگ ژمارە 88 ی ساڵی 2011 بڵاو کراوەتەوە.

## "جان گریشام"ی
## سیاسەتمەدار و یاساناس و ڕۆماننووسی ئەمریکی

### لەبەردەم دە پرسیاری خوێنەرانیدا



جان گریشام لە هەشتی شوباتی 1955 لە دایک بووە و لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە بە درامای یاسایی مۆدێرن ناسراوە، کە تا ساڵی 2008 لە سەرتاسەری جیهاندا دوو سەد و سی و پێنج ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشراون. جان دووەمین منداڵی خێزانەکەیان بووە. باوکی کرێکاری بیناسازی بووە و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە. جان بە پلەکانی خوێندندا سەردەکەوێ و تا لە ساڵی 1977 لە زانکۆی مسسسیپی بەکالۆریۆس لە زانست بەدەست دەهێنێت. لە بواری سیاسەشدا ئەندامی حیزبی دیموکراتەکانەوە ئەندام پەرلەمان بووە و لە ئیدارەی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەشدار بووە. جان بیست و یەک ڕۆمانی بە چاپ گەیاندووە. جان دەڵێت " من نووسەرێکی ناوداری وڵاتێکم کە کەس تیایدا ناخوێنێتەوە"

### دەقی پرسیار و وەڵامەکان

**پرسیار : ئەگەر بتەوێت ببیت بە یەکێک لە پاڵەوانەکانت دەبیت بە کامەیان؟**

**لویس گارسیا- مەکسیک**

جان گریشام : بەردەوام ئەگەڕێمەوە لای "ڕودی بایلۆر" لە ڕۆمانی "ڕەین مەیکەر" . ئەو لە پیشە یاساییەکەی دێتە دەرێ و کچێک ئەدۆزێتەوە و بنە و بارگەی تێک ئەنێتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و ئەڵێ"ئەوا من ڕۆیشتم". ئەمە ئەو شتەیە کە هەمیشە ویستومە بیکەم وەختێ پارێزەر بووم. قەت حەزم نەکردووە بگەڕێمەوە فەرمانگە.

پرسیار : تۆ لەم ماوانە یەکەمین کتێبی هەقیقی(نا خەیاڵی) ت نووسی (پیاوە بێتاوانەکە) .ئایا شتی تری لەم چەشنە دەنووسیت؟

ئانە شێروود-ئەمریکا

جان گریشام : نەخێر. نا خەیاڵی کاری زۆر دەوێت. من زۆر تەمبەڵم ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەم. لە ڕاستیدا من قەد بیرم لە نووسینی ( ناخەیاڵی) نەکردۆتەوە. بەڵام کە چیرۆکێکم بینیوە زانیومە کە دەبێت بینووسم.

پرسیار : تۆ ساڵانە کتێب دەنووسیت ،ئەمە کاریگەری نییە بەسەر چلۆنایەتی بەرهەمەکانتەوە؟

سینسیا مۆیەر-ئەمریکا

جان گریشام : لەو بڕوایەدا نیم. چونکە ئەگەر کاتی زۆرم هەبوایە بەکارم نەدەهێنا. من ئەوەستم تا سێ مانگی ئاخری ساڵ و ئینجا کتێبێک ئەنووسم. من لە قوتابخانەی یاسا فێری ئەوە بووم چۆن شت دوا بخەم من زۆر باش بووم لێی وەختێ پیادەی یاسام دەکرد. ئێستا

www.dengekan.com



من زۆر شارەزام تیایدا. زۆر شتم نووسیوە کە کاتم هەبووە و زۆر باشیش نەبوونە.

پرسیار : هەوڵ ئەدەی سۆزی مەسیحییەت بئاخنیە نێو کتێبەکانتەوە؟

ستیڤ بۆهانۆن- ئەمریکا

جان گریشام : من مەسیحیم. ئەو بڕوایانەش لە کتێبەکاندا دەردەکەون. لە ڕاستیدا یەک شت پێویستە تۆ وەکو نووسەر لێی وریا بی ئەویش پێی نەخلیسکێ یان بانگەشەی ئایینی نەکا. تۆ ناتەوێ خوێنەر گۆشەگیر بکەی.

پرسیار : گەر هەموو کەسێک کتێبی یان ڕۆمانی "کات بە فیرۆدان"بخوێنێتەوە لەو بڕوایەدام تێگەیشتنێکی باشتریان لە پێوەندی ڕەگەزی لا پەیدا دەبێت. ئایا ئەوە جێی بایەخت بووە ئەو کاتانەی کە ئەنووسیت؟

ئێد تورنەر-ئەمریکا

جان گریشام : نا،کە کتێبم نووسیوە تەنانەت نەمزانیوە بڵاو دەبێتەوە. هیچ تەسەورێکم نەبووە کە کاریگەریشی چۆن دەبێت بەتایبەتی لەنێو ڕەش پێستەکانی ئەمریکا. من ئەمەی هەیە ئەیوروژێنم. ئەمە ڕۆڵ بینینێکی وردی ڕەگەز پەسندیە لە قوڵایی باشوور.

پرسیار : قەد بیرت لەوە کردۆتەوە بە جیددی بنووسیت؟

جان گریشام : پاش دوانزە تا پانزە کتێب ئینجا بیر لەوە ئەکەیتەوە شتێکی جیاواز بنووسیت. ئەمە هۆیەک بوو بۆ نووسینی "بازدانی کرسمس" و "سپیکەرەوە" و " گەمەکردن بۆ پیزا"بە بێ بوونی پارێزەر تیایدا. بیرم لە جددییەت کردبۆوە نەک جیددی بوون. من نازانم جارێ چاوەڕێی ئیلهام دەکەم.

پرسیار : بۆ کات بەسەربردن حەز لە خوێندنەوەی چی دەکەی؟
مارتین ترافۆیەر- ئیتالیا

جان گریشام : ئامانجی ئەمساڵم خوێندنەوەی سەرجەم کتێبەکانی "جان ستەینبێک"ە. زۆربەیانم ساڵانی زوو وەک قوتابی خوێندۆتەوە. تازە " مارک توەین بینگ" م تەواو کرد .زەحمەتە ڕۆمانی باش بخوێنیتەوە ئەو کاتانەی کە دەنووسی. چونکە زۆر باش خۆم ئەبینم کە وەک لاسایی کەرەوەیەکی بێ مەبەستی نووسەرێکی مەزنم لێ دێت.

پرسیار : دڵخوازترین کتێبت کامەیە؟
جەی ماس-ئەمریکا

جان گریشام : پرسیارێکی قورسە. بۆ چەندین ساڵ دەموت "کات بەفیرۆدان"لەبەر ئەوەی یەکەمین کتێبم بوو. بەڵام لەو بڕوایەدام ئیتر ئەو کتێبەی کە بەردەوام و بۆ هەمیشە پێمەوە دەلکێ و لێم نابێتەوە کتێبی " پیاوە بێ تاوانەکە" دەبێت.

www.dengekan.com



پرسیار : لەو بڕوایەدای نووسینەکانت بە پێی کات ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. تۆ چۆن بەراورد دەکەی لەنێوان ڕۆمانی "کات بەفیرۆدان" و ڕۆمانی "ماڵە بۆیاخکراوەکە"؟

جولی نجێری - کینیا

جان گریشام : خۆی چەند چرکەیەک هەیە کە بەجیددی هەوڵ دەدەم بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی چی دەنووسم و چۆن دەنووسم. هیچ هەوڵدانێکی بەئەنقەست لە گۆڕدا نەبووە بۆ گۆڕینی شتەکان. ئێستاش دەخوازم بۆ نووسینی باشترین چۆنایەتی ڕۆمانی ناسراو. تۆ ئەگەر کتێبی " پێداچوونەوە" بخوێنیتەوە و ئینجا بگەڕێیتەوە دواوە و "خۆگر"یش بخوێنییەوە دڵنیا نیم لەوەی بتوانی جیاوازی لە شێوازی نووسینیان دەستنیشان بکەی.

پرسیار : ئایا قەد بەربەستی نووسینت بۆ پێشهاتووە؟
جولیۆز ئۆگنرۆ-نەیجیریا

جان گریشام : من گرفتی پێچەوانەم هەیە. هەموو ساڵێ لە کۆتایی بەهار - وەختێ کاتی نووسینی کتێبە - زۆر بیرۆکەم ئەبێت. هەمیشەش کۆمەڵێ بیرۆکەی خراپیش هەیە کە هەرگیز جێناکەون. گەر خەڵک بیزانیایە چەند بە ئاسانی دێن ئەوا ڕقیان لێم دەبۆوە.( پێدەکەنێ)

سەرچاوەکان :

1- Time Magazine
Thursday January 24, 2008

2- http://en.wikipedia.org/wiki/John_Grisham


## گفتوگۆیەک لەگەڵ کریستین شاتی ڕۆماننووسی ئەمریکی


سازدانی : دێبرا سۆلۆمۆن





.dengekan.com


کریستین شاتی ڕۆماننووسی ئەمریکی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە زانکۆی ویسکۆنسین- مادیسۆن و هاروەها بڕوانامەی ماجستێر لە هونەری شێوەکاری لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگرتووە. کریستین تا ئێستا هەشت کتێبی بڵاوکردۆتەوە. کریستین لە شاری نیۆیۆرک دەژێت و لە قوتابخانەی (نایننتیگەڵ- بامفۆرد) وانە دەڵێتەوە، لە بەشی ڕاوێژکاری لە گۆڤاری ئەدەبی قوتابخانە (فیلۆمەڵ) و یانەی کتێب خزمەت دەکات و پایزانیش زمانی ئینگلیزی دەڵێتەوە. لە زۆرێک لە قوتابخانە و کۆلێژەکان وانەی نووسینی وتووەتەوە وەکو "بارنەرد، بێننگتۆن، کۆڵۆمبیا، هۆڵینس، سارا لۆرەنس،...تاد. هەروەها کریستین لە کۆنفرانسی هاوینەی سیوانی نووسەران لە 2008 وانە دەڵێتەوە. کریستین سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبی ساڵانەیە بە ناوی (نون)، کە لە لایەن (دایان ویلیام)ەوە دەردەچێت.

### دەقی چاوپێکەوتنەکە

دێبرا سۆلۆمۆن : تۆ ئەوە چۆن دەبینی لەلایەن هاوڕێ ڕۆماننووسەکانتەوە هێرشت کرایە سەر سەبارەت بە نووسینی ڕۆمان کە گوایە تەنها سەد دانەی لێ فرۆشراوە. تۆماس مەکگوواند بە ئاشکرا ئەڵێت کە خەڵاتی میللی کتێب کەوتە ژێر " توانەوە" وە بە هەڵبژاردنی نەناسراوێکی وەکو تۆ؟

كريستين شات : زۆر جێی سەرسوڕمانی منە، جێی سەرسوڕمانمە چونكە تۆماس مەككگوواند كتێبەكەی نەفرەت كردووم بێ ئەوەی خوێندبێتییەوە. بەم بۆنەیەوە كتێبی "فلۆریدا" لانی كەم هەزار و نەوەد و نۆ دانەی لێ فرۆشراوە.

دێبرا سۆڵۆمۆن : جان لیۆناردی ڕەخنەگر پێشنیاری ئەوەی كرد كە وەرگری خەڵات دەبێت كەسێك بێت كە لە ناو زەمەن بێت و كارەكانیشی ئەنجام دابێت.

كريستين شات : من تەمەنم پەنجا و شەش ساڵە. من وانەی ئەدەبیم لە قوتابخانەی كچانی "نایتینگڵ- بەمفۆرد"لە مەنهاتان بۆ زیاتر لە بیست ساڵ وتووەتەوە. یەكەمین كۆمەڵە چیرۆكم بە ناوی "كاری شەوانە"وە بوو چونكە بە شەو نووسیومن ئەو كاتەی لەهاوسەرەكەم جیابووبوومەوە و سەرپەرشتی هەردوو كوڕەكانم دەكرد. چ شتێكی تر ئەتوانم ئەنجام بدەم.

دێبرا سۆلۆمۆن : زۆربەی هەڵبژێردراوەكان بۆ خەڵاتی ڕۆمان ئەمساڵ ئافرەتن، لەو بڕوایەدای ئەمە كاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی بەدەست دەهێنیت؟

كريستين شات : جا هەمان كاریان دەكرد ئەگەر ئێمە پێنج پیاوی نەناسراو بووینایە.

دێبرا سۆڵۆمۆن : بەبڕوای تۆ خەڵات دەبێت بە چ پێودانگێك بدرێت، ئاشكرایە كە دەبێت ئەدەبێكی زۆر چاك بێت؟

www.dengekan.com



كريستين شات : لەو بڕوایەدام تۆ پێویستە شانازی بە هەندێ كارتەوە بكەیت كە دەیانەوێ پاك بن و بابەتگەلی بەهێزیان هەبێت

دێبرا سۆڵۆمۆن : ئەوە ئەشێ وەسفی ئامێری شوشتن بێت.

كريستين شات : ڕاستە ئەشێ وا بێت، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە كە پارچە نووسینێك پێویستە بەهێز و پاك بێت .ئەمەش بەو مانایەی كە نابێ هیچ شتێكی نامۆ و هیچ سیفەتێكی سووكی وای تێدا بێت.

دێبرا سۆڵۆمۆن : تۆ لەسەرەتادا لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی"كنۆف" دەستت بەبڵاوكردنەوە كرد، كە زیاتر مەیلی بەلای ڕۆمانی جیددییەوە هەیە. بەڵام "فلۆریدا"لەلایەن ڕۆژنامەیەكی ئەكادیمی بچووكەوە بڵاوكرایەوە.

كريستين شات : هیوام دەخواست دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی "كنۆف" قەبوڵی بكات، بەڵام نەیكرد. ئەوە " گۆردن لیش" بوو لە دەزگای"كنۆف"كە چیرۆكە بەراییەكانمی كڕی و پێش ئەوەی چیرۆكەكان بڵاوببنەوە گۆردن لەسەر كارەكەی دەركرا. من لەوبڕوایەدام دەزگاكانی پەخش دەترسن موجازەفە لەسەر شتگەلی جیاواز بكەن.

دێبرا سۆڵۆمۆن : بەڵام "فلۆریدا"جیاوازییەكی بنەڕەتی نییە. چیرۆكی كچێكی هەتیومان پێدەڵێت كە پەناهەندەیی لە نێو كتێبەكاندا دەدۆزێتەوە. تۆ بۆچی لەو بڕوایەدای كە هەتیوێك ببێتە پێشهاتێكی بەهێز لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا؟

**کریستین شات : باشە چی وای لێکردووە هەتیو بێت. هەمیشە دەبێ بڵێی " زەحمەت نەبێ" و " ئایا دەتوانم؟ "تۆ بەردەوام شەوان لە ماڵی کەسی تردا بەسەر دەبەیت، ناتەوێ هەڵە بکەیت و شتی ناجۆر بکەی و داوای شتی زۆر بکەی.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : تۆ خۆت پێدەچێت شەرمن بیت، بەڵام لە کورتە چیرۆکەکانتا بە تایبەتی شتگەلێک وەردەگری لە چەشنی ڕووداوی شین و مۆر بوونە و سێکسی نێوان خوشک و برا و لاشەی مردووی ژێر تەختەی نووستن.**

**کریستین شات : من چیرۆکم هەیە کە خەڵکی تووڕە دەکات. ناوی چیرۆکەکە " ئەوە خەریکی چیت؟ "کە دەربارەی ژنێکە کوڕەکەی فێری ماچکردن دەکات.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : ئایا ئەمە پشت بە ئەزموونی ڕاستەقینە دەبەستێت؟ ئایا تۆ قەت هیچکام لە کوڕەکانت عاشقانە ماچ کردووە؟**

**کریستین شات : کوڕە گەورەکەم "نیک" ئەکتەرە و شتگەلی وا دەکات سەرسامم دەکات. تۆ لە قەبارە و جەستەیان مەڕوانە.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : تۆ لە ڕاستیدا مەبەستتە بڵێی کوڕەکانت ماچ کرد، ئەمە من دەترسێنێ!!**

www.dengekan.com



**کریستین شات : نەخێر هەرگیز شتی وام نەکردووە. جارێک هەوڵمدا فێری سەماکردنی بکەم. تۆ وەختێ دەنووسی هەمیشە هەوڵ دەدەی شتەکان گەورەتر و بە جورئەتتر دیار بخەی وەک ئەوەی لە ژیاندا هەیە.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : ئەمە دڵڕەحەت بوونێکە.**

**کریستین شات : ئەتوانم لەسەر لاپەڕە زۆر بە جورئەت و ئازا و تووڕە بم.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : باشترە لەسەر لاپەرە، نەک لە ژیان. کوڕەکانت لە ئێستادا تەمەنیان لە بیستساڵی دان چۆن لە چیرۆکەکانت دەگەن؟**

**کریستین شات : کورەکان دەستیان کرد بە پێکەنین. زۆر خۆشە کوڕت هەبێ، وا نییە؟ زۆر بەخشندەن بۆ دایکیان.**

**دێبرا سۆڵۆمۆن : بەڵێ، بەدڵنیاییەوە بەخشندەترن لە جیهانی ئەدەبی ئەمریکی.**

**کریستین شات : گرنگ نییە کەسێک چی دەڵێت. ئەگەر کارەکە باش بێت دواجار هەر دەدۆزرێتەوە. پێشتر خەیاڵی ئەوەم دەکرد لە دوای مردنم دەدۆزرێنەوە، بەڵام زۆر جوانترە لە ماوەی ژیاندا ڕێکبخرێن.**

**سەرچاوەکان :**


1- http://en.wikipedia.org/wiki/Christine_Schutt

2- http://www.nytimes.com/2004/10/31/magazine/31QUESTIONS.html
3- The New York Time Magazine
October 31,2004

تێبینی : ئەم چاوپێکەوتنە لە سی و یەکی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2004 دا ساز کراوە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیری ئەمریکی
## ج. پاتریک لویس
## سازدانی : سلڤیا ڤاردێڵ

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)



www.dengekan.com



پاش زیاتر لە دوو دەیە خزمەتکردن وەک پرۆفیسۆر لە کۆلیژی ئۆتەربەین، ج، پاتریک لویس بەرەو نووسینی شیعری منداڵان وەرئەچەرخێت. یەکەمین کتێبی شیعری بۆ منداڵان بەناوی " هیپۆپۆتامەسنت" لەساڵی 1990دا بڵاو بۆوە و لەوساوە نزیک بە حەفتا کتێبی بڵاو کردۆتەوە کە زۆربەیان شیعرن. هەروەها پاتریک لویس بەشداریکەرێکی چالاکە لە ڕانانی کتێبی منداڵان لە نیویۆرک تایمز. ساڵانە سەردانی زیاتر لە سی 30 قوتابخانەی سەرەتایی ئەکات و وتاربێژێکی(قسەکەرێکی) بەردەوامی کۆڕو کۆنفرانسەکانە. لەم دواییانەش خەڵاتی ساڵی 2011 ی ئەنجومەنی نیشتمانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی نموونەیی بۆ شیعری منداڵان پێدرا.

مەغزا و ناوەڕۆکی کۆمەڵە شیعرەکانی پاتریک لویس مەودا فراوانە، هەر لە جەختکردنە سەر زانست تا ئەگاتە ناوونیشانە مێژووییەکان. بێجگە لەمانەش پاتریک چێژ لە ئەزموونی فۆرمی شیعری و یاریکردن بە وشە وەرئەگرێت و گەلێ دانراوی هەیە هەر لە شیعری گێرانەوە تا ئەگاتە شیعری کۆنکریت(وێنەشیعر) و لیمریک و ریدڵز(مەتەڵە شیعر) و هایکۆ. لێرەدا ج پاتریک لویس بۆچوونەکانی خۆیمان لەسەر کاریگەری شیعریی و پرۆسە و دەسەڵاتی هەڵبژاردن و گێرانەوەی گاڵتەجاری و شوێنی شیعر لە ژیانی منداڵان و نەخشەکانی داهاتووی، بۆ ڕوون ئەکاتەوە.

سلڤیا ڤاردێڵ : بۆچی پێتوایە شیعر بۆ منداڵان گرنگە؟

ج. پاتری لویس : منداڵان تەواوی ژیانیان لە قسەکردن و گوێگرتن و خوێندنەوە و خەون بینین لە زمانێکدا( یان زیاتر ئەویش ئەگەر بەخت یاوەریان بێت) بەسەر ئەبەن. لەبەر ئەوە بۆچی هانیان نەدەین هەموو ئەو شتە دڵخۆشانە لە ڕێگای شیعرەوە ئەنجام نەدەن. شیعری باش سێرکە بۆ مێشک. شیعری چاک لێوانلێوە لە جۆشوخرۆشێکی

سەرکردوو. بەڵام منداڵان نازانن ئەمە مانای چییە هەتا باشترینیان پێشکەش نەکەین بۆیە بەزوویی داوای یارمەتی دووەم و سێیەم ئەکەن. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لە منداڵان ئەبنە شاعیر، بەڵام شیعر یارمەتییان ئەدات بۆ هەستکردن بە یەکێک لە گرنگترین دیاری چاوەڕواننەکراو کە مرۆڤ بەخۆڕایی لەزمانی ئینگلیزی چنگی ئەکەوێت. هەروەها لەهیچ زمانێکدا شتێک نییە جوانتر و ئیلهامبەخشتر و هەست وروژێنەرتر لە شیعر.

سلڤیا ڤاردێڵ : چۆ هاتیتە سەر نووسینی شیعری منداڵان لەکاتێکدا خۆت خاوەن بڕوانامەیت لە مێژووی ئابووری ڕوسیا؟

ج. پاتری لویس : وەڵامی ئاساییم ئەوەیە کە ئابووریناسێک ئەتوانێت ببێتە شاعیری منداڵان تەنها دوای نەشتەرگەرییەکی زۆر ناسک(سوعبەت ئەکەم). لەڕاستیدا یەکەمجار ویستم ببم بە نووسەر و بۆیە بۆ ماوەی سی ساڵ خەریکی نووسینی ئابووری بووم. بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم نووسینی ئابووری ئەخوێننەوە جگە لەو کەسانەی کەبە کورسییەکانیانەوە بەستراونەتەوە. خۆشبەختانە وەختێک هێشتا فەرخە بووم ( نزیکەی چل ساڵان دەبووم) شیعری " ئەو ڕێیەی نەگیرایەبەر"ی ڕۆبەرت فرۆستم بەرچاو کەوت و ئیتر ئەوە هەموو شتێکی گۆڕی.

سلڤیا ڤاردێڵ : شیعر لەسەر چ بەشێک لە منداڵیت کاریگەری داناوە؟

ج. پاتری لویس : وەختێک لە قۆناغەکانی خوێندنمدا مامۆستایەکی ئەفسووناویم هەبوو ئەیگووت" کوڕی خۆم من یەک ئامۆژگاریت ئەکەم،

www.dengekan.com



ئیمیلی دیکنسۆن و ڕۆبەرت فرۆست" بخوێنەوە و پێمبڵێ ئەگەر لەرزی خۆشی نەیگرتی." بەڵام ئەفسووس، ئەمە قەت ڕووینەدا. بۆیە دڵتەنگم بەوەی بڵێم کە شیعر هیچ کاریگەری بەسەر هیچ بەشێک لە منداڵیم جێنەهێشتووە. من نموونەیەکی زیندووی ئەوەم کەئەڵێت" هەرگیز درەنگ نییە" ئەوانەی چاوەڕوان ئەبن شتی باشیان دێتە ڕێ.

سلڤیا ڤاردێڵ : حەزت لە چ شیعر و شاعیرگەلێکە؟ وە بۆچی؟ یان کامەیان زۆرترین کاریگەری لەسەر داناوی بۆ بوون بە شاعیر؟

ج. پاتری لویس : شیعری منداڵانی شاعیرە مەزنەکانی وەکو ئێدوارد لیر و لویس کارۆڵ ،وە لیستی شاعیرگەلێکی کەم تا زۆر لەبیرکراو کە ئەگەڕێمەوە سەریان : ئارسەر گیتەرمان، هیلەیر بیڵۆک، چارڵس و گەی کاریلۆ زۆری تر کە بای مەرگ ڕا پێچی کردوون. ئۆگدین ناش کاریگەری زۆری داناوە. بەڵام من کاتێکی زۆر بەخوێندنەوەی شیعری پێگەیشتوان(گەورە) بەسەر ئەبەم، وەک ئێملی دیکنسۆن، ڕۆبەرت فرۆست، و. ە. ئاودین، فیلیپ لارکین، تۆماس هاردی، تیۆدۆر ڕۆیسێک، ئەی ی. هاوسمان، ئیدوین ئارلینگتۆن ڕۆبینسۆن، جەیمس فێنتۆن، زۆر ناوی تر. من پێموایە شاعیران لە ڕێگەی هەر شیعرێکی باش کە ئەیخوێننەوە کاریگەری دائەنێن هەرچەندە لەوانەیە دروست نەشزانن چۆن.

سلڤیا ڤاردێڵ : ئایا تۆ پەیڕەوی پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی داهێنانی شیعری خۆت ئەکەی؟ لەچاودێریکردنەوە تا لەگەڵ بەشکردن؟
ج. پاتری لویس : نووسەران خۆیان تاکی خەڵکن و مەعسوم نین لە هەڵە. هەریەک لەئێمە ڕێگای بێهاوتای خۆی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی

ئەم پرسیارە. وەختێ سەردانی قوتابخانەکان ناکەم، لانیکەم هەشت کاتژمێر لەڕۆژێکدا و هەفتەی حەوت ڕۆژ لە هەفتەدا خەریکی کارکردنم. مەبەستم لەکارکردن خوێندنەوەیە( کەهەمیشە بەپلەی یەکەم دێت) ئینجا نووسین و دووبارە نووسینەوە و ئینجا خەریکی لێکۆڵینەوە ئەبم.

سلڤیا ڤاردێڵ : زۆربەی جار شیعرەکانت دەربارەی مێژوون یان ناوونیشانی مێژوویان هەیە. چۆن هاتوویتەتە سەر ئەو جەختکردنە؟ بۆچی ئەمەت بەلاوە گرنگە؟

ج. پاتری لویس : وەک بەردەوام ئاماژەم پێداوە ئامانجم گەڕانە بەپانتایی بەرنامەکانی خوێندن و سەرجەم قۆناغە جیاجیاکان. بابەتی هەڵبژێردراوم جەنگی ئەهلی، ژنێکی نائاسایی، ڕەشپێستێکی ئەمریکی سەرنجلێدراو، یادی ناوداران، جوگرافیا، گالیلۆ، مایکڵ ئەنجێڵۆ، شت تری لەم جۆرە کە لە هەستێکەوە هەڵئەقوڵێن تالەتوانامدا بێت دەنگی بچووکی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی مەزنی مرۆڤایەتی بۆ ئەو مەغزایانەی لە گەشتدان و دووبارە نەکردنەوەی کاری کەسانی تر. من هەمیشە بەدوای ئەو بابەتە دەست لێنەدراوانە - یان بەپێی پێویست دەست لێنەدراوانە - دا ئەگەڕێم.

سلڤیا ڤاردێڵ : پێئەچێت دڵشاد بیت بە دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ شێوەی (فۆرمی) شیعری. چ شێوەیەکت بەلاوە دڵخوازە؟ ئایا هیچ شێوەیەکی تر هەیە کە حەز بکەیت تاقی بکەیتەوە؟
ج. پاتری لویس : لەو بڕوایەدام کۆپلە شیعرەکان یان پێوانە هاوبەشەکان زۆر لەشیعری منداڵاندا بەکار ئەهێنرێن. سەرتاپای

www.dengekan.com



کتێبی کۆپلە شیعرەکان تەنانەت ئەوانەی زۆر پێکەنیناویشن زۆر دووبارە ئەبنەوە و بێتام ئەبن. سەدان شێوەی تر هەیە کە زۆربەیان تەنانەت وەک سواڵکردنێک بۆ تاقیکردنەوە لەدەرەوەڕا هێنراون. وای ئەبینم شاعیرانی منداڵان ئەبێت ئامادە بن بۆ ڕیسکی(موجازەفە)ی زیاتر. بەداخەوە شێوە درێژەکان پێئەچێت لەگەڵ ویستی دایک و باوک و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە نەیەنەوە. بۆیە شێوە کورتەکان براوەی ئەمرۆن. ناتوانم شێوەیەکی دڵخواز هەڵبژێرم لەکاتێکدا زۆر شت ئەوەستێتە سەر بابەتەکە لەچەشنی دارشتنی بێمانا، بابەتی نائەدەبی، نووسینەوەی ژیاننامە. من شێوەیەکی نووسینی نوێی هۆنراوەم داهێناوە کە پێیئەوترێت زینۆ، بەڵام تەقریبەن هیچ دەرفەتێکی دۆزینەوەی جێ و شوێنی گونجاوی لەناو شێوە جێکەوتووەکاندا نەدۆزیوەتەوە ئەویش بەوپەڕی سادەییەوە چونکە کرداری سەروا دانان تیایدا زۆر بەتوندی و بەوردی پەیڕەو ئەکرێت.

سلڤیا ڤاردێڵ : لەوە ئەچێت لاساییکردنەوەی شیعر گونجاو بێت وەک کەناڵێک بۆ دەربڕینی هەستە گاڵتەئامێزەکانت. تۆ شیعر بۆ لاساییکردنەوە چۆن هەڵئەبژێریت و پاشان چۆن ئەو ئاوازانەی بۆ دائەهێنێت؟

ج. پاتری لویس : لاساییکردنەوەی شیعر زۆر چێژدارە. من وەک ستایش و (هەروەها وەک تەواوکردنیش) بۆ دەقە ئەسڵییەکە بیریان لێدەکەمەوە لەبری ئەوە ئەبێت تۆزێک بچێتە سەرەوە تەنانەت ئەگەر هەندێ زیانیشی بەدواوە بێت. کۆمەڵە شیعری هارکۆرت لاساییکردنەوەن کەلەساڵی ٢٠١٢ بڵاو ئەبێتەوە و ئەم ناوانە لەخۆ ئەگرێت، شیرینییەکەی ئەدگار ئاڵن پۆ، شیعری کلاسیک لەمەتەڵێ

ماتماتیکدا. کلیلی هەڵبژاردنی شیعر بۆ لاساییکردنەوە ئەوەیە کە دەقە ئەسڵییەکە ئەبێت کەم تا زۆر ناسراو بێت. ئەگەر تۆ لاسایی شیعری نەناسراو بکەیتەوە کەس نازانی باسی چی ئەکەی. کەم کەس هەیە شیعری " ئەو مێشهەنگوینە بچووکە چەند سەرقاڵە"ی ئیسحاق واتیان لەیاد ماوە، چونکە ئەمڕۆ زۆر بەجوانی لەلایەن لویس کارۆڵەوە لاساییکراوەتەوە " ئەو تیمساحە بچووکە چەند سەرقاڵە" بەڵام بەستەکەی وات بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ لەناو خەڵکدا بەبرەو بوو.

سلڤیا ڤاردێڵ : زۆربەی بەرهەمەکانت لە کتێبی وێنەداردا لەلایەن هونەرمەندان و نیگارکێشەکانەوە ڕێکخراون(فۆرمات) کراون. تۆ ڕۆڵی نیگار لە کتێبی شیعری منداڵاندا چۆن ئەبینیت؟

ج. پاتری لویس : ئاوێزانبوونی نێوان دەق و هونەر شوێنێکی باڵاتری هەیە لەوەی لەکتێبی منداڵاندا هەیە. من لەوەدا بەختەوەر بووم لەهەڵبژاردنی هونەرمەندان بۆ کتێبەکانم بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بڵاوکردنەوەی داهێنان چاپیکردوون، کەبە بۆچوونی من کتێبەکانیان کردە جوانترین کتێبی نیگاردار لە جیهاندا. خاوەنداریێتی کتێبیش ئەبێتە نیوە یان ئەبێتە یەک لەسەر سێ ئەگەر گرنگی کاری نەخشەسازی کتێبەکە لەبەرچاو بگریت. هاوڕێی کۆچکردووی ئازیزم" میرا کۆهن لیڤینگستۆن" پێی وابوو کە شیعر نابێت بەهیچ شتێک دەورە بدرێت جگە لە بۆشاییەکی سپی. بۆ ئەو کۆشێعرانەی بۆ تەمەن گەورە دانراون من کۆکم لەگەڵیدا. بەڵام بۆ کتێبی منداڵان هونەرمەند لەتوانایدایە بەڕێگایەکی سەرسوڕهێنەر و هەست وروژێنەرانە هەست بخاتە بەر وشەکان. ئەو کاتەی هونەرمەند و شاعیر بەلێهاتوویی

www.dengekan.com



هاوکاری یەکتر ئەکەن،باشترین کتێبی نیگاردار وەک ئەنجامی هاوکارییەکی پتەو خۆی ئەنوێنێت.
سلڤیا ڤاردێڵ : خۆشترین شت بەلای تۆوە چییە کە لە قوتابخانە و کتێبخانە گشتییەکاندا سەردانی منداڵان ئەکەی ؟

ج. پاتری لویس : دوای ئەنجامدانی زیاتر لە چواردسەد و پەنجا ٤٥٠ سەردان لەناوەوە و لەدەرەوە وابزانم بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم سوپاسگوزاری منداڵان بۆ کتێب گەورەترین خەڵاتی سەردانەکانمان بووە. بەشێوەیەک کە دڵشادییەکی بەرچاو لەئەنجامی گوێگرتن لە قسەی شیعراوی دێتە ئاراوە. مەتەڵەکانیش هەمیشە زۆر خۆشن چونکە بەوپەڕی سادەییەوە لەکارلێکردندان. کە وەک گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی مۆسیقای ڕۆک بەرخوردت لەگەڵ ئەکەن.(کە هاوسەرەکەم هەتا ئێستاش ئەو شێوە بەرخوردە ڕەت ئەکاتەوە). من پەلەمە ئەوەشی بۆ زیاد بکەم و بڵێم بوون لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە مامۆستا و ئەمینداری کتێبخانە گشتییەکانن هۆیەکی ترە کە بۆچی سەردانیکردنی قوتابخانەکان خەڵاتن. بێ مەراییکردن و خۆبردنە پێشەوەی ڕواڵەتییانە پێموانییە زۆربەی خەڵک سوپاسگوزاری کاری سەخت و خەیاڵی چاودێری کەرانی گەنجانمان بکەن.

سلڤیا ڤاردێڵ : بە بۆچوونی تۆ چ ناوونیشانگەلێک ئەتوانرێت بۆ شیعری منداڵان بەکار بهێنرێن. گەر لەسەر هەر شتێک بنووسیت( بە چاوپۆشی لە لایەنە بازرگانییەکەی) تۆ چی هەڵئەبژێریت؟

ج. پاتری لویس : بۆ مێردمنداڵان زیاتر شتگەلی غەیرەخەیاڵی لەشیعردا پەسندە. ئەمساڵ کۆشیعری "جین یۆڵن" و کۆشیعرێکی ترم

هەیە بەناوی "پۆترەیتی خود بە حەوت پەنجەوە" ژیانی ماک جاگاڵ بەشیعر لەچاپکراوەکانی(بڵاوکردنەوەی داهێنان) . ساڵی ئایندەش "هەورەتریشقە بەر لەبروسکە"م هەیە، شیعر بۆ مافە مەدەنییەکان کەلەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کرۆنیکڵ چاپ و بڵاو ئەکرێتەوە. بۆ منداڵانیش ئومێدی گەشم دووبارە نوێکردنەوەی بایەخە بە چیرۆکی درێژ لە هۆنراوەی بێمانا وەک دارتاش و فیلی دەریا" ی لویس کارلۆسی شاعیر یان "ڕەفتاری پەسند" ی و.س.گیلبەرت.

سلڤیا ڤاردێل : لەم سەردەمی دیجیتاڵە (تەکنەلۆجیایە) ڕۆڵی نموونەیی تەکنەلۆجیا لە داهێنانی پەرەپێدانی شیعر بۆ گەنجان چییە؟

ج. پاتری لویس : لەو بڕوایەدام زوو لەدایک بووم تا سوپاسگوزاری تەواوی دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنەلۆجیای نوێ بکەم. من بەوپەڕی پڕکێشیکردن و بێسڵەمینەوە ئەتوانم بڵێم هەموو ئەمانە چ مانایەکیان بۆ چاپکراوی منداڵان و شیعری منداڵان هەیە. لەواقیعدا ئەم شێواندنە خێرایەی سەردەمی دیجیتاڵ بەخێرایی تێئەپەڕێت و کەس لەئێمە توانانی پێشبینیکردنی داهاتووی بەتەواوی نییە. من تا ئەو جێگایەی لەتوانامدایە چاوەڕوانم ببینم داهاتوو چۆن کەشف ئەکرێت.

سلڤیا ڤاردێل : وەک وەرگری هەردوو خەڵاتی شیعریی، خەڵاتی شاعیری هەڵکەوتووی جیاوازی منداڵان و خەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی نموونەیی بۆ شیعر، نەخشەکانت بۆ داهاتوو چین؟

www.dengekan.com



ج. پاتری لویس : ئەوە ئەوەستێتە سەر ئەوەی چی بەدی ئەکەین . بەڵام کۆمەڵێ بیرۆکەم هەن وەک ئەوەی من بە پەرۆشەوە(بەمکورییەوە) لەگەڵ کەسانی دلۆڤانیتر لە ڕێکخراوی شیعر خەریکی لێکۆڵینەوە بم. ڕۆیشتنی هەریەک لەنووسەرانی منداڵان "جاک بریلاتسکی" و "ماری ئان هۆبەرمان" جێ پێیەکی گەورەیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت. ئەگەر خۆشی و پەرۆشی بۆ هەر شتێک بەحیساب بێت ئەوا خۆشحاڵم کەوا بیرئەکەمەوە کە من لەئاست ئەم ئەرکەدام وە ناشتوانم چاوەڕوانی ئەوە بم کە دوو ساڵی تر چیمان لەگۆشەی ئەدەبی منداڵانەوە بۆ دێنێ، ببینم. کاتێ لەلایەن "جۆن باڕ" بەڕێوەبەری ڕێکخراوی شیعر تەلەفۆنم بۆکرا و شوێنکاتی خەڵاتەکەی پێ ڕاگەیاندم لەرزێکی بێئەندازە دایگرتم. ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتریش هەستم ئەکرد پەپوولەیەک لەسەر دڵم سەما ئەکات؛ ڕێک هاوشێوەی ئەوەی کاتێ کۆمیتەی خەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی نموونەیی بۆ شیعر لەمانگی تشرینی دووەم پەیوەندیان پێوەکردم. من لەقوڵایی دڵمەوە سوپاسگوزاری ئەنجومەنی نیشتمانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی نموونەیی بۆ شیعر و هەموو ئەو بەڕێزانەی ڕێکخراوی شیعرم کەخەڵاتیان کردم و من وایان ئەبینم کە دوو دەستکەوتی گەورەن لە بواری شیعری منداڵاندا.

زۆر بەکورتی دەربارەی خەڵاتەکان و ج پاتریک لویس و سلڤیا ڤاردێڵ ...
وەرگێڕ ئامادەی کردووە

**دەربارەی خەڵاتەکان**

خەڵاتی شاعیری هەڵکەوتووی جیاوازی منداڵان : خەڵاتێکە هەر دوو ساڵ جارێک ئەدرێت بەو شاعیرەی لە هەوڵی بەرزکردنەوەی هۆشیاری منداڵان دایە و بەوەی کە منداڵان ئامادەیی وەرگرتنی سروشتییان هەیە بۆ شیعر و وە گوێگرێکی زۆر شایستەی ئەو جۆرە شیعرەن بەتایبەتی کاتێ بۆ ئەوان نووسرابێت.
خەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی نموونەیی بۆ شیعر خەڵاتێکە و لەساڵی ١٩٧٧ەوە هەیە لەساڵی ١٩٧٧ەوە تا ١٩٨٢ ساڵانە بوو و دواتر بوو بە سێ ساڵ جارێک و ئەدرێت بە شاعیرێکی لەژیاندا ماو کە شیعر بۆ منداڵان ئەنووسێت. تا ئێستا شانزە شاعیر ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە. جێی باسە ئەم خەڵاتە تەنها ئەبەخشرێتە شاعیرانی ئەمریکا.
قۆناغی شانزەهەم لە سیستەمی خوێندنی ئەمریکا بەمانای خوێندنی دوای ئامادەییە(کۆلێژ یان زانکۆ).
زینۆ : شێوازێکی نوێی نووسینی هۆنراوەی منداڵانە و چ پاتریک لویس دایهێناوە وەک خۆی لەم چاوپێکەوتنە ئاماژەی پێدەدا. ج پاتریک لویس ئەم شێوە شیعرییەی بەناوی زینۆی فەیلەسوفی پارادۆکسی یۆنانەوە ناوناوە. زینۆ لە دە دێرەشیعر پێکدێت کە بەم شێوەیەیە( ٨ بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە).

## دەربارەی ج. پاتریک لویس و سلڤیا ڤاردێڵ

ج.پاتریک لویس لە شاری گرەی لە ویلایەتی ئیندیانا گەورە بووە و بەکالۆریۆس لە کۆلیژی سانیت جۆزیف وەرئەگرێت و بڕوانامەی ماستەریش لە زانکۆی ئیندیانا و دکتۆراش لە ئابووری لە زانکۆی

www.dengekan.com



ئۆهایۆ وەرئەگرێت. لویس لە بەشی بازرگانی، ئابوری و ژمێریاری لە زانکۆی ئۆتەربەین تا ساڵی 1998 کەبەتەواوەتی خۆی بۆ نووسین تەرخان ئەکات، وانە ئەڵێتەوە. پاتریک لویس زیاتر لە حەفتا کتێبی شیعری بۆ منداڵان داناوە. بەهەردوو شێوازی ئازاد و فۆرماڵ سەبارەت بە گەلێ بابەتی جیاواز هەر لە مێژووەوە بگرە تا ئەگاتە ماتماتیک.لە فۆلکلۆری ڕوسییەوە تا ئەگاتە شانشینی ئاژەڵان. پاتریک بێجگە لە نووسینی شیعر بۆ منداڵان ، شیعری بۆ گەورەش هەیە" نەورەسەکان ئاسمانیان ڕاگرتووە" 1993- 2000 بارگاوییە بە میتافۆر و گاڵتەجاری. پاتریک لویس ئێستا لە وێستەرڤیڵ لە ویلایەتی ئۆهایۆ ئەژێت.

دکتۆر سلڤیا ڤاردێڵی لەبواری وانە وتنەوەدا پرۆفیسۆر بووە لەزانکۆی زیمبابۆی و زانکۆی نیڤادە و یاریدەدەری پرۆفیسۆر بووە لەزانکۆی هیستن- ڤیکتۆریا و ئێستاش پرۆفیسۆرە لەزانکۆی ژنانی تێکساس. دکتۆر سلڤیا زیاتر لە هەشتا لێکۆڵینەوەی نووسیوە و بەشداری زیاتر لە نووسینی بیست و پێنج کتێب کردووە. دکتۆر سلڤیا ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی وایلدەرە و ئەندامی کۆمیتەی ئەربسۆنتە بۆ خزمەتگوزاری کتێبخانەی منداڵان، ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی سیبێرتە و ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی ئۆدیسییە. سەرنووسەری گۆڤاری بوکبێرد بووە و سەرۆکی بۆردی کتێب بۆ گەنجان بووە و دادوەری خەڵاتی لی بێنیت هۆپکنە بۆ شیعر و سەرۆکی خەڵاتی ئۆربیس پیکتوسە. سلڤیا زیاتر لە سەد کۆڕی لەئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی گێڕاوە.. سلڤیا ئێستا پرۆفیسۆری ئەدەبی منداڵان و لاوانە لەزانکۆی ژنانی تێکساس و دایکی دوو منداڵە و زیاتر لە سی ساڵە هاوسەرگیری کردووە. دکتۆر سلڤیا جگە لە کتێب حەزی لە گەشتوگوزار و چوونە سینەمایە.

سەرچاوەکان :


1- Poetry Foundation Newsletter
May 20 2011
2- http://en.wikipedia.org/wiki/J._Patrick_Lewis
3- http://www.twu.edu/slis/vardell.asp
4- http://www.ncte.org/awards/poetry
5- http://poetryforchildren.blogspot.ca/2009/10/birth-of-zeno.html


## ڕۆماننووسی بەریتانی
## سەلمان ڕوشدی
## ژیانی خۆی لە یادەوەری جۆزیف ئەنتۆن بنیاد دەنێتەوە!

سازدانی : برایەن لینج

www.dengekan.com





لەڕۆژی خۆشەویستی(ڤالانتاین)ی ساڵی 1989 ئایدێندتی سەلمان ڕوشدی بوو بەدوو لەتەوە. چەند مانگ پێشتر نووسەری بەریتانی ستایشکراو بوو بەئامانجی مشتومڕێکی ناخۆش لەئەنجامی تازەترین ڕۆمانی(ئایاتی شەیتانی) کە زۆرێک لە موسوڵمانان پێیان وابوو تیایدا بێڕێزییەک بە بنەماو پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام کراوە. هەر لەو ڕۆژەدا سەرۆکی ڕژێمی ئایینی ئێرانی ئایەتوڵا ڕوحوڵڵا خومەینی فەتوای کوشتنی ئەو نووسەرەی دا. سەلمان ڕوشدی دەستبەجێ دەبێتە وێردی سەرزاری هەموو کەس و لەئاستی جیهاندا دەناسرێت و لەترسی کوشتن بەدەستی توندڕەوەکان ناچار دەبێت خۆی بشارێتەوە. وەک لە یادەوەری دڵداخورپێنەری جۆزیف ئەنتۆن دا بیری دەکەوێتەوە "سەلمان"ی تایبەت هەمیشە خۆی بەوە ناسیوە لە لایەن ڕای گشتییەوە بە "ڕوشدی" خزمەت بکرێ. ئەو ڕوخسارەی کە هێمای داکۆکیکەری ئازادی دەربڕین و ناوزڕاندنی زەندیقێکی(کافرێکی) خوێن بەبەهایە.

کتێبی یادەوەری جۆزێف ئەنتۆن حیسابێکی نایابە لەژیان بۆ گەیشتن بەوەی پێیدەوترێت مەسەلەی ڕوشدی لە هەموو ترس و شڵەژان و ئازایەتی و نەخشەدانانی نابەجێ. ڕۆژنامەی " زی جۆرجیا سترایت" لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا دەستی گەیشت بە سەلمان ڕوشدی بۆ گفتوگۆیەک سەبارەت بەو کتێبە.

برایەن لینچ : زۆرجار نووسەران پرۆسەی داهێنان ئاوا وەسف دەکەن وەک بەکێشکردنیان بێت بۆ دونیایەک لەگەڵ کارکردنی زیاتریان، ئەو دونیایە ڕەونەق و ڕەونەقتر خۆی دەنوێنێت. ئایا ئەمجارە شتێکی لەوجۆرە ڕوویدا کە بتگێڕێتەوە بۆ ئەو کاتە ناخۆشانەی ژیانت؟ ئایا ئەو کاتە ناخۆشانەت تێپەڕاندووە؟

سەلمان ڕوشدی : نەخێر لەتوانامدا بوو لەجێگایەکی جیاوازتردا چاوی پێدا بخشێنمەوە. یەکێ لەو شتانەی کە هەوڵمدا لەکتێبەکەدا ڕووبدات ئەوە بوو پێشنیاری ئەوە بکەم ئەو کەسەی کتێبەکە دەنووسێت (من) ئێستا هەمان ئەو کەسە نییە کە لەبارەیەوە دەنووسرێت کە ئاشکرایە ئەو سەردەمەی لێوانلێو بوو لە مەینەتی و ناخۆشی و شتێتر و هەروەها زۆر گەنجتریش بوو. من لێرەدا دەربارەی شتێک دەدوێم کاتێک ڕوویدا تەمەنم چلویەک ساڵ بوو و نزیک بە دەساڵێکی خایاند. تەنانەت لەکۆتایشیدا و تا ئێستا وا بوو بە زیاتر لە دوانزە ساڵ. بۆیە هەستمکرد ئەتوانم بەو جۆرە وەک کاراکتەرێکی خەیاڵی ئاوڕ لەڕابردوو بدەمەوە.

www.dengekan.com



برایەن لینچ : ئەی لەسەرێکەوە تۆ بۆچی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک "ئەو" ت بەدرێژایی کات هەڵبژاردووە وەک ئاماژەیەک بۆ خۆت؟

سەلمان ڕوشدی : زۆر باشە بەڵێ ئەوە یارمەتیدەر بوو. من هەوڵمدا کتێبەکە بەبەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بنووسم بەڵام بەوپەڕی سادەیی و ڕاشکاوییەوە ئەڵێم بەدڵم نەبوو. حەزم لەو جۆرە نەبوو. من ڕۆمانم بەبەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک نووسیوە – مندالانی نیوەشەو- بەبەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک نووسراوە. بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان جیاوازە کاتێک کە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دروست دەکرێت بۆ وەختێک کەبوونی نییە. وە هەستمکرد ئەو جۆرەم بەدڵ نییە. من بەڕاستی هەستمکرد ئەمەم دەوێت بۆ ئەوەی هەست بکەم ئەمە یەکێکە لە کتێبەکانم. نەمویست هەست بەشتێکی جیاواز و جودا لەبەشەکانی تری جەستەی کارەکەم بکەم. بۆ ماوەیەکی درێژ نەمئەزانی مەبەستم لەوە چییە بوو و وە نەشمئەزانی چۆن بەدەستی بێنم. پاشان وردە وردە کەوتمە بیرکردنەوە لەدەوری ئەمە وەک جۆرێک لە نووسینی ڕۆمانی غەیرە خەیاڵی لەچەشنی لیستی شیندلەر وەکو خوێنی سارد، شتی دروست، گۆرانی لەسێدارەدراوێک. هەروەها پێموابوو " نووسین بەم شێوەیە - نووسینی ڕۆمان کە ڕووداوەکانی ڕاستەقینە بێت"، ئەوەش جۆرێک بوو لەو کلیلانەی کە دەرگای کتێبەکەی دەکردەوە. جارێکی تریش ئەیڵێمەوە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک یارمەتیدەر بوو بۆ ئەم کارە.

برایەن لینچ : لە یادەوەری جۆزێف ئەنتۆندا تۆ وەسفی گۆڕانی بەشێکی ژیانی خۆت دەکەی بۆ ڕۆمانی"مندالانی نیوەشەو". جیاوازی پرۆسەی چیرۆک گێڕەرەوە لەنووسینی ئەمجۆرە یادەوەرییەدا چییە؟

سەلمان ڕوشدی : لەڕاستیدا یەک شتە. ئەوی ڕاستی بێت من وازم لەبیرکردنەوە دەربارەی ئەم کتێبە و ڕۆمانی منداڵانی نیوەشەو هێناوە وەک جۆرێک لە ڕوانین لەیەکتر لەسەرتاپای جەستەی کارکردنم. چونکە لەوانەیە دوو کتێب بن کە زۆربەی ئەزموونە خودییەکانم تیایاندا ڕەنگیان دابێتەوە. منداڵانی نیوەشەو ڕەنگدانەوەی سەردەمی منداڵی و دواترە. هەروەها لەقۆناغی دەستپێکردنی نووسینم شێوە گێرانەوەی خەیاڵیی خانەوادەکەم و وە لە قۆناغی ئێستای نووسینم ئەم شێوە گێڕانەوە غەیرە خەیاڵییە بۆ خودی گەورەییم و خانەوادەکەم. من وای دەبینم هەندێ پەیوەندی نائاسایی و سەیر لەئارادان لەنێوان ئەو دوو کتێبە چونکە بەهۆی ئەوە و بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە لەڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نییە. ( پێدەکەنێ)

براین لینج : نیشاندانی ئەوەی کتێبی یادەوەری جۆزیف ئەنتۆن دەربارەی چییە لەگەڵ باجێکی شەخسی گەورەی ئەو شارەزاییەی کە وەسفی دەکەی کەوتۆتە سەرت، هەڵەیە بوترێ بەس بۆ خۆشی دامناون.

سەلمان ڕوشدی : ئۆی نەخێر من خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم بەو ڕاستییەی کە خەڵکانێک دەیانووت زۆر خۆشە. من ئەمزانی چیرۆکێکی باشم هەیە بۆ وتن و ئەزانی هەوڵیشمدا هەر ئەو چیرۆکە بڵێم؟ هەروەها زۆر خۆشحاڵ بووم بە بیستنی ئەو شتەی کە هەرچەندە بەقەبارەی شەش سەد لاپەڕەیە خەڵک حەز لە خوێندنەوەی درێژ ناکەن - بەڵام ئیستیعابی ئەکەن و حەز لەخوێندنەوەی ئەکەن. من لەو بڕوایەدام ئەمە شتێکی سەیربوو لێم ڕوویدا کەژیانمی خۆش کرد، مەبەستم ئەوەیە ژیانی زۆربەی نووسەران ئاوا سەرنجڕاکێش نییە وە

www.dengekan.com



من نەفرەت لەسەرنجڕاکێشی ژیان دەکەم.( پێئەکەنێ) من وام مێشکدا دەگوزەرا چیرۆکەکەت بگێڕەوە - تەنها چیرۆکەکەت بگێڕەوە و با کاریگەری خۆی دابنێت". وای دەبینم کە ئەمە چیرۆکیکی باشە...باش نییە لەناوی بژێیت ئەوە گرنگە لەبارەیەوە بنووسیت.

براین لینج : وەسفێکی زۆر جوان لە کتێبەکەتدا هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن بۆ ماوەیەک "زیندانیبوون وەک پێویست بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت" لەگەڵ ئومێدی سەرکەوتن بە تێگەیشتن لە ژیانی دووژمنانت لەمیانی هەندێ ستەیتمێنتی ڕوون دەربارەی جێ و شوێنی تایبەتی تۆ لەڕۆمانی"ئایاتی شەیتانی". ئایا لەکاتی نووسینی کتێبی یادەوەری جۆزیف ئەنتۆندا دەبوو ئەو "پاڵنەر" ە یان "هاندان" ە لەبەرچاو بگریت؟

سەلمان ڕوشدی : نەخێر لەڕاستیدا بەجۆرێک لەجۆرەکان هاندانێکی پێچەوانەیە. یەکێک لەو هۆکارانەی منی خستە سەر ڕێچکەی نووسینی ئەو کتێبە ئەوەبوو " مەرایی مەکە...ماستاو سارد مەکەرەوە". هەروەها من ئەمزانی کە ئەو کتێبە زۆرتر ڕووی ڕەخنەی لەخۆم بوو وەک لەکەسێکیتر. چونکە پێموایە ئەو کتێبەی نووسەرەکەی تیایدا هەوڵ ئەدات بڵێ چەند بە ئاکارەوە هەڵسوکەوت ئەکات لەکاتێکدا بە خەڵکانێک دەورە دراوە کەبەو جۆرە هەڵسوکەوت ناکەن کە هەست بە کەسێتی خۆیان ناکەن و وەڕاستەقینەش نین. بۆیە پێموابوو " دەبێ ڕاستی بوترێت دەبێت ڕاستی بوترێت با دۆزەخی لەگەڵدا بێت" وەک ژیانی هەر مرۆڤێک زۆر شت هەیە ئاواتەخواز بووم نەمکردنایە یان بەجۆرێکی تر ئەنجامم بدانایە یان زووتر یان درەنگتر یان بەهەرحاڵ. وە پێموایە گرنگە ئەوە بووترێت.

برایەن لینج : ئایا ئارگیۆمێنتی بەرگریکردنت لە ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی بەپێی تێپەڕبوونی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

سەلمان ڕوشدی : تەنها لەوانەیە لەقەناعەتەکانی من بەهێزتر بوویێتن. من پێموایە لەسەردەمێکدا دەژین نەک تەنها هێرش لەسەر ئازادی ڕادەربڕین لەهەموو گۆشەیەکی جیهان هەیە بەڵکو بەردەوام پێمان وتراوە سانسۆری خودیی (الرقابة الذاتية) ئارگیومێنتێکی باشە کەجۆرێکە لە "دانیشە و دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات" ، وە لەگۆشەنیگای منەوە ئەو ئەدەبە مەزنە هەمیشە کڵاوی داوەتە دەم باوە و وە زۆر گرنگە ئەمەت لەبەرچاوت ون نەبێت.

برایەن لینج : تۆ جارێکیان لە نووسینێکتدا وتت ئەدەب هۆکارێکە بۆ چێوەکێشان یان وێناکردن کەدەتوانین هەنگاوی بۆ هەڵبگرین و لەناویدا نیشتەجێ بین، وەک هۆکارێک بۆ پێدانی مانا بەژیان.

سەلمان ڕوشدی : بەڵێ بەدڵنیاییەوە یەکێک لەو شتانەی کە وتومە هەرچەندە نایەتەوە یادم لەم کتێبەدایە یا لەجێگایەکی تردا وتومە یەکێک لەئاکامەکانی هیرش کردنە سەر ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی ئەو چێوە کێشانەیە یان ئەو وێناکردنەوەی جیهانە کە ژیانی یەکێکی تێدا دەژێت و تێک دەشکێت. ڕێگایەکی تر هەیە بۆ وەسفی ئەو دیاردەیە ئەویش شێتییە، چونکە هەموومان لەناو ئەو وێنەیەی جیهان دەژین و دەزانین چۆن کار دەکات و ئێمە لە چ جێگایەکی ئەو جیهانەداین. کاتێک ئەو وێنەیە ون دەکەیت ئیتر ئەوە زۆر زۆر حەپەسێنەر و سەرلێشێواوییە. بۆیە ناچارم بنیادی بنێمەوە، ناچارم وێنەی ئەو

www.dengekan.com



جیهانە بۆ خۆم بنیاد بنێمەوە و مانای ژیانی پێبدەم. بەڵی نووسینی ئەو کتێبە بەشێک بوو لە پێدانی مانا بەژیان.

برایەن لینج : لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییانەت لەگەڵ بی بی سی BBC دا ئاماژەت بەوەدا لەو بڕوایەدا نیت کە ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی لەبارودۆخی ئەمڕۆدا بڵاوببێتەوە.

سەلمان ڕوشدی : لەو بڕوایەدام ئەوەی وتم تۆزێک زیادەڕۆییان پێوەکرد. پێموایە گومانی تێدا نییە زەحمەتترە چونکە جۆرێک لە کاریگەری ساردی ئەبێت. وە خەڵکیش نایەوێت ئەوە جارێکیتر دووبارە بێتەوە. نەک تەنها ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی بۆ نموونە ئەی ئێستا چی؟ ساڵێک یان ساڵ و نیوێک یان دوو ساڵ هەندێ ڕۆمان هەبوون سەبارەت بە ژنەکانی پێغەمبەر و لە بەریتانیاش بلاو بوونەوە و کەسێک بۆمبێکی ئاگراوی خستبووە ناو سندوق پۆستی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە. بۆیە ئێستاش پێموایە ئێستاش ترس هەیە کەهەرجۆرێک نەک تەنها ڕەخنە لەئیسلام بەڵکو هەر گفتوگۆیەک سەبارەت بە ئیسلام لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی تۆڵەسەندنەوەی توندوتیژانە وە پێموایە خەڵکیش پەشۆکاون لەمە مەبەستم ئەوەیە ئومێدەوارم ئێستاش بتوانین هەندێ دەزگای چاپ و وبڵاوکردنەوە بدۆزینەوە ئەو ئازایەتییەی هەبێت کتێبی وەک ئەوەی من نوسیومە بڵاو بکاتەوە بەڵام پێموایە تۆزێک زەحمەتترە.

برایەن لینج : ئینجا پاشان میزاجێکی نوێتر لە سانسۆری خودی لەئارادایە کەتۆ پێشتر ئاماژەت پێدا.

سەلمان ڕوشدی : بەڵێ لەئارادایە. منیش زۆر دوودڵ بووم لەو بارەوە چونکە پێموایە چاوەڕوانی تۆ لە هونەر ئەوەیە هونەرمەندان بچنە کەنار و پرسیاری قورس بکەن و شتی نەوتراو بڵێن وە بەشێکیشن لەو ئارگیومێنتە گەورەیە سەبارەت بە جیهان. وە داوا لە هونەرمەندان و نووسەران دەکەن بێدەنگ بن لەترسی ڕەنجاندنی کەسێکی بەسام کەجۆرێکە لە خۆبەدەستەوەدان. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کەخەڵک بیر لە مافەکانیان دەکەنەوە هەر وەک ئیهانە سوکایەتیکردن بەمافی ئازادی ڕادەربڕین. هەروەها لەڕاستیدا هیچ مافێک لەئارادا نییە تا سوکایەتی پێبکرێت. ئێمە ئەوەمان نییە. جیهان خۆی هەمووی سووکایەتیکردنە. ئەگەر بچمە کتێبخانەیەک مەرجت لەگەڵ دەکەم زیاتر لە دوو دەرزەن کتێبت پێ نیشان ئەدەم کە بەلای منەوە ناپەسندن و پڕن لە سووکایەتی. بەڵام من ناچم کتێبخانەکە بسوتێنم. لەکۆمەڵگای کراوە ئەبێت فێر بین قەبوڵی هەموو شتێک بکەین کە بەهەر ڕێگایەکی مومکین وترا بێت، هەندێکیانمان پێخۆشە و هەندێکیان جیاوازین لەگەڵیاندا و هەندێکیشیان حەزمان لێیان نییە ئیتر ئەمە ئاوایە. ئەگەر ئێمە لە گۆمەڵگای ئازاددا بژین دەبێت ئاوا بەو جۆرە بێت.

## زۆر بەکورتی دەربارەی ڕۆماننووس سەلمان ڕوشدی ..وەرگێر ئامادەی کردووە

سەلمان ئەحمەد ڕوشدی ڕۆماننووسی بەریتانی بەڕەچەڵەک هیندی لە شاری بۆمبای لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لەدایک و باوکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە. باوکی سەلمان دەرچووی زانکۆی کامبرجە بەشی یاسا واتە پارێزەر بووە و دایکیشی مامۆستا بووە. سەلمان ڕوشدی دەرچووی زانکۆی کامبرجی بەریتانیایە. ساڵی ١٩٨١ بەهۆی دووەم ڕۆمانییەوە"



مندالانی نیوەشەو" خەڵاتی بوکەر وەردەگرێت و ڕۆمانی ئایاتی شەیتانی کە چوارەمین ڕۆمانیەتی بووە جێگای مشتومڕێکی زۆر و نارەزایی زۆری لێبۆوە و لەتەواوی گۆشەجیاوازەکانی دنیای ئیسلام کتێبەکەی ڕێگای بڵاوبوونەوەی لێگیرا و دواتریش ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری جمهوری ئیسلامی ئێران فەتوای کوشتنی بۆ دەرکرد. سەلمان روشدی لەیادەوەرییەکانی ساڵی ٢٠١٢یدا دەنووسێت کە باوکی ناوی ڕوشدی لە شانازیکردن بە ئیبن ڕوشدەوە هەڵبژاردووە. سەلمان نۆ ڕۆمان و دوو کتێب بۆ منداڵان و سێ کتێبی کۆکراوە ودە کتێبی نووسین و لێکۆڵینەوەی نووسیوە و بیست و هەشت جار ڕێزی لێنراوە و خەڵات کراوە. سەلمان ڕوشدی چوارجار هاوسەرگیری کردووە و لەساڵی ٢٠٠٠وە لەشاری نیویۆرک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژێت.

تێبینی : ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەی ( The Georgia Straight) ژمارە ٢٣٤٣ ی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوەکان :

1- http://straight.com/article-832671/vancouver/rushdie-rebuilds-his-world-joseph-anton
2- http://en.wikipedia.org/wiki/Salman_Rushdie

## چاوپێکەوتن لەگەڵ چیرۆکنووس و ڕۆمانووسی ئەمریکی جەنیفەر چەیس



**پرسیار : ئەو کتێبەی ئێستا کاری لەسەر ئەکەی ناوی چییە؟**
**جەنیفەر چەیس : ئەو کتێبەی کە ئێستا کاری تێدا دەکەم ناوی "سووتانی مردوو"ە کە ڕەنگە زیاتر هەر بەم ناوەوە بمێنێتەوە. کە پێدەچێت لەگەڵ زنجیرەی کتێبەکانی ئیمیلی ستۆن ڕێک بێتەوە.**

**پرسیار : ئەی بیرۆکەی کتێبەکەت لەکوێوە بۆ هاتووە؟**

www.dengekan.com



**جەنیفەر چەیس : بەهۆی پاشخانی ئەکادیمیم لە دادگەری و تاوانبارناسی. سووتانی دەسئەنقەست(ئاگربازێک) بابەتێک بوو شتێکم لەبارەوە دەزانی. منیش بڕیارمدا عەقڵی پیاوکوژێک و ئاگربازێک لێک گرێبدەم و ئەنجامیش زرنگی پیاوکوژێکی ئاگربازە کە گیری خواردووە بە سازدانی نەخشە و پیلان بەپێی گوناهەکانیان.**

**پرسیار : کتێبەکەت ئەچێتە ژێر چ ژانرێکی ئەدەبییەوە؟**

**جەنیفەر چەیس : سووتانی مردوو ئاکشنی موچوڕک بەلەشداهێنەرە.**

**پرسیار : چ ئەکتەرگەلێک هەڵدەبژێریت کەرۆڵی کاراکتەرەکانت ببینن لە نواندنی سینەمادا؟**

**جەنیفەر چەیس : بەگشتی حەز ناکەم هیچ ئەکتەرێک یان خانمە ئەکتەرێک بنێمە شوێن کارەکتەر لەبەر ئەوە خوێنەران دەتوانن خەیاڵی خۆیان بەکار بێنن کاتێ کتێبەکانم دەخوێننەوە.**

**پرسیار : یەک ڕستەی زۆر کورتی کتێبەکەت؟**

**جەنیفەر چەیس : بەڵێ ئیمیلی ستۆنی پۆلیسی نهێنی سەربەخۆ لەگەڵ زەحمەتترین پەروەندەی تاوانی کوشتندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کاتێ لەچاوی بێداری جاسووسەکانی دەوڵەت و بەگرێگیراوە ناپاکەکان خۆی دەدزێتەوە.**

پرسیار : ئەگەر بەتەمای کتێبەکەت بڵاو بکەیتەوە، خۆت بڵاوی دەکەیتەوە یان بەشێوەیەکی ترادیسیۆنی بڵاو دەبیتەوە؟

جەنیفەر چەیس : بەسەربەخۆیی بڵاوی دەکەمەوە.

پرسیار : چەندی خایاند بۆ نووسینی یەکەمین مسۆدەی ماستەرنامەکەت؟

جەنیفەر چەیس : یەکەمین مسۆدە نزیکەی دوو مانگی خایاند.

پرسیار : چ جۆرە کتێبێکی تر بەراورد دەکەی لەگەڵ ئەو چیرۆکەی نووسیوتە؟

جەنیفەر چەیس : کە کتێبەکانم دەنووسم هەوڵ دەدەم لاسایی هیچ نووسەر و شێوازێکی تایبەت نەکەمەوە. ئەمەڕ ڕێم پێدەدات تا قورسایی بیرکردنەوەم بچێتە سەر ئەوەی چێژی لێ ئەبینم. بەڵام خوێنەران کتێبەکانمیان بەراورد کردووە بە بەڵداجی و گریتسن و کارە بەرایییەکانی جەیمس پاترسن.

پرسیار : کێ و چی ئیلهامبەخشت(کارتێکەرت) بوو بۆ نووسینی ئەم کتێبە؟

جەنیفەر چەیس : کارەکتەری زنجیرە نووسینەکەم ئیملی ستۆن و هەروەها خۆشەویستیم دادگا و تاوانبارناسی ئیلهامبەخشم بوون بۆ نووسینی موچڕک بەلەشداهێنەر(وروژێنەر).

www.dengekan.com



پرسیار : ئەی چ شتێکی تری ئەم کتیبەکەت ڕەنگە ببێتە هۆی پەستی یان تۆرانی حەزی خوێنەر؟

جەنیفەر چەیس : هەرچەندە کتێبەکانم بەشێکن لەزنجیرەیەک کتێب، بەڵام هەمووشیان ڕۆمانی سەربەخۆن. کە ڕێ بەخوێنەر دەدەن بۆ هەڵبژاردنی سەکێشییەک کە ببێتە هۆی تۆرانی حەز و خولیاکانیان.

پرسیار : دوا وشە دەربارەی ڕۆمانی سووتانی مردوو ؟

هەموو کەسێک گوناه دەکات.. بەڵام ئایا تۆ ئامادەی سزای گوناهەکەت بچێژیت؟

## دەربارەی ڕۆماننووس جەنیفەر چەیس

جەنیفەر چەیس هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆسە لە پۆلیسی دادگەری و هەروەها بروانامەی ماستەر لە تاوانبارناسی(زانستی تاوان و تاوانباران). سەرباری ئەمەش هەڵگری چەندین بروانامەی ترە لەبوارەکانی تاوان کردن و پرۆفایلی تاوانباری. ئەندامی کۆمەڵەی نیونەتەوەیی دادگەری تاوانبارناسییە.

جەنیفەر براوەی خەڵاتە و نووسەرێکی ئازاد(ئازاد بەمانا سیاسییەکەی نا، بەڵکو بەمانا پرۆتۆکۆلییەکەی کە واداری هیچ قەرارداریک نییە)و زانای تاوان و تاوانبارناسییە. جەنیفەر چوار ڕۆمانی موچوڕکداری خەیاڵی نووسیوە کەئەمانە " ڕقلێبوونەوە، گەمەی مردوویەک، هاودەمێکی بێدەنگ، عەقڵی تاریک" هەروەها کتێبیکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی" چۆنیەتی نووسینی سیناریۆ". کەپرۆسەی لێکگرێدراوی هەنگاو بە هەنگاوە بۆ نووسینی سیناریۆ. جگە لەمانەش جەنیفەر

کورتەچیرۆک دەنووسێت و کتێبێکی لەوبارەوە بلاو کردۆتەوە بەناوی "یەکەمین تەماشا". جەنیفەر ئێستاش سەرقاڵی یارمەتی و وانە وتنەوەیە لە بوارەکانی بلاوکردنەوە و نووسین دەربارەی تارمایی و ڕانانی کتێب و ویبسایت و وتار و نووسینی سیناریۆ و پیاچوونەوە و لێکۆڵینەوە.

جەنیفەر لەویلایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایک بووە و گەورە بووە و ئێستاش لەگەڵ هاوسەرەکەی و هەردوو سەگەکەی و هەردوو پشیلەکە لاسارەکەی دەژێت. جەنیفەر هەر لەهەرزەکارییەوە حەزی لە کتێب و نووسین بووە.

جەنیفەر حەزی لەچوونە دەرەوە، کەنار دەریا، بەشاخدا هەڵگژان و وێنەگرتن هەیە.


سەرچاوەکان :

1- http://authorjenniferchase.com/2012/12/19/the-next-big-thing-dead-burn/
2- http://authorjenniferchase.com/bio/


www.dengekan.com



## جامی مەکارتی ژنە شاعیری نوێخوازی ئەمریکی
## لە دیمانەیەکی ڕاستەوخۆدا

سازدان و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)



**پەخشانە شیعر وزەیەکی ئاسۆیی لەسەر ڕووی پەڕە و چاو و مێشکی خوێنەردا هەیە**
**شیعر ڕوخسارێکی سەرەکی ژیانمە**
**بۆ من پۆستمۆدرێنیزم باشترین چەمکە**

جامی مەکارتی (1) ژنە شاعیری نوێخوازی ئەمریکی لە (نیو ئینگلاند) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا لە دایک بووە و گەورە بووە. هەر لە بەرایی تەمەنیدا شیعرەکانی (ڕۆبەرت لویس ستیڤنسن)ی ئەزبەر کردووە و هەروەها لە گەشتی بە نێو وشەدا حەزی لە دەنگ و سەدای وشەکان بووە ئەمە سەرباری تێڕوانین و چاودێریکردنی دونیای دەوروبەری. خۆشەویستی بۆ وشە و شیعر دەکەوێتە شکڵگرتن کاتێک لە کۆلیجی ئامادەکاری دەبێت لە (ماین). جامی کۆرسی نووسینی شیعر لای (جان هێریک) وەردەگرێت کە جەختکردن بوو لەسەر شێوەکانی شیعر. دواتریش لەماوەی دواساڵی خوێندنی ئامادەیی هەستی بەوە کرد کە شتێک خەریکە ئارەزوو و خەیاڵی داگیردەکات، شتێک کە دەیویست تێی بگات و پیادەی بکات. جا ماوەیەکی برد تا مانای شیعر بەتەواوەتی ئالودەی ژیانی بێت. ئەو هەمیشە دەفتەری لە بەرباخەڵ بووە و خەریکی خوێندنەوەی شیعر بووە . لە کۆتاییدا جارێکی تر خۆی بینییەوە لە پۆلەکانی نووسینی شیعر لە زانکۆی ( نیو هامشایر) لەسەر دەستی مامۆستایان (مەکیل مەک براید) و ( چارڵس سیمیک). ئیشکردن لەگەڵ ئەو دوو مامۆستا بەخشندەیە کە ڕێنیشاندەری جامی بوون لە چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی شیعری و سەقامگیرکردنی لەسەر ڕێڕەوی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە 1994 لە بواری ستایشکردنی داهێنان و نووسین لە زانکۆی (ئەریزۆنا) لە ( توسان). پاش تەواوکردنی زانکۆ بۆ ماوەی نۆ ساڵ وەکو بەڕێوەبەر و کەسی یەکەمی ڤیستڤاڵی ساڵانەی (تۆسان) سەرقاڵی کارکردن بووە .(2) لەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەر بوو، ژمارەیەک لە شاعیرە بەناوبانگ و ناسراوە زیندووەکانی ئەمەریکای هێنا بۆ ئەو ڤیستڤاڵە لەوانە:(شێرمان ئەلێکسی) و ( دەینە جیۆوا) و ( مەکسین کومین) و ( گەری سیندەر) و ( ئان ۆڵدمان) ئەمە بێجگە لە شاعیرانەی کە بە

www.dengekan.com



زەمانەکانی تر دەیاننووسی. هەر ئەو کاتەی لە (توسان) بوو، جامی مەکارتی وەکو سەرنووسەرێکی پرۆفێشناڵی ئاکیۆلۆژی و مۆزەخانە و تێکستە ئەدەبیەکان و هەروەها وەکو مامۆستایەک کاری دەکرد کە وانەی لە ژمارەیەک لە کۆلێژ و زانکۆکان دەگووتەوە لەوانە : (زانکۆی ئەریزۆنا) و ( پەیمانگای هونەری نەیتیڤەکانی ئەمریکا لە ( سانتا) لە ( نیو مەکسیکۆ). جامی لە ساڵی 2005 لە ڤانکۆڤەر نیشتەجێ دەبێت بۆ وانە وتنەوە سەبارەت بە شیعر و شاعیرانی هاوچەرخ لە بەشی ئەدەبی ئینگلیزی و هەروەها وتنەوەی پرۆگرامی نووسین و بڵاوکردنەوە لە زانکۆی ( سایمۆن فرەیزەر) . جامی وەرگری خەڵاتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی(ئامادەکاری) ئەریزۆنایە بۆ کۆمەڵەی هونەری شیعر. جامی شیعرەکانی لە وەرزنامەکانی ئەمریکا و کەنەدا بڵاو کردۆتەوە. یەکەمین دیوانیشی بە ناوی ( پەیوەندییەکان و کاتە ڕاستەقینەکانی ڕۆژ) بڵاو کردۆتەوە.(3)

(1) جامی مەکارتی لە سەرەتای 2007 پێی ئاشنا بووم وەختێک خەریکی خوێندنی پەخشانە شیعر بووم لە زانکۆی ( سایمۆن فرەیزەر) و ئەویش وانەی پێدەوتین.

(2) ڤیستڤاڵی ساڵانەی توسان: کۆنترین ڤیستڤاڵێکی ئەدەبی و هونەریە لە باشوری خۆرئاوای ئەمریکا.

(3) ئەم دیدارەم لە هاوینی 2007 دا سازداوە.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) :شیعر گەلێ پێناسەی جیاوازی هەیە، تۆ شیعر چۆن پێناسە دەکەیت؟

**جامی مەکارتی : بۆ من شیعر ئەزمونێکی زمانەوانییە کە نووسەر و پاشان خوێنەریش کەشفی ئەو ڕاستگۆیی و ئاڵوگۆڕە سەرسوڕهێنەرانە دەبێت کە زمان ئەنجامی دەدات. شیعر هەمووو شتێکە. قاپێکی پڕ لە لیمۆیە ، مێزێکەو بە پەرداخێ شیر دادەگیرسێ، و شیعر هیچیش نییە.**


**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ): لەم سەردەمەدا شیعر خوێنەری زۆر کەمە بەبەراورد بە پەخشان و نووسین. هۆی چییە تۆ بە شیعرەوە نووساوی؟**

**جامی مەکارتی : لە گەلێ ئاراستەی جیاوازەوە هەقیقەت ئەوەیە من ئەم پرسیارە لە خۆم ناکەم کە بۆچی من بە شیعرەوە لکاوم. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە شیعر ڕوخسارێکی سەرەکی ژیانمە. زۆر ئاسایی و سروشتییە وەکو ڕۆیشتن. من ئەڕۆم بێئەوەی پرسیار بکەم بۆ ئەڕۆم .شیعریش ئاوهایە. شیعر ئەو شتەیە وەختێک کاری لەسەر دەکەم(دەینووسم) ئاسوودەم دەکات ، حەزم لە وتنەوەی وانەی شیعرە، خۆشحاڵم دەبینم خەڵکانێک هەن ئامادەن بە درێژایی ڕۆژ ئیش لەسەر دۆزینەوەی وشە دەکەن بۆ شیعرەکانیان جا ئەم دۆزینەوەیە هیچ ئاڵوگۆڕێک پێکبێنێت یان نا ، یان هیچ کەسێک بۆی گرنگ بێت یا نا. لێرەدا شتێک هەیە سەبارەت بە جەخت کردنە سەر نووسینی شیعر. جەخت کردن گرنگە، هەر ئەمەش دڵخۆشم دەکات و وام لێدەکات کە بەبێ شیعر نەتوانم بژیم.**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):: جیاوازی نێوان شیعر و پەخشانە شیعر چییە؟**

www.dengekan.com





**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جامی مەکارتی ڤانکۆڤەر تەمموزی 2007**

**جامێ مەکارتی: جیاوازیان وەکو سۆناتا و ڤیلانێلیەیە)*. پەخشانە شیعر شێوەیەکی تایبەتی شیعرە. لە بری دێری یەک لەدوای یەک وەکو سۆتانا و ڤیلانێلیە بە پێی ڕستەکان لە جوڵە دایە. بەم شێوەیە، پەخشانە شیعر وزەیەکی ئاسۆیی لەسەر ڕووی پەڕە و چاو و مێشکی خوێنەردا هەیە. ئەم وزە ئاسۆییە وا لە پەخشانە شیعر دەکات لاپەڕەکان ببڕێت و بێتە دەرەوە، پاشان ڕۆبچێتە خوارێ. کە لێی دەڕوانی پەخشانە شیعر هەمان شێوەی پەرەگرافی نووسینی هەیە، زۆر لەو پەرەگرافانە دەچێت کەلە کورتە چیرۆک و ڕۆماندا هەن. پەخشانە شیعر پەیوەندیەکی زۆر باش لەگەڵ بازدانی سوریاڵی دەبەستێت و چیرۆکی زۆر ورد ورد دەگێڕێتەوە. هەر شتێک ڕوودات، زۆر بە ئاسانی لە پەخشانە شیعر دەگوزەرێت!**

(*) ڤیلانێلیە:شێوە پێکهاتەیەکە لە چەشنی شیعری لیرکیی وایە کەلە نۆزدە دێر پێکدێت لەگەڵ دوو ئاواز(ڕیتم) کە بەشێوەی پێنج سێ دێری و چوارینەیەک دەنووسرێت.(وەرگێڕ)

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئایا شیعرەکانی تۆ لە پەیوەندیدان لەگەڵ کلتوری ئەمریکی؟ ئەگەر وایە شیعرەکانی تۆ چ کاریگەرییەکی ئەو کلتورەیان بەسەرەوەیە؟ ئەگەریش نا ، بۆچی؟ هەروەها پەیوەندی نێوان شیعر و کلتور چییە؟

جامی مەکارتی : واو، ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە و ئەو پرسیارەیە کە هیوادارم بەبێ خۆهەڵکێشان وەڵامی بدەمەوە. ئەم تێڕوانینەم هەیە چونکە کاتێک دەنووسم هەوڵدەدەم ڕوبارێک لە وزە و هەست ڕامبماڵێت. بۆ ئەم مەبەستە من بیر لە ئەمەکداری یان لێپرسراوەتی یان ئاستی بەهرەی هونەری خۆم ناکەمەوە بۆ ئەمەریکا یان هەر کلتورێکی تر. من ئەو هەستەم هەیە کاتێک کە قسە دەکەین وەک ئەوەی وابێت ئێمە خۆهەڵکێشین. ئەمەش وترا کە ئاشکرایە بۆ من کە ئەو دڵنیا کۆمەڵایەتی و کلتورییە پەیوەستە لە نێو شیعرەکانمدا زیندوون. زۆربەی ئەو سەرکوتانەش کە لە توندو تیژییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە تایبەتیش دژ بە ژنان سەرچاوە دەگرن. هەروەها من شەیدام جگە لە بێهودەیی و ئاست نزمی بەو ڕێگایانەی کە ژنان چاولێدەکرێن و دەدوێندرێن لە کۆمەڵگەدا. لە شیعرەکانمدا هەوڵدەدەم دوو شت لە پەیوەست بەم باسەوە وەک دوو ڕەگەز ئەنجام بدەم. یەک : ئەو چیرۆکانە بگێڕمەوە کە باس لە توندوتیژی دەکەن و ناماقوڵی و نایەکسانی تێیاندا بەرجەستە بۆتەوە. دوو : سوود لە توانای دەربڕین بکەم. من دەمەوێت زەحمەتترین شت بوترێ و

www.dengekan.com



ببیسرێ. لەوێوە دەمەوێت زۆرترین قودرەتم بۆ بگەڕێتەوە، لەگەڵ زۆرترین تۆڵەیەکیش کەلە توانادا هەیە. لەو بڕوایەدام ئەمە غەددر لە هەستم دەکات بەوەی کە هونەر پاککردنەوە(تطهیر)و وزەبەخشە. دواجاریش هونەر لە دڵی خۆیدا دەربارەی دەربڕینە. دەربڕینێکی هەمەلایەنەی پاک و بێگەرد. شیعرێکم پێنیشان بدە، منیش ڕەنگدانەوەی هەردوو نووسەر و کلتورت تێیدا نیشان دەدەم. ئێستا ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە هەستدەکەم کە بەوپەڕی دڵنیایی و ڕاحەتەوە بڵێم ئەو شیعرانەی کە نووسراون (چ من نووسیومن یان کەسانی تر نووسیویانە) بەئەندازەی هێماکانی کات لە ئۆتۆمۆبێل هاژوژتن و جلوبەرگ لەبەر کردن و خواردن ئامادەکردن و ڕیکلامەکان و فلیمی سینەماکان و هتد بینراون و تەماشاکراون..

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : تۆ خۆت لە چ خانەیەکدا پۆلین دەکەیت، پاش بونیادخوازی یان پۆستمۆدرێنیست یان شتێکی تر؟ ئەی شیعرەکانت چۆن پۆلین دەکەیت؟

جامێ مەکارتی: زۆر چاکە. سەرەتا بێ زیاد و کەم، بە پێی ڕەخنەگران من و تۆ لە ئێستادا لە سەردەمی پۆستمۆدرێنیزم دەنووسین. تا ئێستا نەمبیستوە ئەم سەردەمەی ئێمە چی پێدەڵێن کەئەگەر ڕەخنەگران ناوێکیان بۆ داهێنابێ. جا هەرچەندە خۆم وا باسی دەکەم بەڵام دڵنیا نیم کە چۆن ڕەخنەگران نووسەران خۆیان لە نێو ئەم پۆلێنکردنە جێدەکەنەوە. بەپێی ئەوەی کەی لە دایکبوون،کەی دەستیان کرد بە نووسین،یان بەپێی ئەم یان ئەو فاکتەری تر بۆ نموونە جوانی. لەم لەحزەیەدا من هەوڵ دەدەم کە ئەمە بدۆزمەوە و

بگەڕێمەوە بۆ لات و بەردەوام بم لە وەڵامەکەم بە پێی تێگەیشتنی ئێستام.
بۆ ماوەیەکی درێژ لەو بڕوایەدا بووم کە من لەو کاتەوەی لەداکبووم پۆستمۆدرێنیستم و لەوماوەیەی کە زۆربەی بەرهەمەکانم تیایدا نووسیوە و لەهەموو ئەوماوانەدا ،تەنانەت زۆر لەوەش زیاتر من سوپاسگوزاری بیروڕاکانی ئەم سەردەمەم کە لەڕاستیدا بۆ من هەست ناکەم کە بیروڕا بن بەڵکو ڕێگاگەلێکن کە پێشوەخت من بیرم پێیان دەکردەوە و دەژیام و داهێنانم دەکرد. بۆ من پۆستمۆدرێنیزم باشترین چەمکە.
هونەریانە بێژین،حەزم لە هاندانی پۆستمۆدرێنەکانە ئەوانەی (دوای پیکاسۆ) شتێکیان داهێناوە. ئەم دەستپێشخەریە دڵخۆشم دەکات و وزە لە خۆ دەگرێ نەک هێز. ئەمەش وریایی و زیندووییە وپەیوەستە بە دۆزینەوەوە. پاشان زۆر چێژ لەو هونەرانە وەردەگرم کە لەو ماوەیەدا بەرهەم هێنراون. ئێمە قسە لە شێوەکار (جاکسن پۆڵۆک ، مارک ڕۆزۆک ، ولیەم دێ کونینگ ، تاد) و مۆسیقاری وەک ( جۆن کەیج) و سەماکەر و چۆریۆگرافەر ( مێرس کەنینگهام) و هەروەها لەنێویاندا شاعیرانی قوتابخانەی نیویۆرک ، قوتابخانەی بلاک ماونتێن ، بوژاندنەوەی سانفرانسیسکۆ و بیت جەنەرەیشن، دەکەین. ئەمە گروپی گۆڕینی ژیان و کلتوری بەهێزە.
تاکو ئێستاش ئایا لە شێوازی کارکردن و پەرۆشی هونەریانە بۆ هەر گروپێک چ ئەوانەی لە پێش یان لە دوای ئەوانەوە هاتوون هیچ گرفتێکی پێکهێناوە؟نەخێر
من شیعرەکانم وەک سندوق یان فارگۆنی وشە پۆلین دەکەم. من لاپەڕە وەک دەفرێک و شیعرەکانیشم وەک چەندین دەفر چاو لێئەکەم. وشەکانم (لەناو) نەک (لەسەر) یان ( لەدەرەوە)ی لاپەڕە و شیعرین ،

www.dengekan.com



کە ئەزموونی خوێندنەوەی شیعر خێراتر و کاریگەرتر دەکەن. بەم شێوەیە لەو بڕوایەدام کە شیعرەکانم و ئەو وشانەی کە پێکی هێناون سێلانەیین((three-dimensional یان بەرجەستەیین. دەشێ بتوانم شتێکی زۆرتر لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا بۆ ئەم پرسیارە هەڵکرێنین.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئایا ڕەخنەی مۆدێرنی ئەمریکی توانیویەتی کاریگەری بەسەر شیعری ئەمریکییەوە دابنێت ؟ تا چەند ئەم کاریگەریە کاری خۆی کردوە و ئایا تەئسیری بەسەر زمان و ڕەگەزەکانی ترەوە هەیە ؟

جامی مەکارتی : تا ئەندازەیەک ڕەخنەی مۆدێرنی ئەمریکی کاریگەری بەسەر شیعری ئەمریکییەوە هەیە.بەڵام پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. توانای کاریگەری زۆر دوور و درێژە کەچی بەکورتی دەکەوێت. لەوبڕوایەدام ئێمە نازانین تا چ ئەندازەیەک یەک کاریگەری لەوی تر کردووە دەشێ ئەوانەی لەدوای ئێمەوە دێن ئەوان بتوانن شتێک لەم بارەیەوە بڵێن.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : تۆ خوێنەری تایبەت بە خۆت هەیە ؟ ئایا چۆن پۆلێنیان دەکەیت؟

جامی مەکارتی : من زۆر خۆشبەختم بەوەی کە گروپێک خوێنەرم هەیە ڕێزیان دەگرم و بڕوام پێیانە شیعرەکانم دەخوێننەوە و سەرنج و پێشنیارەکانیانم بۆ دەردەبڕن. زۆربەی ئەندامانی ئەم گروپە بچووکە ئەمریکییە بەتەمەنەکانی دونیای شیعرن کە باشترین سەروکاریان

**لەگەڵ شارەزایی وانە وتنەوە و بڵاوکردنەووە هەیە. من ئەوخوێنەرانەم بە خوێنەری((کراوە)) پۆلین ئەکەم. ئەمە ئەوخوێنەرانەن کە ئامادەن بیروڕا وئەندێشەیان بگۆڕدرێ سەبارەت بەوەی شیعر چییەو چۆنە و دەتوانێت چی بکات؟ سەرنجڕاکێشتریش لەمە زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیعرەکانم ئەخوێننەوە زۆر تەقلیدیانەو ڕەسمیانە نووسیویانە بەبەراورد بە ستایڵە پێشڕەوی وپێشەنگیەکانم. من ڕەزامەندم بەوەی کە خوێنەرەکانم ئامادەن کارەکانم بخوێننەوە و وەڵامی بدەنەوە تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتی لە کارەکانی ئەوان جودا بن. حەزدەکەم زۆر هاوشانی ترم هەبن تا بەشداری بەرهەمەکانم لەگەڵدا بکەن بەڵام ئەمە هەروا بە ئاسانی مەوجود نایەت. خۆشت ئەزانی حەزکردن تەنها لە لایەنێک یان دووان دەبێت.**

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) : نووسین بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە و لە کارەکانتا جەخت لەسەر چ جۆرە ستایڵێک دەکەیتەوە و لەگەڵ چ ترادیسیۆنێک خەریکی دەستوپەنجە نەرمکردنی؟**

**جامی مەکارتی : بە نسبەت منەوە شیعر زۆر نانووسرێت وەک ئەوەی کە دەهۆنرێتەوە. من یاداشتنووسێکی ناچاری زانیارییەکانم. من بەبەردەوامی وشە و دەنگ و توانای بیرکردنەوە کۆدەکەمەوە. ئەو وشە وفرەیزانەی کە خاوەنی دەنگێکن و حەزملێیانەو پارچە قسەکردن یان گفتوگۆیەک کە گوێم لێیان دەبێت کۆیان دەکەمەوە. وەک ئاراستەکردن و پێکەوە لکانی پاسکیلێک یان ڕستەیەک لە ناملیکەی زانیاری وفەرمایشتی دکتۆری ددان یان کتێبێکی زانستی ئەمە بێجگە لە بیروڕای خۆم و تاد. لەم پارچە زانیاریانەوە شیعر ئامادە دەکەم. ئەم میسۆدی**

www.dengekan.com



**کارکردنە ڕێک بەو هونەرمەندە شێوەکارە دەچێت کە هەڵبژاردنەکانی لە تابلۆی تێکەڵکردنی ڕەنگەکانەوە وەرگرتبێت. بیر لە شیعر نووسین دەکەمەوە وەکو پرۆسەی کەشفکردن، وەکو قوڕ و بەردی پەیکەرتاشێک کە پێویستی پێیەتی بۆ چاککردنی کەل ودرز و دۆزینەوەی شێوە تیایدا.**

**من لەو بڕوایەدام هەموو دەڵێین ئیستاتیکا پێشەنگی هەموو ئەوانەیە کە سروشتیان خۆ قوتارکردنە لە پەراوێز لەدەرەوەی باوەڕی بڵاو و ڕێگای باو. زێدەتر ئەمەوێت بڵێم ئەخوازم شیعرەکانم شتی مەحاڵ ئەنجام بدەن. بڕوام بە هەوڵدانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە ولەوێدا کورت دەهێنن کە گوریسی ژیان و سڕینەوەی شیعرەکانم ڕادەکشێن . ئەمە ڕێگایەکی ترە بۆ ئەوەی بڵێین دابڕانە لە نێوان ئەوەی ئەمەوێت شیعرەکانم چی بکەن و ئەوەی  ئەوان چی دەکەن. من کاتم زۆر لێدەڕوات بەڵام ئەمە بەقەد هەوڵدانەکان گرنگ نین. لەبەر ئەوەی لەم هەوڵدانانە پرۆسەی کەشفکردن چەند هەنگاو زیاتر و نزیکترە لەوەی کە ڕاستی بۆ من چییە سەبارەت بە بابەتەکانم و زەرورەتی خەوشەکان لە کارگەی زماندا. ئەم خەوشانە یان ئەم دژوارانە( Awkwardnesses )لە ژیانی ڕاستەقینەدا جێگاو ڕێگایان هەیە و بۆ من مانادارن. ئەم دژوارانە کەرەسەی خاو و مایەی ئیحراجن، بەڵام ڕاستیشن.**

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) : زمان قودرەتی کاریگەری هەیە بەسەر خەیاڵ و ڕوخسارەکانی تری شیعردا. ئایا لەو کاتانەی کە شیعر ئەنووسیت ئەتوانی وەسفی قودرەتی زمانمان بۆ بکەیت؟**

جامی مەکارتی : بەنسبەت منەوە زمان وەکو شەحنی کارەبا کاریگەری هەیە. کاریگەریەکی بەهێز و مەزن دەگرێت و پێشکەشیش دەکات. لە شیعرەکانی خۆمدا حەز ئەکەم لە نیگەرانییەوە دەست پێبکەم و ڕێگای پێکەوەنانی پارچەکان لە گشتەوە بدۆزمەوە. تاقیکردنەوە لەناو کارکردن لەگەڵ ماتریاڵدا( زمان و وشە) وزە پێدەبەخشێ و هاوکات گوژمێکە کارە ئەدەبییەکەش بە زیندوویی ئەهێڵێتەوە. من لەلایەن کۆڕو کۆمەڵەکانەوە ڕێم پێ نیشان دەدرێت ؛ چەند جوانە دەرگا بە ڕووی تەوژمی وزەمدا دەکاتەوە. کاری من ڕێگە بە زمان دەدات بۆ دۆزینەوەی(ناسینەوەی) دوا فۆرم یان شێواز، کە ئەدگاری هەمیشەیی لە نیگەرانی دەقە ئەدەبییەکەدایە. من پێم خۆشە و تاقیشی دەکەمەوە شیعرێک بنووسم چالاکییەکانی لە سەرچاوەی هەست و وزە ونیگەرانییەکانیان وێنا بکەم. بەم شێوەیە حەزم لەو شیعرانەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەزمونی شت،باوەڕ،هەستە دەربڕاوەکان بێت و هەروەها ئەو شیعرانەش کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی کردەی نووسین بێت.

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) : دوا وتەت چییە؟

جامی مەکارتی : حەزئەکەم سوپاست بکەم بۆ بانگێشەی ئەم چاوپێکەوتنە، پرسیارەکانت خۆش و سودمەند بوون. پاشان دوا وتەم ئەوەیە:حەماسەت وپەرۆشی!

تێبینیەکان :

www.dengekan.com



(1) ئەم دیدارە لە گۆڤاری واتە ژمارە1 یان 2 ی خوولی یەکەم ساڵی 2008 بڵاو بۆتەوە.

(2) ئەم دیدارەم بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام داوە و هەر خۆشم وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

## وینۆنا بەیکەر ژنە شاعیری کەنەدی

سازدان و وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە :

عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)



## کورتەیەک لە ژیانی وینۆنا بەیکەری شاعیر

وینۆنا بەیکەری عاشق بە (هایکو)، زایەڵەی دەنگی لە دوورگەکانی ڤانکۆڤەرەوە تێکەڵ بە سروشت و خەمەکانی ژیان دەکات. ئەو لە ڕێگەی شیعرەوە بەڵام بە ستایلی جیاوازەوە لە بوون (بوون بە مانا فراوانەکەی)دەدوێت. ئەو شیعر تێکەڵ بە باران دەکات، تا بتوانێت سروشتێکی قەشەنگتر بخەملێنێت. (هایکو) بۆ وینۆنا هەر نووسینی شیعر نییە، بەڵکو ئاوێتە بوونی دوو کلتوری ئینگلیزی و یابانییە.
وینۆنا بەیکەر لەهەرێمی ساسکاچوان لەوڵاتی کەنەدا لە دایک بووە. شەشەمین منداڵی ناو خێزانەکەیانە لە کۆی هەشت منداڵ . لەتەمەنی شەش ساڵیدا دەگوێزنەوە بۆ هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیای ڕۆژئاوای کەنەدا و لەشاری نەنایمۆ نیشتەجێ ئەبن. وینۆنا لەگەڵ( ئارسەر)ی هاوسەریدا چوار منداڵ پێدەگەیێنن. وینۆنا دەڵێت( شەش کتێبی شیعرم بڵاو کردۆتەوە. شیعرەکانم لەنێو زیاتر لە هەشتا ئەنسۆلۆژی لە

www.dengekan.com



باکوری ئەمریکا ، نیوزیلەند ، یابان و ئەوروپا بڵاوبونەتەوە، لەوانە لەنێو : جیهانی هایکو (بەریتانیا) ، ئەنسۆلۆژی هایکو ( ئەمریکا) ، جیهانی هایکو( یابان) ، گەڵاکان گەڕانەوە سەر دارەکان ( یۆنان) ، ڕابەری شاعیران ( ئەمریکا)لە دوا شێوەدا( کەنەدا)، دەبینرێن .بەرهەمەکانم بۆ گەلێ زمان وەرگێڕدراون وەکو یابانی ، فەرەنسی ، یۆنانی ،ئەڵمانی ، کرواتی ، یوگۆسلافی و ڕۆمانی.
وێنۆنا بەیکەر ئەندامی یەکێتی شاعیرانی کەنەدایە، ئەندامی فیدراسیۆنی نووسەرانی بریتش کۆڵۆمبیایە، ئەندامی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی (هایکو)، و ئەندامی ژمارەیەک ڕێکخراو و ئەنجومەنی ئەدەبی و شیعریی ترە وەکو ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکی (تانکا)و، ئەندامی گروپی شاعیرانی ئاشتییە. تا ئێستا دوانزە خەڵاتی پێبەخشراوە لەوانە:

خەڵاتی شیکیشی لە 1986
خەڵاتی کتێبی 1986 ی یابان لەلایەن هێلی ئاسمانی یابانەوە
خەڵاتی وەزیری دەرەوەی یابان بۆ هایکو لە 1989
خەڵاتی باشو ترۆفی بۆ هایکو بە ئینگلیزی لە 1989
خەڵاتی پرۆگرامی تاکێشی ساکورای لە 1990
خەڵاتی کیۆکای لە 1990
خەڵاتی چاکترین هایکو لە بوخارست لە ڕۆمانیا لە 1997
خەڵاتی کۆمەڵەی هایکوی کرواتی لە 1997
بڕوانامەی مەریت لە فیستڤاڵی هایکو و تانکا لە ساڵی 2000
خەڵاتی سێهەمین هۆشی-تۆ-مۆری نێودەوڵەتی لە 2001

وینۆنا بەیکەر دەڵێت "ئێستاش تای چی و یۆگای تایبەت بە بە ساڵاچوان دەکەم و هیوادارم بەردەوام بم لە نووسین" لە بڵاوکراوەکانی :

1- ژنێکی نیمچە سۆزانی 1987
2- هەورەکان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە 1991
3- داری بەقەوزە داپۆشراو 1992
4- لەودیو بورجی ڕووناکی کەناری دەریا 1992
5- تەنانەت بەردیش هەناسە دەدات 2000
6- کاژ - پێدەشتی منداڵی 2006

وینۆنا بەیکەری شاعیر ئێستا لە شاری "نەنایمۆ" لە هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا لەگەڵ "ئارسەر"ی هاوسەریدا دەژێت.

تێبینی (1): ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ وینۆنا بەیکەر لە ڕێگەی تەلەفون و ئیمەیڵەوە ئەنجام داوە. وینۆنا لە نامەیەکیدا بۆم دەنووسێت (سڵاو! پێم باش بوو ئەم کتێبەت بۆ بنێرم (مەبەست لە کتێبی لەودیو بورجی ڕووناکی کەنار دەریا)یە، کە کتێبێکی کۆنترە لەبەر ئەوەی نموونەی زۆر ستایڵی جیاوازی ئەو شتانەی دەینووسم لە خۆ دەگرێت؛ مۆدێرن،گاڵتە، کێشەی ژنان،هایکو، تاد. حەز ئەکەم وەرگێرانی ئینگلیزی وتارەکەت ببینم کە بڵاوبۆوە. وڵاتەکەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەگەلێ تەنگوچەڵەمەدا تێپەڕی.
بە هیوای سەرکەوتن لە نوسینەکانتا
وینۆنا بەیکەر )

www.dengekan.com



هەرچەند من و وینۆنا لە یەک موقاتەعە دەژین، بەڵام زۆر دوورین لەیەکەوە بۆیە نەمانتوانی وێنەیەکی پێکەوەیی بۆ ئەم چاوپێکەوتنە ئامادە بکەین.

تێبینی (2): ئەم کورتە بایۆگرافییەی وینۆنا بەیکەرم لە چەندین سەرچاوەی جیاجیاوە ئامادە کردووە کە ئەمانەن:

سەرچاوەکان:


1- http://www.poets.ca/linktext/direct/baker.htm
2- http://www.leafpress.ca/books/The_Slough.htm
3- http://www.leafpress.ca/Mondays_Poems_2007/Winona_Baker/Winona_Baker.htm
4- http://www.fireflyoffice.org/pacifikana/bcgallery.htm



## دەقی چاوپێکەوتنەکە

عەبدولا سلێمان ( مەشخەڵ ): لە دونیای شیعردا،شیعر پردێکە لە نێوان شاعیر و خوێنەر. پەیوەندی تۆ بە خوێنەرانتەوە چییە؟
وینۆنا بەیکەر : خوێنەر گرنگە پاش نووسینی شیعر، بەڵام من بیر لە هیچ کەسێکی تر ناکەمەوە کاتێک کە دەنووسم. من دڵخۆش دەبم کاتێک کەسێک بۆ نموونە دەڵێت کتێبی هایکوی تۆم لەسەر مێزی تەنیشت تەختە خەوەکەم داناوە و چەند دانەی لێدەخوێنمەوە پێش ئەوەی بنووم. یان وەختێک کەسێک دەڵێت من هاوڕام لەگەڵ سۆزی نێو شیعرەکەی ئەودیوی بورجی ڕووناکی کەناری دەریا و.. تاد.



عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ ) : هۆکارەکانی بایەخدانت چین وەختێک شیعر دەنووسیت؟ بۆ نموونە زمان، کۆمەڵگە، شوێنکات، دەنگ...هتد؟

وینۆنا بەیکەر : لەو بڕوایەدام یەکەمجار شیعر خۆی کۆدەکاتەوە و پاشان تۆ دایدەگری و دەیخەیتە سەر کاغەزو چەند جار دایدەڕێژیتەوە. سەبارەت بە زمان، هۆکارەکان، شوێنکات، تاد بە دڵنیاییەوە پاش لەبەرچاوگرتنیان ئینجا بیخوێنەرەوە بۆ کەسێکی دی بۆ دۆزینەوەی وشەی چاکتر و میتافۆر و.. تاد.

عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ ) : مێژوو بەشێکە لە ڕابردوو، چۆن ڕابردوو لە نووسینەکانتا ڕەنگ دەداتەوە؟

وینۆنا بەیکەر : من ئێستا لەسەر ئەوە کار دەکەم و شیعرم هەیە کە چۆن مێژوو کاریگەری بەسەر ژیانمەوە هەبووە؟ من لە باشووری هەرێمی ساسکاچوان لە دایک بووم و دوو ساڵی یەکەمی ژیانم لەوێدا بەسەر برد، پاشان باوکم لە باکوری شاری "ڕیجاینا" چارەکە میلێک دووجا زەوی کڕی و تا شەش ساڵی لەوێدا ژیام.
کتێبی" کاژ - پێدەشتی منداڵی" دەربارەی ئەو ساڵانەیە. باوکی باوکسالارم سەرگەورە بوو. ژیانی ئەو کات وەکو ژیانی ژن و مێردێکی ئاسایی ئەمڕۆکە نەبوو. باوکم کاپتنی پاپۆڕ بوو و دواتر پەیوەندی کرد بە هێزی دەریایی کەنەداوە لە جەنگی جیهانی دووەم کە ئەوسا بنکەیان لە شاری "هالیفاکس" بوو. لەکاتی ئەنجامدانی کارێک بۆ "غەواسە"یەکی ئەڵمانی لە ئۆقیانووسی ئەتلەسی توشی هەژانێکی گەورە بوو ئەگەر چی خۆی سەلامەت بوو بەڵام زیانێکی گەورەی لە ئەزموون و شارەزاییەکەیدا.

لەو بڕوایەدام دایک و باوکم خێزانێکی ئاسوودە نەبوون کەچی هەشت منداڵیان بوو. تەنگەژەیەکی ئابووری سەرتاپاگیر و وشکەساڵی و خۆڵبارین ناوچەکەی گرتبووەوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە بە بارکردن بۆ هەرێمی "بریتیش کۆڵۆمبیا" واتە چوون بۆ (ارض المیعاد)ێکی گەرموگەڕی وەکو کالیفۆڕنیا. لە ساڵی 1926 بە ماشێنێکی "فۆرد" بارمان کرد کەلوپەلەکانمان و شەش منداڵ و دایک و باوک سوار بووین. ئەوکات خەتی پاس نەبوو و چووین بۆ ناو ئەمریکا و دواتر لەگەڵ تێهەڵچوونەوەی ڕێگاکان گەڕاینەوە بۆ کەنەدا و پاشان بۆ هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا کە تەنگەژەی ئابووری چەند جێگایەکی کەنەدای گرتبووەوە و خراپ بەرکەوتبوون.
منداڵێکی ترمان بۆ ژیانی برسێتی لەدایک بوو. دەشێ گەنجێک ئەوەی بەبیر دابێت کە بۆچی هەژار بووین چونکە ئەوسا سیستمی سۆشیال وەکوئێستا نەبوو. جا ئەوەی ئێستا من کاری لەسەر دەکەم مێژووی خانەوادەکەمە لە خۆرئاوای هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا تاوەکو ئێستا (ئەوەی کە بەچاوی خۆم بینیومن)

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : چ کەشوهەوایەک هەڵدەبژێریت کاتێک کە دەنووسیت؟

وینۆنا بەیکەر : من دواجار دوای ئەوەی چوار منداڵی زۆر چاکم هەیە و گەورە بوون و ڕۆیشتن وەک "ڤیرجینیا وۆلف´دەڵێ هەموو ژنێک پێویستە ژوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. لەوێدا لە ئۆفیسە تێکەڵ و پێکەڵەکەم دەنووسم. هەندێک جار دەچمە مووبەق بۆ نووسین. من مرۆڤێکم میزاجم سبەینانە و حەزدەکەم سبەینان بنووسم. هاوسەرەکەم حەزی لە یاری گۆڵفە و دەچێتە دەرەوەو دەزانێت ئەو کاتانەی کە

www.dengekan.com



دەنووسم ئەمەوێت بەتەنها بم. دوانیوەڕوانیش دەتوانم ڕێکیان بخەم و بخوێنمەوە و وەرزش بکەم بەڵام سبەینان هی منە. بەلزاک ئەڵێت تۆ تەنها ژوورێکی بەتاڵ و قەڵەم و کاغەزت پێویستە بەڵام من کۆمپیوتەرەکەم دەوێت.

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : تانکا و هایکو لە بنەڕەتدا یابانین. ئەم ستایڵانەی شیعر نووسین هێشتا بواری ئەوەت پێدەبەخشن کە ببیە بەشێک لە شێوازی نووسینی تازە و مۆدێرن؟

وینۆنا بەیکەر : ڕۆلان بارت دەڵێت هایکو زامێکی قووڵ و کزە بە سەر زەمەنەوە. جارێکیان چەند ساڵ بەر لە ئێستا مشتومڕێک لەسەر هایکوی ئینگلیزی هاتە گۆڕێ سەبارەت بەوەی چۆن زمانی ئینگلیزی ناتوانێت هەندێک وشەی یابانی بگرێتەخۆ و ئەو شێوازە تەنها بۆ زمانی یابانی بێهاوتایە. تا ئێستا شەش کتێبی چاپکراوم هەیە.
هەورەکان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە ، دارەکانی بەقەوزا داپۆشراو ، تەنانەت بەردیش هەناسە دەدات " سەنریو"هایکون و کتێبەکانی لەودیوی بورجی ڕووناکی کەنار دەریا ، ژنێکی نیمچە سۆزانی، کاژ - پێدەشتی منداڵی شیعری ئازاد و گاڵتەئامێزن.

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : پەیوەندیەک هەیە لە نێوان شیعر و کۆمەڵگە. ئایا شیعرەکانت بەشێکن لە کۆمەڵگای کەنەدی یان تۆ تەنها شیعر بۆ خۆت دەنووسیت؟

وینۆنا بەیکەر : سەرەتا خودی خۆم حەز بە خوێنەرێک دەکەم کە شەیدای "ئەو شوێنە پێدەزانم"ی ئەلیزابێس بێت. من چ خوشک وبرا یا

دایک و باوک ئەگەر نووسیویانە و تەنانەت ئەوانەی لە ژیاندان دەشێ جیاواز بنووسن. لەو بڕوایەدام شیعر باش نییە لە چەکمەجەدا یان لە جێگای تردا هەڵبگیرێت تەنها کارەکانی "ئیمیلی دیکینسۆن" نەبێت کە تەنها یەکجار نیگەران بوو پێیان.

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : زەمەن(کات) کلیلی شیکردنەوەی شیعرە. تۆ چۆن لەگەڵ ئەم ڕەگەزەدا کاردەکەیت؟**

وینۆنا بەیکەر : کات زەفەرم پێدەبات. هەروەک لویس بۆگان دەڵێت"ناگونجێت شاعیرێک کەبەهەر زمانێک دەنووسێت خۆی لە تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیانی مرۆڤ بپارێزێت...وەک نەخۆشی و پیری و مردن".

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : زمانی ئینگلیزی هەموو ڕۆژێک لەخۆ تازەکردنەوەدایە. چۆن بەرخورد لەگەڵ دەستەواژە و وشە تەکنەلۆژییە تازەکان دەکەیت؟**

وینۆنا بەیکەر : هەندێکیان زۆر سەرنجڕاکێشن کە لە زمانەکانی ترەوە هاتوون، سیاسی، وەرزش، فاشن...تاد. هەندێکجار دەفتەرێکی تێبینی بچووکم لیستی ئەو وشە نوێیانەی تێدایە کە جێگاو شوێنێکیان هەیە لە فەرهەنگی زمانەوانی یۆنانی یان لاتینی کە دواجار هەندێکیان گومان لا دەبەن. بەڵام زمانی ئینگلیزی زمانێکی زۆر گەورە و سەخت و لەهەمان کاتیشدا هەوارگەیە.



**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ ) : چی دەڵێی سەبارەت بەو شاعیرانەی خۆیان بە مۆدێرنیست و پۆست مۆدێرنیست دادەنێن؟ مۆدێرنە بە لای تۆوە چییە؟**


وینۆنا بەیکەر : ئەوان ئازادن لەوەی چ ناوێک لەخۆیان دەنێن یا بینێن. یارییەکە هەر ئەو کاریگەرییەی هەیە کە بۆی ئاواتەخوازین "من ئەزانم شوێن چییە و بە ڕەسمی دەناسم، بەڵام ئەو شوێنە بەڕەسمی ناناسم کە هەندێک لەبارەیەوە ئەنووسن."

تێبینی :
سەنریو: جۆرە شیعرێکی یابانییە کە لە بونیاددا وەکو هایکو یە بەڵام گاڵتەئامێزە.
ئەم چاوپێکەوتنەم لە مانگی ئابی 2007 لەگەڵ وینۆنا بەیکەر ئەنجامداوە و هەر خۆشم وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی
لە گۆڤاری (ئاینده) ژمارە 78 ی ساڵی 2008 دا بڵاوبۆتەوە و لێرە جارێکی پیای چوومەتەوە.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی 1964 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەکنەلۆجیای لە ساڵی 1986 هەر لە کەرکوک تەواو کردووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە لە شاری هەولێر لە ساڵی (1983) و لە شاری کەرکوک لە ساڵی (1985). دوو کۆڕی شیعری تایبەتی کردووە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا لەساڵی 2001 و لە ساڵی 2010 . هەروەها کۆڕێکی تایبەتی شیعر لەکەرکوک لەساڵی 2012 .لە ساڵی 1987 لەگەڵ جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" دادەمەزرینن و بۆ ماوەی سێ ساڵ 12 ژمارە لە گۆڤاری "ڕابەر" دەردەکەن. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکاران لە کوردستان لەساڵی 1992. یەکێک بووە لەو پەنجا ئیمزاکەرانەی وەک دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەساڵی 1993 حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان دامەزراند. یەکێک بووە لە کادرە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق لە ساڵی 1998 . سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران - زمانحاڵی ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان" بووە لەنێوان ساڵانی 1992 – 1994 کەلەشاری هەولێر دەردەچوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا بووە لەنێوان ساڵانی 1997 – 2000 کەلەوڵاتی سوید دەردەچوو . جێی ئاماژەیە لەساڵی 1999 وە لەکاری سیاسی و حیزبی دوور کەوتۆتەوە و ئێستاش نزیک بە دوو دەیەیە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.



## پرۆفایلی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)



engekan.com

## کتێبە بڵاوکراوەکان

1- چرای شۆڕش شیعر (دەستنووس) لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر هەولێر 1989

2- دیوارەکان ئەڕوخێنین وەرگێڕانی بەشێک لە شیعرەکانی برێخت لە ژێر ناوی(دلاوەر حوسێن)(دەستنووس) وەرگێڕان لە عەرەبییەوە لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر هەولێر 1990

3- چاوم لێیە شیعر هەولێر 1992

4- چەند گۆرانی یەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە شیعر هەولێر 1992

5- ناميلكەی ( دەربارەی قانونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم ) لێکۆڵینەوە - دیداری سیاسی هەولێر 1993

6- ناميلكەی (با ئاوڕێک بۆ دواوە تەکانێک بێت بۆ پێشەوە) لەژێر ناوی(مارف عوسمان) مێژوویی - سیاسی لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق سلێمانی 1993

7- ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا شیعر دەزگای ئاراس 2005

8- بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ شیعر - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس 2006

9- گوڵە مۆرەکان منداڵان چیرۆک وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس 2006

www.dengekan.com



10-ئەڵاس شیعر - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس 2007

11-ئاکشن شانۆگەری - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس 2008

12- لولا و سەگەکەی منداڵان چیرۆک وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە 2009

13-دڵی سەرباز شانۆگەری وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس 2009

14-ڕاکشان لەتەنیشت تارمایی نیشتمانەوە شانۆگەری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک 2011

15- 14 شانۆنامە و 8 چاوپێکەوتن شانۆگەری وچاوپێکەوتن وەرگێڕان لەئینگلیزییەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم 2012

16- بەباوەشێک لەفەناوە نیشتمانی زویر ماچ ئەکەم شیعر یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک 2012

## کتێبی ئامادە بۆ چاپ

17- لەپەنای ئێوارەیەکی مەخمەلیدا..گووتمان دیدار و ووتار

18-لەژێر دووكەڵێكی ڕەشدا بیرەوەری كارەساتی ڕۆژی هەولێر
19-دوو شانۆنامەی مارینا ئیرینا فۆرنێس شانۆگەری – وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە
20-پاسارییەک گشت سبەینان ئەڵێت سڵاو چیرۆک بۆ منداڵان وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە
21-لەبەردەم خۆرئاوابووندا پێمەدگووتی خۆشم دەوێی كۆی شیعرەكانم 1983 - 2013


## پێڕست


1- پێشكەشە
2- وتەیەكی كورت
3- دیدار لەگەڵ نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریكی ئیان مەكئیوان
4- دیدار لەگەڵ شاعیر و ڕۆماننووسی كەنەدی مایكڵ كرامی
5- دیدار لەگەڵ ڕۆماننووسی مۆدێرنی ئێرلەندی – كەنەدی ئیما دۆنۆهیۆ
6- دیدار لەگەڵ ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمبێرتۆ ئێكۆ


www.dengekan.com




7- دیدار لەگەڵ ڕۆماننووسی ئەمریكی نۆرا ڕۆبەرتس
8- دیدار لەگەڵ ڕۆماننووسی ئەمریكی نۆرا ڕۆبەرتس
9- دیدار لەگەڵ سیاسەتمەدار و یاساناس و ڕۆمانووسی ئەمریكی جان گریشام
10-دیدار لەگەڵ ڕۆماننووسی ئەمریكی كریستین شات
11-دیدار لەگەڵ شاعیری ئەمریكی ج پاتریک لویس
12- دیدار لەگەڵ ڕۆماننووسی بەریتانی بەڕەچەڵەک هیندی سەلمان روشدی
13- دیدار لەگەڵ چیرۆكنووس و ڕۆماننووسی ئەمریكی جەنیفەر چەیس
14- دیدار لەگەڵ شاعیری نوێخوازی ئەمریكی جامی مەكارتی
15- دیدار لەگەڵ شاعیری كەنەدی وینۆنا بەیكەر